102

پەیامی زانایان

www.zanayan.org

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات

# مەلای کورد

## شوناس و پێگەو خزمەت و هەڵوێست

- زانایانی کورد و گرنگیدانیان بە لایەنی رۆحی
- مەلای کورد و گوتاری میانڕەوی
- مەلای کورد لە نێوان دوێنێ و ئەمرۆ
- مەلای کورد و کاریگەری لە کایەکانی ژیاندا
- رۆڵی حوجرەو زانای کورد لەخزمەتکردنی خاک و خەڵکی کوردستان



زانـــايان پەیامی
www.zanayan.org

ژمارە (١٠٢)
گەلاوێژی ٢٧٢١ك
صفـــر ی ١٤٤٣ھ
ئـــەیلولی ٢٠٢١م

گۆڤارێكی رۆشنبیری ئایینیە.. مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان دەری دەكات

# پەیامی زانایان و پەیامێك

یەكێ لە ئامانجە سەرەكیەكانی یەكێتی زانایان بایەخدانە بە بواری راگەیاندن، لەماوەی رابردوو گۆڤاری (پەیامی زانایان) تا ئێستا (١٠١) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوكراوەتەوە، ئەگەرچی بەهۆكاری جیا جیا ماوە ماوە وەستاوە، بەڵام لەبەر پێویستی و گەیاندنی پەیام و هەڵوێستەكانی زانایان لە لایەك، بڵاوكردنەوەی بابەت و توێژینەوەی زانایانی ئایینی و گەیاندنی بەرای گشتی لەلایەكی ترەوە، بە پێویستمان زانی (پەیامی زانایان) بە شێوەی وەرزی و ئەلیكترۆنی ودواتریش بەگرێدانی چەند ژمارەیەك لەچوارچێوەی كتێبێك چاپ بكرێ، وەك ئەرشیف و دیكۆمێنتكردنی توێژینەوەو بابەت و فەتواو زانیاریەكان گۆڤاری (پەیامی زانایان) وەك سەرچاوەیەكی گرنگ و مێژوویی، بكەوێتە بەر دەستی خوێنەران.

هەر لێرەشەوە دەخوازین ئەوانەی ئارەزووی بابەت بڵاوكردنەوەیان هەیە لەو گۆڤارە، رەچاوی ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە بكەن:

**یەكەم**: بابەتەكان پوخت و پەیامدارو زانستی و بەپێزو بن و بە نووسینێكی رەوان و رێكەوە بنێردرێن.

**دووەم**:پێشتر بڵاو نەكرابێتەوەو ئەدرێسی تەواوی هەبێت.

**سێیەم**: ستافی (پەیامی زانایان) مافی دارشتنەوەو دەستكاریكردنی بابەتەكانی هەیە.

**چوارەم**: (پەیامی زانایان) مافی پاراستنی بابەتەكان لە ئەستۆ دەگرێ، بڵاو بكرێتەوە یان نا، لەوانەشە هەندێ بابەت بەهۆی دۆخ و زەمەن و تەوەر پێش و پاش بكرێن.

**پێنجەم**: پێویستە بابەتەكان زیاتر لە چوارچێوەی دۆسیەی دیاریكراو دابن.

**شەشەم**: (پەیامی زانایان) بەرپرس نیە لە راو بۆچوونی نووسەران.

**خاوەنی ئیمتیاز**

د. عبداللە مەلا وەیسی گرتكی
amalazada@gmail.com

**سەرنووسەر**

مەلا عبداللە شێركاوەیی
Sherkaway83@gmail.com
07504632715

**سەرپەرشتی و هەڵسەنگاندن**

پ.د.حسن شێخ خالید موفتی
د. عومەر مەلا حسن مرۆ
د. جەعفەر گوانی

**راوێژكاران**

مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی
د.عرفان رشید شەریف
د. محمد نصراللە هەورامانی
د.أنس محمد شەریف دۆسكی
مامۆستا مەلا حسن خۆشناو
مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵەیی
مامۆستا مەلا نجم الدین شەمساوا

E_mektebzanayan@gmail.com
www.zanayan.org
دیزاین و بەرگ: عبداللە أحمد

ناونیشان: هەولێر – شەقامی شێست مەتری سێرپانی رێگەی موسل – بارەگای مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان

## دۆسیەی ژمارە

# مەلای کورد..

## شوناس و تایبەتمەندی .. پێگەو هەڵوێست .. خزمەت و ڕۆڵ و کاریگەری.. ئەرك و ئامانج


** زانایانی ئایینی و خزمەتی ئاوێتە بە هەڵوێستی کوردانە........................... د.عبداللە مەلا وەیسی گرتکی

** زانایانی کورد و گرنگیدانیان بە لایەنی ڕۆحی.......................................... پ.د.حسن موفتی

** مەلای کوردو هەڵوێستی نەتەوەیی و پرسە نیشتمانیەکان................................. مەلا جەلال خەیلانی

** مەلای کوردو شوناس و پێگەو خزمەت و تایبەتمەندی و هەڵویست.................... د. عمر مەلا حسن مرۆ

** مەلای کوردو ڕابەرایەتی و پێشەنگی لە ئەرك و پیشەو پێگەدا............................. د.عـــــرفان رشید

** مەلای کوردو گوتاری میانڕەوی................................................. مەلا عبداللە شێرکاوەیی

** پێگەی مەلای کوردو خزمەت و خۆشەویسی لەناو کۆمەڵگە.............................. مەلا ملحم محمد صالح

** مەلای کورد ناسینی شوناس و پارێزگاریکردن لە ناسنامە.................................د. جەعفەر گوانی

** مامۆستای ئایینی لە نێوان زانای ئایینی و مەلای ئایینی دا.............................. مەلا حسن محمد خۆشناو

** ڕۆڵی حوجرەو زانای کورد لەخزمەتکردنی خاك و خەڵکی کوردستان..................... د.جمیل عەلی سورچی

** ئێستاو ڕابردووی (مەلا) لە کۆمەڵگەی کوردیدا ........................................ مەلا محمد تاوەگۆزی

** مەلای کورد و کاریگەری لە کایەکانی ژیاندا............................................ مەلا صلاح الدین باقر

** مەلای کورد لە نێوان دوێنێ و ئەمرۆدا................................................ مەلا ئاراس ڕواندوزی

** ڕۆڵی مەلا کورد لە پەرەپێدانی هەستی یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان................ مەلا ئیدریس ژاڵەیی

** خوێندنی مەلایەتی و گرنگی مۆڵەتی زانستی............................................ مەلا کەمال ئەمین گوڵپی

** وێژەو ئەدەب لای زانایانی کورد............................................... د. عبداللە مەلا ئەحمەد ئەحمەئاوا

## بەیاننامەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە بۆنەی ٥١ ساڵەی دامەزراندنیەوە

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**((وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ )) الأنفال:٤٦.**

بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و ٥١ ساڵ خزمەت و تێکۆشان لەمەیدانی ئایینی و بزاڤی نەتەوەیی، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی گەلی کوردو تەواوی زانایانی بەڕێزی ئایینی دەکەین.

یەکێتی زانایان وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی لە ١٩٧٠/٩/٢١ لەهەل و مەرجێکی تایبەت و لە پێناو خزمەتی ئیسلام و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و خزمەتی زانایانی ئایینی و کۆکردنەوەیان لەدەوری یەک ڕێکخراودا لە شارۆچکەی گەلاڵەی باڵەکایەتی، لەژێر ئاڵای کوردستان و لەسەر راسپاردەو سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرکردەی نەتەوەیی مەلا مستەفای بارزانی دامەزرا .

لەم ساڵیادە رایدەگەیەنین بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیشەیی و ئایینی و نیشتیمانی و نەتەوەییانەی ڕێکخراوەکەی بۆ دامەزراوە بەردەوام دەبین و، بە هەموو تواناو هەوڵێك لە خزمەتی کۆمەڵگەی کوردستانی و زانایانی بەڕێزی ئایینیو داکۆکی لە مافەکانیانو بەرپرسیارێتی قۆناغەکەو، پارێزەرو داکۆکیکاری ئیسلام و کاری پیشەیی خۆمان دەبین

شانازیەکی گەورەیە بۆ یەکێتی زانایان کە وەک چەتری کۆکەرەوەو سەکۆی ڕۆڵ و کاریگەریو پێگەی مەلاو زانایانی ئایینی لە کوردستان، بەردەوام لەخزمەت پەیامی جوانی ئیسلامو ڕێبازي کوردایەتیو نیشتمانپەروەری و بەرەو پێشبردنی کوردستانو ئەزموونەکەی دابووەو ڕۆڵی کاریگەری گێراوەو بە شێوازی پیشەییانە پەیامی خۆی لەبواری چاکسازی و دۆزینەوەی چارەسەر گەیاندووە، بۆیە لێرەشەوە خوازیارین حکومەتی هەرێم خێراترو شمولیتر کار لەسەر هەنگاوەکانی پرۆژەی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجیەکان بکات و ئاوڕی جدیتر لە گوزەرانی هاوڵاتیان بەگشتی و زانایانی ئایینی بەتایبەتی بداتەوەو، پاڵپشتی زانایان بێت لە پاراستنی ئایین و عەقیدەو سنوورو بەها ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ڕەوشی دینداری لەهەرێم.

وێڕای شانازی کردنمان بەم یادەو خۆشحاڵیمان بەوەی کە تا ئاستێکی زۆر توانیومانە بە ئەرکی سەر شانمان هەڵبستین، ڕۆڵی زانایان لە ڕابردوو و ئێستادا بۆ خزمەتە بەردەوامەکانیان و هەروەها ڕۆڵی فەتوا لەسەر هەردوو ئاستی ئایینپەروەری و نەتەوەیی لەسەرتاسەری کوردستان بەرز دەرنرخێنین، کە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەو بەرەو پێشبردنی یەکێتی زانایانو هۆشیاری کۆمەڵایەتیو بڵاوکردنەوەی میانڕەویو بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی و پاڵپشتی هەڵوێستو هەنگاوە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، هەروەک درورد بۆ گیانی سەرجەم زانایانی کۆچکردوو بەتایبەت ئەوانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەفاتیان کردووە دەنێرین.

هاوکات لەگەڵ ساڵیادی یەکێتی زانایان لەوادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق نزیك دەبینەوە، کە ئومێدمان وایە ئەم پرۆسەیە بەباشترین شێوە بەڕێوە بچێتو، کوردستان بەرەو ئایندەیەکی گەشترو پڕ ئومێدتر بەرێت، لەو چوارچێوەدا دڵنیاین مامۆستایانی ئایینی لە ئەنجامی خەمخۆریان بۆ ئایینو گەلو وڵاتەکەیان لە وتارو هەڵوێستەکانیان بە وردی جەخت لەسەر پێویستی یەکریزیو تەبایی لایەنە سیاسیەکان و نێو ماڵی کوردو برایەتیو پێکەوەژیانو ڕێزگرتنی نێو کۆمەڵگە دەکەنەوە.

دووبارە ئەم یادە لە هەموو لایەك پیرۆز دەکەین و، بە هیوای ئایندەیەکی گەشو پڕ لە ئاشتی و برایەتی بۆ کوردو کوردستان، خوای گەورە پشتیوانی هەمووان بێت و ئەم پەتاو نەخۆشیەش بەکۆتا بێت .

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠ی٩ی٢٠٢١**

# زانایانی ئایینی و
# خزمەتی ئاوێتە بە هەڵوێستی کوردانە

**د. عبدالله مەلا وەیسی گرتکی**

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



یەکێ لە سیماو تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردی و کاروانی زانستی و رێبازی کوردایەتی وجودی زانایانی ئایینیە، کە دەتوانین بڵێین خەمخۆرترین و پاکترین توێژی کۆمەڵگەو رابەری دینداری خەڵکی کوردستانن، ئامانجی ئەوان هەمیشە ستراتیژی و گەورە بووە، لەسەرپەرشتی کردنی رەوشی ئایینی و ئاراستەکردنی موسڵمانانی کورد بەرەو رێڕەوی دینداری راستەقینەو، پاراستنی کیان و کۆمەڵگە لە لێشاوی لادان و ترازان و دارمانی رەوشتی و هەڵوەشانەوەی نەریتە رەسەنەکان.

لەو چوارچێوەیەو لەوەتەی نەتەوەی کورد پەیڕەوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکات زانایان رۆڵی پێشەنگیان لەخزمەتی ئیسلام و رابەرایەتی کۆمەڵگەو راپەڕاندنی کاری چاکەو رێنمایی کردنی خەڵك بینیوە، سەرەڕای ئەرکی ئاینی خۆیان بەشداری هەموو خۆشی و تاڵیەکی ژیانی خەڵکیان کردووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بۆ ئامۆژگاری و نوێکردنەوەی خۆشەویستی لە ژیانی ئەواندا رۆڵیان گێڕاوەو ئارامی و ئاشتیان بۆ نێو خەڵك گێڕاوەتەوە، بە ئومێدی پتەو کردنی شیرازەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و سڕینەوەی شوێنەواری هەر گرژیەك ڕووی دابێت.

ئەمەش وای کردووە هەر لەکۆنەوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەوپەری رێزو تەقدیر بۆ ئایین و زانایانی ئاینی دابنرێت، گەر بە شێوەیەکی ورد سەیری مێژووی پر سەروەری مەلای کورد بکەین دەبینین کە لە تێکرای شۆڕشە یەك لەدوایەکەکانی کوردستان رۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە، بگرە رابەرایەتی شۆرشەکانیان کردووە، بەنموونە لە شۆڕشی ئەیلولدا مەلای کورد یەکەم چەکی راستگۆیی بوون لە کوردستان کە پشتی شۆرشیان گرت و هەموو کاتێك بەرگریان لە مافی چەوساوەکان کردووە، رۆڵێکی سەرکەوتوویان نواندوە لەزۆر بوارەکاندا، بەتایبەتی لە هاندانی رۆڵەکانی کوردستان لە پشتگیری کردنی شۆڕش و گەشەدان بە بواری خوێندن و بنبڕکردنی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، تا کار گەیشتە ئەوەی کە مەلای کورد بە گیانی بەرگریکردن لە خاکی کوردستان بە شداری بەرچاویشی هەبێت لە بەرەکانی شەردا، بەرامبەر بە دوژمنی داگیر کەر!

بۆیەش بەدەیان مەلای کورد ژیانی ئاوارەییان هەڵبژاردو شان بە شانی پێشمەرگەی کوردستان چەکی شەرەفیان خستە شان و لەم پێناوەشدا چەندین شەهیدیان دا، دەیانی تریش لە مەلای کورد بەدەستی رژێمی بەعسەوە زیندانی و بێ سەرو شوێن کران و بەشێکی تریش دوو چاری ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر هاتن و پەیوەندییان بە رێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد.

زانایانی ئاینی ئەگەرچی ڕووبەڕووی زۆرێك لەبەربەست و موعانات و تانەو تەشەری ئەملاو ئەولاش بووبنەوە، بەڵام وەك هەست کردن بەئەرکی سەرشانیان و بەرپرسیارێتی هەمیشە لەسەنگەری تێکۆشان و خزمەت کردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کێشەی ڕەوای گەلەکەیان بوون، لەم سۆنگەشەوە زۆرترین خزمەتیان پێشکەش کردووە و سوودو قازانجی زۆریشیان

**هیچ کات پەیامی زانای کورد پێچەوانەی مەبەستەکانی شەرعو واقع و بەرژەوەندی و چارەنووسی نەتەوەی خۆیان نەبووە**



گەیاندۆتە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد.

بەردەوامیش بەدەربڕینی هەڵوێست و ئامۆژگاری و وتە پڕ نرخ و تەوجیهاتەکانیان ویستویان پەیامێکی ستراتیژی هاوچەرخانەی پڕاوپڕ لەئاشتی و یەکڕیزی و پێکەوە ژیانی برایانە و کارکردن بۆ بەرەو پێشەوە بردنی رەوشی نەتەوەی و هۆشیاری نیشتیمانپەروەریێتی و بڵاوکرنەوەی دادپەروەری و گیانی لێبوردەی و بەرقرارکردنی ئەمن و ئاسایش لەو وڵاتە تەرح بکەن، لەبەرانبەریشدا هەوڵیانداوە بیری توندڕۆیی و دووبەرەکی و خۆسەپێنی و زوڵم و هەموو ئەو بەربەست و ناهەمواریانە وەلا بنێن، کە لەبەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆیاندا نەبووە، هەر بەنمونە لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی گروپی توندڕەوی داعش زانایانی ئایینی بوونە قەڵغان و پارێزەری کوردستان و بە پاڵشتی پێشمەرگەو بەرزکردنەوەی ورەی هاوڵاتیان و شیکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی داعش و هەڵوەشاندنەوەی تەلسمی فکری و تێڕوانینە چەوتەکانیان و تەنانەت بەشداری راستەوخۆی بەرەکانی شەڕو پارێزگاری لە کوردو کوردستان، بڵانسی سەرکەوتنی کوردو سەنگەری خەباتی نیشتمانیان سەرخست و بوونە هەوێنی تۆماری مێژوویکی پڕ لە دەسکەوت و شانازی گەلەکەمان.

بەم هەست و ڕێبازەی خزمەتیشیانەوە مەبەستیان تەنها ئەوە بووە، کە ببنە پردی پەیوەندی نیوان ئیسلام و نەتەوەی کورد بێ هیچ مەبەست و ئامانجێکی سیاسی لەلایەك و، پەروەردە کردنی رۆڵەکانی ئەم گەلەش بە هزری ئاینپەروەری و نەتەوەپەروەری، تەنها تەنها بۆ دروستکردنی تاکێکی هۆشیار لەلایەکی ترەوە، کەهەست بە بەرپرسیارێتی نەتەوەی و پاراستنی دەسکەوتە نیشتیمانیەکان بکات و وەك کوردێکی موسڵمان لەبەرامبەر کێشەو مەسەلە هەستیارەکان بوەستآ.

زانایانی ئاینی تائیستاش خاوەنی پێگەیەنی گەورەی کۆمەڵایەتین و بگرە لەسەر هەر کێشە و پێش هاتێك دەتوانن زۆرترین رای جەماوەر دروست بکەن و موشارەکەی چارەسەریانەی بێ ئەنجام بدەن، هەمیشە لەمینبەری مزگەوت و ڕاگەیاندن و وتارو نوسینەکانیان ئاراستەی پەیام و بۆچونیان بۆ بیناکردنی تاکێکی سوودمەند بووە، بۆ دوا رۆژ و دروست کردن و قەناعەت پێکردنی کۆمەڵگەش بووە، کە پێویستە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە بەرچاو بگرن، هیچ کات پەیامی زانای کورد پێچەوانەی واقع و بەرژەوەندی و چارەنووسی نەتەوەی خۆی نەبووە، هەر ئەوەش وای کردووە کوردستانی ئازیز وەك ناوەندێکی پابەند بە ئیسلام و خزمەت کردنی کلتوری ئیسلام لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوین وەك ناوەندێکی کاراو پەرێز پاك و دروست و رەسەنەوە هەژمار بکرێ.

بوونی دەیان سەرکردەی ئاینی و زاناو ئەدیب و شاعیر، بەڵگەی ڕاستی ئەو قسەیەی سەرەوەن، لە پاڵ هەموو ئەوانەشدا لە هەرچی بۆنەو یادو مەراسیمی ئاینیی هەیە زانایانی ئاینی جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی ئاشتی و برایەتی و

**زانایانی ئاینی جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی ئاشتی و برایەتی و یەکسانی و دادپەروەری و میانڕەوی و پێکەوە ژیانی دۆستانەیە.**

یەکسانی و دادپەروەری و میانڕەوی و پێکەوە ژیانی دۆستانەیە، ئاینی پەروەردە کردنی دەرون و جەستەیە لەسەر دروستترین ڕێباز، کە خزمەت بە دەوروبەر بگەیەنێ، ئاینی بینا کردنی هزرە بە شێوازێك، کە بەرژەوەندی نەتەوەیی و کۆمەڵگە لەبەر چاوو بگرێ.

روئیابینی زانایان لەوەدا خۆی بینیوەتەوە، کە وردو زانستیانە شرۆڤەی دەقەکان بکەن و لەسەر ئەرزی واقع بەرجەستەی بکەن، ئەمەشیان بۆ بەکارهێنانی ئیسلام بە ئەرکێکی گرنگء پیرۆز زانیوە، بۆ ئەوەی تاکی کورد هۆشیارو رۆشنبیر ڕابگرن و تووشی بە هەڵە تێگەیشتن لە ئاین نەبێت و نەکەوێتە ژێر نیری عاتیفەو توندڕەویەوە، بۆیەش یەکێ لە هۆکارەکانی پشت بەکارنەهێنانی ئایین بۆ ئامانجی کەسی و تایبەتی، وە نەرۆیشتنی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی توندڕەوی و هەبوونی هەستی میانڕەوی لای تاکی کورد هەست و هەڵویستی زانایانی ئایینی بووە، چونکە ئەوان بەو پەڕی لێبوردوویی و ماندوو نەناسانە خزمەتی خەڵکی کوردی موسڵمان دەکەن و، بە وتارو ئامۆژگاری و ئاوەدانی مزگەوتەوە جوانترین نمونەی برایەتی و پێکەوە ژیان و یەکسانی و یارمەتی هەژاران و رۆحیەتی ئاینپەروەری و نەتەوەپەروەری بڵاو دەکەنەوە.

لەبەر مێژووی پڕ لە سەروەری مەلای کوردو کاریگەری گرنگی بەسەر گۆمەڵگەوە، دۆخی ئێستا وا دەخوازێت کە کار بکرێت بۆ



پێداچوونەوەیەکی جدی بەرامبەر ئەم توێژە هەستیارەی نێو کۆمەڵگەی کوردی لە دوو لایەوە:

یەکەم: زانایانی ئایینی خۆیان بە خاوەنی رێبازی رەسەنی مەلای کورد بزانن و لە سایەی ئەزموونی دەوڵەمەندی گەورە زانایان و راگرتنی سەنگ و بەهای پیشەیی، بە نەفەسێکی درێژو هەست و ئیخلاسێکی پتەو و ئیرادەیەکی بەرزی یەکگرتووی لەسەنگەری بەرگری پاراستنی ئەو رێڕەوە پیرۆزە بن، کە وەك میراتێکی گەورە بۆ ئێمە مانان زانایانی ئایینی ماوەتەوە، بەواتایەکی تر خۆمان دارێژەری ستراتیژی واقعبینی و هاوچەرخ و بابەتیانەی خۆمان و، پارێزەری دەسکەوتە زانستی و پیشەییەکان بین.

دووەم: لایەنی پەیوەندارو حکومەتی هەرێم هەوڵی پاڵپشتی پتری زانایان بدەن، بۆ ئەوەی هەوڵ و هەنگاوە دڵسۆزەکانی زانایانی ئایینی سەر بگرێت و، دەست کراوەتر بتوانن دیفاع لە ئەزموون و کیان و رەوشت و رەسەنایەتی میللەتی کورد بکەن و لەم قۆناغە لەهەموو روویەکەوە ئەم نەتەوەیە بپارێزن.

**زانایانی ئاینی ئەگەرچی ڕووبەڕووی زۆرێك لەبەربەست و موعانات و تانەو تەشەری ئەملاو ئەولاش بووبنەوە، بەڵام وەك هەست کردن بەئەرکی سەرشانیان هەمیشە لەسەنگەری تێکۆشان و خزمەت کردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کێشەی ڕەوای گەلەکەیان بوون، لەم سۆنگەشەوە زۆرترین خزمەتیان پێشکەش کردووە**

# زانایانی کورد و گرنگیدانیان به لایەنی ڕۆحی
## (زانستی تەصەووف و ئەدەبی عیرفانی)



**نووسینی: پرۆفیسۆر دکتۆر حەسەن موفتی**

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

به ناوی خودای بەخشیندەی دلۆڤان

الحمد لله رب العالمين، والصّلاة والسَّلام على أشرفِ الأنبياءِ والمُرسلين سيّدنا مُحمَّدٍ وعلى آله وصحبه أجمعين وتابعيهم بإحسان إلى يوم الدين وبعد:

سەرەتا پێویستە بڵێین: ڕوونە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم: بریتییە لە بیروباوەڕ کە زانستی عەقیدەی ئیسلامی گرنگی پێ دەدات. بەشی دووەم: بریتییە لە ناسینەوەی حەڵاڵ و حەرام، ئەمیش لە چوارچێوەی زانستی فیقهی ئیسلامیدا خۆی دەبینێتەوە. بەشی سێیەم: بریتییە لە بەرجەستەکردنی ڕەووشتە جوانەکان کە لە چوارچێوەی زانستی تەصەووفدا خۆی دەنوێنێت. وەك زانایانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی ڕوونیان کردووەتەوە.. بڕوانە: علم أصول الفقه للشيخ عبد الوهاب خلاف: ص١٥، الوجيز في أصول الفقه للدكتور عبد الكريم زيدان: ١٦٣/١ــ١٦٤.

بەڵێ، زانستی تەصەووف واتە زانستی ئەخلاق ، لەو ڕووەیشەوە پێشەوا (الشيخ الحافظ أبو إسماعيل عبد الله الهروي الحنبلي: (ت٤٨١هــ): لە کتێبی (منازل السائرين)یدا (٥٩/١) لە زانستی تەصەووفدا، (ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٨م). دەفەرموێت: « واجتمعت كلمة الناطقين في هذا العلم أن التصوف هو الخلق وجماع الكلام فيه يدور على قطب واحد وهو بذل المعروف وكف الأذى، وإنما يدرك إمكان ذلك في ثلاثة أشياء، في العلم والجود والصبر»، شێخ ( ابن القيم (ت ٧٥١هــ) لە ڕاڤە و شیتەڵکاری وتەکەیدا لە کتێبی (مدارج السالكين: ٣١٧/٢) دەڵێت: «فهذه ثلاثة أشياء: بها يدرك التصوف، والتصوف: زاوية من زوايا السلوك الحقيقي، وتزكية النفس وتهذيبها لتستعد لسيرها إلى صحبة الرفيق الأعلى ومعية من تحبُّه، فإن المرء مع من أحب، كما قال (سمنون(ت٢٩٧هــ): ذهب المحبون بشرف الدنيا والآخرة، فإن المرء مع من أحب ».

بۆیە زانستی تەصەووف بریتییە لە: پەیڕەوکردنی ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام، بە واتایەکی تر، بریتییە: لە کۆمەڵە بنەما و بنچینەیەك کە بە هۆیانەوە مرۆڤ پەیوەندی ئیمانی دەبەستێت لە تەك پەروەردگاریدا، واز دەهێنێت لە هەموو کردەوەو ڕەوشتێکی ناپەسەند، پیادەی هەموو ڕەوشت و کردەوەیەکی پەسەند دەکات، کە زانایانی تەصەووف بەو پرۆسە دەڵێن: (التخلّي عن الرّذائل والتحلّي بالفضائل) بڕوانە: (مدارج السالكين لابن القيم بتحقيق : محمد حامد الفقي (فصلٌ: الدين كله خلقٌ فمن زاد عليك في الخلق زاد عليك في الدين وكذلك التصوفُ): (٢ / ٣٠٧) (ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٨م)، دائرة المعارف الإسلامية، الدكتور أحمد الشنتناوي وابراهيم زكي خورشيد،عبدالحميد تونس.، ط١، دار الفكر ، بيروت ــ لبنان: (٣٨٠/٥).

کەواتە: تەصەووف بانگەشە کردنە بۆ گرتنە بەری ڕەوشتە بەرزەکان وەك خودی زانایانی تەصەووف باسیان فەرمووە لەوانە پێشەوا: (الإمام الحافظ أبو القاسم القشيري)(ت٤٦٥هــ): لە (الرسالة القشيرية (باب التّصوف) بتحقيق الدكتور عبد الحليم محمود، ومحمود بن الشريف ، طبعة دار الكتب الحديثة، القاهرة سنة١٩٧٤م): (١٢٦/١) وەك دەفەرموێت: « سمعت محمد بن أحمد بن يحي الصوفي يقول: سمعت (عبد الله بن علي التميمي) يقول: سئل (أبو محمد الجريري) عن التصوف، فقال: الدخول في كل خلق سني والخروج من كل خلق دنيّ». بۆ زیاتر ئاشنابوون لەو بابەتە بگەڕێڕەوە بۆ دانراومان: پێگەی زانستی تەصەووف لە بازنەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ص: ٢٠. چ ١، هەولێر.

زانستی تەصەووف لە زاراوەی قورئانی پیرۆزدا ناوبراوە بە (تزكية النفس) واتە: پاڵفتەکردن نەفس، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: {قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا}(سورة الشمس ــ ٩ ــ١٠). واتە: بە ڕاستی ڕزگاری بووە کەسێك پاڵفتەخواز بێت، ڕێگەی تەصفییەی قەلب و ئاڵفتەکردنی نەفس دەروونی خۆی گرتبێتە بەر، هەروەها خەسارەتمەند و فەوتاوە لە پاشەڕۆژدا کەسێك کە جڵەوی شل کردبێت بۆ ئارەزووبازی نەفس و هەڵنەستابێت لە دونیادا بەو پاڵفتەکردنە. کە بێگومان ئەو پاڵفتەکردنەش تەنها لە ڕێگەی زانستی

تەصەووف و ئەخلاقەوە بەرجەستە دەبێت. هەر بۆیە زانایانی ئیسلام بە گشتی و زانایانی کورد بە تایبەت ئەو ڕێبازەیان گرتە بەروو لێەوە بەهرەمەند بوون..لە جێیەکی تردا قورئانی پیرۆز زانستی تەصەووفی ناو بردوە بە (مجاهدة النفس)، واتە: کۆشش کردن لە تەك نەفس دا بە مەبەستی پاڵفتەکردنی لە ڕەووشە نا شیاوو نا پەسەندەکان، وەك دەفەرمۆێت: {وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ}(سورة العنكبوت: ٦٩).

لە زاراوەی فەرموودەکانی حەزرەتیشدا (ﷺ) ناوبراوە بە (تصفية القلب) یاخود (إصلاح القلب) وەك لە فەرموودەیەکی (صحيح) دا هاتووە کە النعمان بن بشير(رضي الله عنه) بۆمان دەگێڕتەوە کە پێغەمبەر: (ﷺ) فەرمویەتی: " أَلا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلا وَهِيَ الْقَلْبُ" بروانە: (صحيح البخاري، باب فضل من استبرأ لدينه: (١/٩٠) برقم (٥٠) (بتحقيق: د.مصطفى ديب البغا، ط٣، دار ابن كثير، ودار اليمامة، بيروت- لبنان، ١٤٠٧هـ- ١٩٧٨م)، صحيح مسلم باب أخذ الحلال وترك الشبهات: (٨/٢٩٠) برقم( ٢٩٩٦) (بتحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار احياء التراث العربي، بيروت- لبنان). واتە: ئاگادارتان دەکەمەوە کە لە نێو جەستەی مرۆڤ دا پارچە گۆشتێك هەیە ، ئەگەر چاك و ئیصلاح کرا هەموو جەستەی مرۆڤەکە پاك و ئیصلاح دەبێت، بە پێچەوانەیشەوە ئەگەر خراپ و ئیفساد کرا تێکڕای جەستەو دەروونی مرۆڤەکە خرا دەبێت، ئاگاداربن کە ئەو پارچە گۆشتەش بریتییە لە (دڵ).

هەر سێ زاراوەی (شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت)یش بە زاراوەکانی (الصبر ، المصابرة ، المرابطة) قورئان ناوی بردوون وەك ئیمامی (البيضاوي) لە تەفسیرەکەیدا بۆمان باس دەکات لە ڕاڤەی ئایەتی پیرۆزی:{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ}(سورة آل عمران: ٢٠٠) بروانە: (تفسير القاضي البيضاوي مع حاشية شيخ زادة الحنفي: (٢/٢٠٠) (ط١، مكتبة الحقيقة، استنبول، تركيا. ١٩٩٤م).

لەبەر ئەم گرنگیدانەی قورئان و سوننەت بە زانستی تەصەووف ، هەر لە مێژە زانایانی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا لەگەڵ گرنگیدانیان بە عەقیدە و فیقهی ئیسلامی و شارەزابوونیان لە دەقەکانی شەریعەت، گرنگی تەواویان داوە بە زانستی ئەخلاق و تەصەووف و عیرفان، ئەو زانستە پیرۆزەیش بە هەرسێ بەشەکانی( المقامات والمدارج، الأحوال، الاصطلاحات) لە هەڵسوکەوت و کردار و تەنانەت ئەدەب و وێژەو ووتاریشیاندا هەروەها لە نوسین و دانراوەکانیشیاندا بە زەقی



ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە لە ئاسمانی ساماڵی کوردستاندا دەیان عاریف و صۆفی و خواناس و مورشیدی گەورەی ڕێگەی خوداناسین بە درێژایی مێژووی ئیسلامی هەڵکەوتووە.

بۆ دەرکەوتنی ئەو حەقیقەتە ئەگەر بە خێرایی چاوێك بخشێنینەوە بە سەرچاوەکانی زانستی تەرجەمەو تەبەقاتدا بە گشتی و تەبەقاتی زانایانی تەصەووفدا بە تایبەت لەوانەیش: ( الرسالة القشيرية) مع شرحها لشيخ الاسلام زكريا الانصارى، (حلية الأولياء وطبقات الأصفياء) للحافظ أبي معيم الأصفهاني، (طبقات الصوفية) لأبي عبد الرحمن السلمي، (طبقات الأولياء) لابن الملقن، (طبقات الصوفية = طبقات المناوي) لزين الدين المحدث المناوي، (الطبقات الكبرى والصغرى) لأبي المواهب الشعراني) (جامع كرامات الأولياء) للنبهاني، (علماؤنا في خدمة العلم والدين) للعلامة عبد الكريم المدرس، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چەندە زانایانی کورد بەشی شێریان هەبووە لە زانستی تەصەووف و ئەدەبی عیرفانیدا، کە دەیان عاریفی گەورەیان لەو بوارەیشدا تیادا هەڵکەوتووەو سەدان دانراوی تەصەووفی بەسوودیان نوسیوەو شیتەڵکارییان بۆ ئەو زانستە کردووە. بەڵکو دەتوانم بڵێم: هیچ زانایەکی کورد نەبوە کە صۆفی نەبوبێت و لە یەکێك لە سەرچاوە شیرینەکانی تەریقەتەکانی: سورەوەردی یان قادری یان نەقشبەندی یان مەولەوی یان ڕیفاعی و ..هتد خۆی ئاواشتە نەکردبێتەوەو بەهرەمەند نەبوبێت، هەروەها بە پێی بە دواداچوونم بۆ زانستی تەبەقاتی زانایان دەتوانم بڵێم کە هیچ زانایەکی کورد نەبووە کە لە بواری نوسیندا کارا بوو بێت ئیللا دانراوێك یان زیاتری هەبووە لە زانستی تەصەووف و ئەدەبی عیرفانیدا.. هەمان ڕاستیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەگەر تەماشای لاپەڕەکانی سەرچاوەکانی تایبەت بە زانستی (تراجم الكتب والمصنفات والمؤلفين)بکەین، لەوانە: (كشف الظنون) لە دانراوی الكاتب الحلبي(حاجي خليفة)، (هدية العارفين و إيضاح المكنون) هەردووکیان

هی پێشەوا ئیماعیلی کوڕی میر سەلیمی بابانی، (أسماء الكتب) لە دانراوی شێخ زادە ناسراو بە لوتفی، (اكتفاء القنوع) لە دانراوی ادوارد کرنیلیوس فاندیك ، (أبجد العلوم) أبو الطيب القنوجي، (معجم المطبوعات العربية والمعربة) يوسف بن إليان بن موسى سركيس (الرسالة المستطرفة) ابن أبي الفيض الكتاني، و جگە لەمانەیش.

لە دیارترینی زنجیرە زانایانی تەصەووف لە کوردستاندا:

(سورەوەردییەکان، شارەزوریەکان، دێنەوەریەکان، جزیریەکان، قەرەداغیەکان، بەرزنجییەکان، هەوارامانیەکان، ئەردەڵانیەکان، ئەربیلیەکان، سنەییەکان، دیاربەکریەکان، هەمەدانیەکانە) جگە لە دەیان عاریف و خواناسی کورد کە لە تەواوی دونیای ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە، لەوانەیش: ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق و شام و میسرو یەمەن و ئەردون و حیجاز، هەروەها ناوچە تورکنشین و فارس نشینەکانی تورکیاو ئێران بەگشتی.. دیسان بوونی دەیان مەلای کوردی بلیمەتی هەڵکەتووی ناوازەی عاریف و ئەدیب و شاعیری عیرفانی ناسراو و بەرزی وەك: (مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و مەولانای شارەزوری و مەولەوی تاوگۆزی و مەلا خدری نالی و مەحوی و فەوزی و وەفایی و سەیدا و بێسارانی و ..هتد). کە لە دیوانەکانیاندا عەشقی حەقیقی بەرجەستە بووە دەری دەخات کە زانایانی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ خولیان دیوانی عەشقو ئەوینی حەقیقی بوون، ڕێوار و سالیکی ڕێبازی پڕ بایەخی تەصەووف بوون، ئەو بەهرە گەورانەی کە هەیان بووەو هەیانە لەو مەسلەکە ڕۆحییەوە دەستیان کەوتووە.

لەم دەرفەتە کورتەدا تەنها وەك نمونە: زانای دانا مەلا سید عبد الرحيمی مەولەوی تاوگۆزی شاعیری گەورەی کوردستان و فەیلەسوفی جیهانی ئیسلامی لە عەقیدە ناوازەکەیدا (عەقیدەی مَرْضِيّة) بە شەرح و لێکۆڵینەوەی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس (مبحث الأئمة في الأصول والفروع والطريقة وأقطابها) دەفەرموێت:

لە ئەسڵی دیندا دوو کەسن مەشهوور * شێخی ئەشعەری و شێخ ئەبوو مەنصوور
لە فەرعی دیندا هەر چهار ئیمام * مەشهورن لە بەین تەمام خاص و عام
ئیمامی (ئەعزەم) ئەووەڵ سەر مەزهەب * دووەم (شافیعی) قورەشی نەسەب
بە ئیمای حەدیس سەیدی سەروەر * عالەم بە عیلمی ئەو بوو مونەووەر
سێیەمین (مالیك) فەزڵی ئەکمەلە * چوارەم (ئەحمەد)ە نەجلی حەنبەلە
چونکە مەزهەبیان مودەووەن بووگە * تەقلید هەر بۆ ڕێی لای ئەوان چووگە
گەرنا، لە سایەی سەییدی بەشەر * موجتەهید زۆرن هەموو پڕ هونەر
ئەرچی ئیختیلاف ئوممەت رەحمەتە * تەقلیدی غەیری ئەوان زەحمەتە

پاشان باسی زانایان و پێشەوایانی تەرقەتی تەصەووف دەکات و دەفەرموێت:

(طريقةُ القوم كلٌّ منها حق) * کول عەینی شەرعن بەڵ لوبیی موتڵەق
وەك موجتەهیدین زاهیر ئیجتیهاد * سابیتە تاقی بۆ شێخی ئیرشاد
چی بۆ موجتەهید هەس بەر موقەللید * لەسەر مورید هەس نیسبەت بە مورشید
(بل قالوا: الشيخ في شيعتِهِ * كان كالنبيّ في أمتِهِ)

پاشان دەفەرموێت:

ولا سيّما طريقة مَنْ * مَنَّ عليهم جنابُ ذي المَنْ
بأنَّهُمُو، قد تأدَّبوا * بأدب الشّرع ، فيه دأبوا
دأبُهم للشيخ دأبُ الصحابة * لمن طاب مِنْ طِيبهِ طابَة
تەبەعەی میشکات میصباحی باری * وراء كلٍّ: مسلم، بخاری

واتە: ئاداب و ئەحوالی ئەهلی تەصەووف وەك ئاداب و ئەحوالی ئەصحابی سەروەرە (صلى الله عليه وسلم) کە ئەمانیش لە ڕێی ئەوانەوە پاڵفتەو پاك بوونەتەوە بە تەوەجحوهات و نەزەری و پاکی خاکی تەبیەی ئەو زاتە (صلى الله عليه وسلم)، چونکە ئەهلی تەصەووف شوێنکەوتەی چراخانی چرای باری تەعالان کە قورئانی پیرۆزە، هەروەها هەموو داب و ئادابێکیان سەرچاوەی گرتووە لە فەرموودەکانی هەردوو سەحیحی موسلیم و بوخارییەوە، ئەمەیش تەحەددایەکە، لە شێخی مەولەوییەوە کە هەموو حەرەکەو سەکەنەیەکی ئەهلی تەصەووف لە هەردوو سەحیحی موسلیم و بوخارییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو توانیویەتی بە هۆی شارەزایی لە واتاکانی هەردوو سەحیدا

ئەو حەقیقەتە بسەلمێنێت و ئەو تەحەددایەیش بکات. پاشان دەفەرمویت:

ئووەیسی بە نەقش بێ نەقشی پەیوەند * سەرکاری عالی شاهی نەقشبەند
قدس اللّٰه، تعالى، سِرَّه * أفاض على، المؤمنين بِرَّه
طە ریقی ئەنفەس، ئەقدەس و ئەعلا * ئەحلا وو ئەجمەل، ئەجەللو ئەجلا
ئەظهەرو ئەنوەر، ئەتیەب و ئەنسەب * ئەنفەع و ئەرفەع، ئەفزەل و ئەقرەب

پاشان دەفەرمویت:

سیلسیلەی ریجال، ئەم شیمەی پاکە * لایق وەگەردن شێری بێ باکە
قەف قەف هات، وەك رِم، تا شیری هیندی * قَدْ قدَّ، قدُّ كلٍّ، لى، عندى

بڕوانە: (عەقیدەی مَرْضِيّة) بە شەرح و لێکۆڵینەوەی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس(مبحث الأئمة في الأصول والفروع والطريقة وأقطابها) لاپەڕەکای: ٥٢٨ ــ٥٣٣)(پێداچوونەوەی، فاتح عبد الكريم، ط١، مطبعة: الخلود، بغداد، ١٩٨٨م).

لە گەورە زانای کورد ومورشیدی و عاریفی جیهانی ئیسلامی تەنها حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزووری بەسە وەك نمونەی زیندو بیهێنینەوە کە لە ئاسمانی زانستی شەریعەت و عەقیدەو تەصەووفدا لە دوو سەدەی رابوردوودا تا ئەمڕۆیش ئەستێرەی گەشی هەر پرشنگ دەداتەوەو تەواوی جیهانی ئیسلامی لێیەوە بەهرەمەند بوون و دەبن، چونکە ئەم زانا پایە بەرزەی کورد کە ناسراو بووە بە (ذو الجناحين) واتە دارای هەردوو باڵی شەریعەت و تەریقەت، واتە: هەم لە بواری زاهیری شەریعەتدا دارای زانستە ئیسلامیەکان بووە و هەم لە بواری زانستی تەصەووفیشدا دارای زانستەکانی تایبەت بە نهێنیەکانی رۆح و نەفس و قەلب بووە، بۆیە لە تەمەنێکی کەمدا توانیویەتی تەریقەتی پیرۆزی موجەددیدی نەقشبەندی صیدیقی لە تەواوی کوردستان و جیهانی ئیسامیدا بڵاوبکاتەوە و تەجدیدی زانستی رەووشت و ئەخلاقی جوان بکاتەوە لە نێو موسڵماناندا و زیاتر لە چوار سەد خەلیفەو زانای پایەبەرزی هەبێت لە تەواوی دونیایدا بڵاو بنەوەو رەوشتی جوان و پەروەردەی ئیسلامی و زانستە شرعییەکان بڵاوبکەونەوەو بە هۆیانەوە سەدان هەزار کەسی غەیرە موسڵمان موسڵمان ببێت و بێتە سەر ئایینی ئیسلام بە تایبەت لە ناوچەکانی صین و ئۆزبەکستان و قیرغستان و تاجەکستان و تورکومانستان و وولاتی سیند و هیند و ئەفغانسان و ئێران و ماوەران و ئاسیای ناوەراست و وولاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دا وەك ئەندەنووسیا و مالیزیا، کە تا ئێستا دەیان نامەی ماستەر و تێزی دوکتۆرای لە سەر کەسایەتی مەزنی مەولانا خالید لە زانکۆکانی جیهاندا نوسراوە دەیان کۆنفراسنی زانستی نێودەوڵەتی لە سەر گیراوە و هێشتا دەتوانین بڵێن وەك هیچی لەسەر نەنوسرابێت بەو چەشنەیە. ئەوەندە حەزرەتی مەولانا دەریایەکی پان و بەرین و قوڵ و پڕ لە نهێنی و دورڕو گەوهەرە.

هەروەها بەسە بۆ دەرخستنی شایستەیی و گەورەیی رێبازی تەصەووف بە تایبەت لە ناو کوردستاندا کە زاناو بلیمەتی کورد مامۆستا مەلا عەبولکەریمی کوڕی صۆفی محمدی مەریوانی سەر بە هۆزی قازی



شارەزووری نەقشبەندی شافیعی ئەشعەری ــ ناسـراو بـە نازنـاوی شیعری (نامی) هەروەها ناسراو بە (مودەرریسـی بیـارە) هـەروەها (مودەڕریسی ڕەوزەی قادرییە) لە بەغدا ــ کە یەکێکە لـە ئەسـتێرە گەشەکانی ئەو ڕێبازەو هەموو جیهانی ئیسلامیش شانازی دەکـەن بـە زانست و ڕەووشتی بەرز و ئەدەب وێژەو عیرفانی کەم وێنەیەوە.

هەروەها میللەتی کورد بەسە بۆی کە شانازی بکات بـە مورشـیدی گەورەو پایەداری تەریقەتی نەقشبەندی حەزرەتی شێخ محمد عوسـمان سیراجەددین (قدس الله سره) کە توانی تەنها بە یارمەتی خودا دائـیرەی ئیرشادی خوداناسین بگەیێنێتە تەواوی دونیا بە شەرق و غەربدا بڵاوی بکاتەوە، تەنانەت لە کەنەداو ئەمەریکا دا نـاوی کـوردو تەریقـەتی نەقشبەندی و ئایینی پـیرۆزی ئیسـلام لـە ڕێگـەی خانـەدانی و دەستگیرۆیی و ئیرشاد و گوفتارو ڕەووشتی جوانەوە بڵاوبکاتـەوە و خەڵکی بە بێ جیاوازی لێیەوە بەهرەمەند بن پۆل پۆل بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام شاد بن وەك بە درێژی لە کتێبی (جیهادی ئەهلی تەصەووف بە درێژایی مێژووی ئیسلامی) دا، لاپـەڕەکانی: ٤٠ــــ٤١ ڕوونـمـان کردووەتەوە. چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨ز.

هەروەها بەسە بۆ کەماڵی تەصەووف و پایەبەرزی ئـەهلی تەریقـەت زانایەکی بیرمەندی موجەددیدی کوردی وەك بدیع الزمان مامۆستا مەلا سەعیدی نوورسی (رحمه الله) کە بۆ خۆی صۆفی مەشرەب بێت و لـە بنەماڵەیەکی نەقشبەندی بێـت و بـاوك ودایـك و مامۆستاکەیشـی نەقشبەندی بن و خۆیشی مونتەسیب بێت بەو تەریقەتەوە وەك خـۆی دەفەرموێت: "أستاذي في الطريقة النقشبندية: سيد نور محمد". كليات رسائل النور، سيرة ذاتية: (ج ٩/ ص ٦٣)(ترجمـة إحسـان قاسـم الصالحي، دار سوزلر للنشر،ط٧، ٢٠١٤م). هەروەها دەفـەرموێ: "وفي حوالي التاسعة من عمري وجميع الأهلين وأقـاربي ينتسـبون إلى الطريقة النقشبندية ويستمدون من شيخ مشهور هناك هـو الغـوث الخيزاني(هو الشيخ صبغة الله الارواسي وهوخليفة السيد طه النـهري الذي هو خليفة مولانا خالد النقشبندي) كنت على خلافهم أقـول: أيها الشيخ الگيلاني اقرأ لك سورة الفاتحة جد لي ما ضيعته من جـوز مثلاً او أي شئ تافه آخر، وانه لأمر عجيب فوالله لقد أمدني الشـيخ بدعائه وهمته ألف مرة، ولهذا ما قرأت من أوراد وأذكار طوال حياتي الاّ و أهديتها اولاً إلى حضرة الرسول الأعظم (صلى الله عليه وسلم) ثم إلى الشيخ الگيلاني، وعلى الرغم من أنـني منتسـب إلى الطريقـة النقشبندية بثلاث جهات(حيث إن والديه واستاذه منتسبون الى هـذه الطريقة). فإن محبة الطريقة القادرية ومشربها يجـري فيّ حكمـه دون

**" زانایانی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ خولیان دیوانی عەشقو ئەوینی حەقیقی بوون، ڕێبوارو سالیکی ڕێبازی پڕ بایەخی تەصەووف بوون، ئەو بەهرە گەورانەی کە هەیان بووەو هەیانە لەو مەسلەکە ڕۆحییەوە دەستیان کەوتووە "**

اختيار مني، إلاّ أن الإنشغال بالعلم كان يعيـق الإشـتغال بالطريقـة الصوفية". سيرة ذاتية: (ج ٩ / ص ٦٣).

هەروەها دەفەرموێت: ئەگەر شتێکم گوت و موافیقی ئەهلی عەقڵ بوو لە زانایانی سەلەفی ساڵح و موافیقی ئەهلی قەلەب بـوو لـە ڕێـبازی ساڵحان، ئەوا زۆر چاکەو نیعمەتە، بەڵام ئەگـەر قسـەیکم کـرد و موخالیفی یەکێکیان بوو ئەوا مەردوودە لە سەرم، وەك دەفـەرموێت:" فإن وافقتهما فبها ونعمت، وإن خالفتُ في كلامي أي السبيلين منهما فهو مردود عليّ". (سيرة ذاتية لبديع الزمان النورسي، الباب الثـاني: ج٩ ص: ٢٠٠).

تەنانەت جوببەیەکی حەزرەتی مەولانا خالیـد لـە کـاتی خۆیـدا گەیشتووەتە دەستی بۆ خۆیشی وای دەگەیێنێت کە حەزرەتی مەولانا بۆ خۆی لەبەری ئەمی کردبێت، واتە لە مەعنەویدا وەك دەفەرموێت بـە قوتابیانی دەفەرموێت: "سأرسل لكم يوماً جبة مولانا خالد (قدس سره) والتي عُمرها مائة وعشرون سنة، فكما انه قد ألبسنيها، فأنا بـدوري سأرسلها إليكم متى شئتم، ليلبسها كلٌّ منكم باسمه". واتە: "ڕۆژێـك دەبێت جوببەکی حەزرەتی مەولانا خالید تان بۆ دەنێرم (قدس سره) کە تەمەنی ئەو جوببەیە سەدوو بیست ساڵە، هەر وەك چۆن ئەو بۆ خـۆی لەبەری کردووم، منیش بۆ ئێوەی دەنێرم هەر کات ویستان بۆ ئـەوەی بەبەری بکات بە نێوی مولانـاوە". بڕوانـە: (سـيرة ذاتيـة، ج٩: ص٣٩٨).

هەروەها یەکێك لە نوسراوە نایابەکانی نوورسی تایبەتمەنـد بـووە بـە زانستی تەصەووفەوە بە ناوی(أنوار الحقيقـة مباحـث في السـلوك والتصوف). هەروەها لە (المكتوبات)یدا (مەکتوبی ٢٩) لـە (التلـويح الثالث)دا بە ناونیشانی (الولاية حجة الرسالة والطريقة برهان الشريعة) زۆرێك لە شایستەیی و مەدحی تەصەووف و تەریقـەت و ویلایـەت دەکات تیایدا هاتووە: "نعم، فكما أن (الولاية والطريقة) هما حجتـان على أحقية (الرسالة والشريعة) ودليلان عليهما، فإنهما كـذلك سـر كمال الاسلام، ومحور أنواره، وهما معدن سمو الإنسانية ورقيها ومنبع

فیوضاتها بأنوار الإسلام وتجلیات أضوائه" واته: " بەڵێ: هەروەك چۆن ویلایەت و تەریقەت حوججەت و بەڵگەن لە سەر ڕاستی ڕیسالەت و شەریعەت، دیسان ویلات و تەریقەت ئەمێنی کەماڵی ئیسلام و میحوەری ڕۆشنایەکانی ئیسلامن، هەروەها مەعدەنی بەرزی و گەورەیی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتین و سەرچاوەی فەیزو ڕوناکیەکانن بە ڕۆشنایی ئیسلام و درەخشانی و درەوشاوەیی ڕۆناکیەکی ئیسلام". پاشان ڕەخنەی توند لە نەیارانی تەریقەت و تەصەووف دەگرێت و نەیارانی بە گرۆهی گومڕا ناو دەبات و دەفەرموێت: "ولكن على الرغم مما فيهما من أهمية قصوى فقد انحاز قسم من الفرق الضالة الى إنكار اهميتهما، فحرموا الآخرين من انوار هم محرومون منها. ومما يؤسف له بالغ الاسف ان عددا من علماء اهل السنة والجماعة الذين يحكمون على الظاهر وقسما من اهل السياسة الغافلين المنسوبين الى اهل السنة والجماعة يسعون لإيصاد ابواب تلك الخزينة العظمى، خزينة الولاية والطريقة.." واته: " وێڕای ئەو هەموو گرنگییەی کە لە تەصەوف و تەریقەتدا بوونی هەیە، کەچی هەندێك لە گروپی گومڕا ئینکاری ئەو حەقیقەتانە دەکەن خەڵکانێکی تر لە نوورو ڕۆشنای تەریقەت مەحرووم دەکەن ئەو ڕۆشناییانەی کە خۆیان لێی مەحروومن، هەروەها جێگەی ئەسەفێکی گەورەیە کە ژمارەیەك لە زانایانی ئەهلی سونەت و جوماعەتیش ئەوانەی کە حوکم تەنها بە ڕووکەش دەکەن، هەروەها بەشێکیش لە غافڵ و بێئاگایانی ئەهلی سیاسەت کە نیسبەت دەدرێنە پاڵ ئەهلی سوننەت و جەماعەت کۆشش دەکەن بە مەبەستی داخستنی دەرگای ئەو خەزێنە گەورەیە، خەزێنەی ویلایەت و تەریقەت !". پاشان بە درێژی باسی عەزەمەت و گرنگی و بایەخی زۆری تەریقەت و ویلایەت ـ کە بەرهەمی تەریقەتە ـ دەکات و بەڵگە دەیهێنێتەوە لە سەر ئەو ڕاستییانەو کە لە خوارەوە برگە برگە تەرجەمەی دەقەکانی دەکەین : شێخی نوورسی دەفەرموێت: "ولا أدل على ذلك من احتفاظ أهل الطريقة بإيمانهم أثناء هجوم أهل الضلالة، حتى إن منتسباً اعتيادياً مخلصاً من أهل الطريقة يحافظ على نفسه أكثر من أي مدّع كان للعلم". واته: "هیچ بەڵگەیەك لەوە هێماداره بەهێزتر نییە لەو بەڵگەیەی کە ئەهلی تەریقەت لە کاتی هێرشی ئەهلی گومڕاهی لە سەریان (واتە فشاری کەمالیزم و زایۆنیزم) توانییان پارێزگاری بکەن لە ئیمان و موسڵمانبوونی خۆیان زیاتر لە هەر بانگەشەکار و موددەعییەکی زانست". "اذ ينقذ إيمانه بما حصل عليه من الذوق الروحي في الطريقة وبما يحمله من حب تجاه الأولياء، فحتى

" هیچ زانایەکی کورد نەبووە کە لە بواری نووسیندا کارا بوو بێت ئیللا دانراوێك یان زیاتری هەبووە لە زانستی تەصەووف و ئەدەبی عیرفانیدا "

بارتكابه الكبائر لا يكون كافراً وانما يكون فاسقاً، اذ لا يلج صفوف الزندقة بيسر، وليست هناك قوة تستطيع ان تجرح ما ارتضاه من ولاء تجاه سلسلة اقطاب المشايخ الذين ارتبط بهم بمحبة شديدة واعتقاد جازم". واته: "چونکە کابرای صۆفی توانی پارێزگاری بکات لەو کاتە ناسکەدا لە ئیمانەکەی بە هۆی ئەوەی کە دارا و خاوەنی چەشتنێکی ڕۆحی بوو کە دەستی کەوتبوو لە ڕێبازی تەریقەتەوە هەروەها بە هۆی ئەو مەحەبەتەی کە لە دڵیدا هەڵیگرتووە بەرانبەر ئەولیاو دۆستانی خودا، تەنانەت بە هۆی تەۆیقەتەوە ئەگەر دووچاری گوناهێکی گەورەیش ببێتەوە پێی کافر نابێت بەڵکو تەنها پێی فاسیق دەبێت، چونکە کەسی صۆفی هەروا بە ئاسانی دەرناچێت لە لە دین، وە هیچ هێزێکیش نییە کاریگەر بێت لە سەری بە شێوەیەك کە بتوانێك ئەو وەلائو مەحەبەتەی کە هەیەتی لە ناخیدا بۆ زنجیرەی ئەقتاب و مەشایخ لە دۆستانی خودا لە نێو دڵیدا لایبەرێت ئەو پیاوچاکانەی کە پەیوەستە پێیانەوە بە هۆی خۆشەویستی بە هێزیەوە بۆیان و ئیعتیقادی لاکەرەوە پێیان ". " وحيث إن الضلالة لا تستطيع أن تفند أو تفسد ما لديه من الثقة والاطمئنان بهم، فلن تحل ما لديه من الثقة والرضا بهم، ولن يدخل الكفر والإلحاد ما لم يفقد تلك الثقة بهم" واته: " هەروەها چونکە گومڕایی ناتوانێت ئەو متمانەو ئارامییە قەلبییەی کە هەیەتی بە دۆستانی خودا لەناوی ببات یان خراپی بکات، بۆیە هەرگیز گومڕایی ناتوانێت ئەو متمانەو دڵجێگیربونەی پێیان هەڵوەشێنێتەوە، بەو پێیەیش هەرگیز کوفر و ئیلحاد ناچێتە دەرونیەوە هەتا کەسی صۆفی ئەو متمانەکەی بمێنێت بە مەشایخانیان لە ئەولیای خودا". پاشان دەفەرموێت: " فالذي ليس له حظ من الطريقة، ولم يشرع قلبه بالحركة، من الصعوبة بمكان – في هذا الوقت – ان يحافظ على نفسه محافظة تامة امام دسائس الزنادقة الحاليين، ولو كان عالماً مدققاً". واته: "هەرکەسێك بەشێکی نەبێت لە زانستی تەریقەت و دڵی خۆیشی نەبزواندبێت تیایدا، زۆر ئاستەمە لەم کاتەدا پارێزگاری لە نەفسی خۆی بێ بکرێت بە تەواوی لە بەرانبەر پیلانی زەندیق و لەدین دەرچووانی ئەم زەمانە، با ئەو کەسە زانایەکی ووردکاریش بێت". " بقي أمر آخر هو أنه لا يمكن أن تدان (الطريقة) ولا يحكم عليها بسيئات مذاهب ومشارب أطلقت على نفسها ظلماً اسم (الطريقة) وربما اتخذت لها صورة خارج دائرة التقوى بل خارج نطاق الاسلام" واته: "ماوەتەوە شتێکی تری بڵێن: کە ناکرێت تەریقەت لۆمە بکرێت یان بخرێتە بازنەی تۆمەتەوەو حوکمی بەسەردا بدرێت بە هۆی گوناهی

هەندێك لە پەیڕەوكارەوە كە بە ستەم ناوی تەریقەتیان لە خۆیان ناوە، لە كاتێكدا هیچ پەیوەندییەكیان بە تەریقەتەوە نییە بەڵكو خزاونەتە نێویەوەو لە دەرەوەی بازنەی تەقوا و تەنانەت ئیسلامیشدا خۆیان دەبیننەوە". " فلو صرفنا النظر عن النتائج السامية التي تُوصل اليها الطريقة سواء منها الدينية او الأخروية أو الروحية، ونظرنا فقط إلى نتيجة واحدة منها ضمن نطاق العالم الاسلامي نرى أن (الطريقة) هي في مقدمة الوسائل الايمانية التي توسع من دائرة الأخوة الاسلامية بين المسلمين وتبسط لواء رابطتها المقدسة في ارجاء العالم الاسلامي". واتە: " خۆ ئەگەر چاوكەلا كەین لەو هەموو ئاكام و دەرەنجامە بەرزانەی كە تەریقەت پێی دەگات چ لە رووی دونیاوە چ لە رووی قیامەتوەو یان لە رووی رۆحەوە وە تەنها سەیری یەك دەرەنجامی بكەین لە نێو چوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا كە تەریقەت پێی گەیشتووە، دەبینین كە (تەریقەت) لە پێشەوە میكانیزم و هۆكارەكانی ئیمانە، ئیمان و باوەڕێك كە چوارچێوەی برایەتی ئیسلامەتی بەرفراون دەكات لە نێوان موسڵماناندا و سایەو پردی پیرۆزی پەیوەندی لە نێوانیاندا رادەكێشێت لە تەواوی قوژبنێكی جیهانی ئیسلامدا" .پاشان دەفەرموێت: " وقد كانت الطُّرق الصُّوفية وما زالت كذلك إحدى القلاع الثلاث التي تتحطَّم على جُدرانها الصَّلدة هجماتُ النّصارى بسياساتهم ومكايدُ الذين يسعون لإطفاء نورالإسلام..". واتە:" بە راستی رێباز و تەریقەتەكانی تەصەووف لە پێشترو لە ئێستیاشدا هەروایە یەكێك بوون لە سێ قەڵا سەختەكەی كە لە بەرانبەر دیوارەكانیاندا پارچەپارچە و دەفەوتێت هێرش و پیلانە سیاسیەكانی خاچپەرستان و فیڵو تەڵەكەی ئەوانەی كە هەوڵی كوژاندنەوەی نووری ئیسلام دەدەن ". "فيجب ألاّ ننسى فضل اهل الطرق في المحافظة على مركز الخلافة الاسلامية (استانبول) طوال خمسمائة وخمسين سنة رغم هجمات عالم الكفر وصليبية اوروبا".واتە: "پێویستە هەرگیز لە یادمان نەچێت فەزڵ و رۆڵی گەورەی ئەهلی تەریقەتەكان لە پارێزگاری كردنیان لە سەنتەری خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوول بە درێژایی پێنج سەدو پەنجا ساڵ، لە گەڵ ئەو هەموو هێرشانەی كە جیهانی كوفرو خاچپەرستی ئەورووپی دەیانكردە سەر مەركەزی خەلافەت". " فالقوة الإيمانية، والمحبة الروحانية، والأشواق المتفجّرة من المعرفة الإلهية لأولئك الذين يردّدون ((الله.. الله..)) في الزوايا والتكايا المتمّمة لرسالة الجوامع والمساجد، والرّافدة لها بجداول الإيمان حيث كانت تنبعث أنوار التّوحيد في خمسمائة مكان، لتشكّل بمجموعها أعظم نقطة إرتكاز للمؤمنين في ذلك المركز الاسلامي". "بەڵێ ئەوە دەرەنجامی ئەو هێزە ئیمانیە بوو، ئەو مەحەبەتە رۆحانییە بوو، ئەو ئەوینە هەڵقوڵاوە بوو لە خوداناسین(معرفە الله) كە هی ئەو كەسانە بوون كە بەردەوام زیكری (الله، الله ..) یان دوبارە دەكردەوە لە خانەقاو تەكێكانیاندا، ئەو خانەقایانەی كە تەواوكاری رۆڵی مزگەوت و مزگەوتی ووتاری هەیین، هەروەها ئەو خانەقایانەی كە بەردەوام مزگەوتەكان ئاواشتە دەكەنەوە بە جۆگەلەی ئیمان، بە شێوەیەك بوون ئەو خانەقایانە كە لە پێنجسەد جێگەدا لە یەككاتدا رۆشنایی تەحیدیان لێ بەرز دەبوویەوە بە جۆرێك كە بوبونە هۆی چەقی گەورەترین هێز بۆ ئەو سەنتەرە ئیسلامییەی بڕواداران". پاشان روو دەكاتە دوژمنانی تەصەووف و تەریقەت لە رەگەزپەرستە توركە بێ دینە كەمالیەكان و دەفەرموێت: " فيا أدعياء الحمية ويا سماسرة القومية المزيفين! ألا تقولون أية سيئة من سيئات الطريقة تفسد هذه الحسنة العظيمة في حياتكم الاجتماعية؟! ..الخ ". واتە:" ئەی ئەوانەی بانگەشەی گەرمی نەتەوە پەرستی دەكەن (واتە توركە كەمالیەكان) ئەی ئەوانەی دەڵاڵی بە سەر قەومییەتی دوور لە راستییەوە دەكەن، ئایا پێمان نیشان نادەن: چ خراپەیەكی تەریقەت هەیە كە ئەو چاكە گەورە عەزیمەی بشارێتەوە كە لە ژیانی كۆمەڵایەتی ئێوەدا بەرجەستەی كردبوو؟! ..هتد ". بڕوانە: المكتوبات (المكتوب التاسع والعشرون)(التلويح الثالث) مامۆستا مەلا سعیدی كوردی نوورسی (بديع الزمان): (ج ٢ / ص٥٦٥ــ٥٦٧) ترجمة :إحسان قاسم الصالحي، ط٧، دار سوزلر، القاهرة، ٢٠١٤). أنوار الحقيقة مباحث في السلوك والتصوف، بديع الزمان سعيد الكُردي النورسي، ترجمة :



إحسان قاسم الصالحي: ص ٥١ــ٥٣، ط١، بغداد، ١٩٩٠م.

ئەوەیش جێگەی بایەخە کە باسی بکەین کە تەواوی شۆڕشەکانی کورد بۆ دەفعی ستەم لەم میللەتی کورد و کوردستان یان دەفعی کوفر و بیری چەوت بە درێژایی مێژوو کەسانێك پێی هەستاوون کە ئەهلی تەصەووف و عیرفان بوون وەك روون و ئاشکرایە و حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە.

بەڵێ: یەکێك لە هۆکارەکانی پابەندبوونی زانایانی میللەتی کوردیش بە رێبازی فیقهی ئیمامی شافیعییەوە (رەزای خوای لێبێت) بە شانازییەوە لە دێر زەمانەوە تا ئێستا، ئەوە بووە کە خودی ئیمامی شافیعی عاریف و خواناس و صۆفییەکی گەورە بووەو رێبازەکەیشی کە ناسراوە بە ئیعتیدال و رەچاوکردنی مەسلەکی وەرەع و تەقوا و ئیحتییات کردن لە فەتوادا بە تایبەت لە عیباداتدا سەر چاوەی لەو حەقیقەتەوە گرتووە..وەك بە درێژی و بە چەندین بەڵگە ئەو راستییەمان سەلماندووەو روونمان کردووەتەوە لە کتێبی (ئیمامی شافیعی و پەیڕەوکردنی لە رێبازی پیرۆزی تەصەووف) لاپەڕەکانی: ١٣ــ٣٢ . چ ١، دار انتشاراتی کوردستان، سنە ٢٠١٦).

ماوەتەوە بڵێن:

لە مێژووداو تا ئەمرۆیش چونکە مەدرەسەکانی زانایانی کورد بە تایبەت و لە رێگەی ئەوانیشەوە میللەتی کورد بە گشتی پابەند بوون بە فیقهی ئیمامی شافیعی و مەسلەکی تەصەووف و ئەدەبی عیرفانییەوە تاك و کۆمەڵگەی کوردستان پارێزراو بووە لە سێ مەترسی گەورە:

یەکەم: دابەش نەبوونی جوگرافیاو خاکی کوردستان و نەگۆڕانی دیموگرافیای وێڕای دابەشکردنی سنوورە دەستکردەکانی لە لایەن دوژمنانەوە لە سەد ساڵی رابوردوودا.

دووەم: مانەوەیان بە یەك هەڵوێستی بەرانبەر دوژمنانی عەقیدەو بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بە رابەرایەتی پێشەوای ئەهلی سوننەت و جەماعەت شێخ ئەبولحەسەنی ئەشعەری (رەزای خوای لێ بێت).

سێیەم: پارێزگاریکردنیان لە مەبدەئی میانەڕەووی و پەیڕەوکردنی گیانی تەبایی و لێبووردەیی و گەردنکەچی و رەووشت بەرزی و بەرجەستەکردنی پێکەوە ژیان لە تەك تێکڕای پێکهاتەکانی تر کە لە کوردستان دەژین شانبەشانی زۆرینە موسڵمانەکەی بە شێوازێکی شایستەو دوور لە توندڕەوی دەمارگیری.

بۆیە لە پێناو مانەوەی میللەتی کورد بە یەکڕیزی و یەکئامانجی و یەك هەڵوێستی و یەك بیروباوەڕی و یەك پەیڕەوی فیقهی و پارێزگاریکردن لەو سێ ئامانجەی سەرەوەدا پێویستە: دەزگا پەیوەندارەکانی پەروەردەو فێرکردن و ئەوقاف و خوێندنی باڵا زیاتر و زیاتر بایەخ بدەن بە پەیڕەوی تەصەووف و لایەنی رۆحی و ئەدەبی عیرفانی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی خۆیاندا لە سەر هەموو ئاستەکان، تا گیانی میانەڕەوی و ئیعتیدال و لێکبووردن و پێکەوە ژیانی راستەقینە زیاتر لە ئێستا بەرکەماڵ ببێت و کۆمەڵگەی کوردەواری دوربمێنێتەوە لە هەموو رەوتێکی توندڕەوی سەلەفیزم کە تەنهاو تەنها بەرهەمەکەی قاعیدەو داعش و بوکوحەرام و هاوشێوەکانی دەبێت. خوای گەورە یارمەتیدەری دڵسۆزانی ئایین و نیشتیمانە..



# مەلای کورد و
# هەڵوێستی نەتەوەیی و پرسە نیشتیمانیەکان

**مەلا جەلال خەیلانی**
جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان



ئاشکرایە لای هەمووومان بە درێژایی مێژوو، مەلاو زانایانی ئایینی لە کوردستان خزمەتێکی گەورەیان بە گەلەکەی خۆیان کردووە، کە توانیویانە خەڵك ئاشنا بکەن بە رێبازی پیرۆزی ئیسلام و ئاشتی و پێکەوەژیان و ئازادی و دادپەروەری و زانست و زانیاری، لەهەمان کاتیشدا ئاشناکردن بە پرسی نیشتیمانی و نەتەوەیی، بۆیە ئەگەر گەلی کورد شانازی بە رابردووی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری خۆی بکات؛ بۆ ئەم بابەتە جگە لە مەلا و زانایانی ئایینی، کەم کەسی دەستدەکەوێ، بۆ سەلماندنی ئەم راستیەش دەمەوێت ئاماژە بەهەندێك لەو زانایانە بکەم، کە لە رابردوودا دەوری سەرکردایەتیان بینیوە لە شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردستانی گەورە:

یەکەم: مەلا سەلیم شێخ شهاب الدین، کە رابەڕایەتی راپەڕینەکەی ناوچەی بەتلیسی کرد لە تورکیا.

دووەم: شێخ عبداللە نەهری و شێخ تەهای نەهری لە تورکیا، کە پەیوەندیان لەگەڵ شێخ شامیلی رێبەری داغستانی، جگە لە تورکیا روسیاش لێیان دەترسا.

سێیەم: شێخ عبدالسلام بارزان، تا گیراو لە سێدارەدرا بەرگری لە نەتەوەو خاکی کرد.

**سۆزی زانایان بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەیان، وێڕای سروشتی مرۆڤ بۆ خۆشەویستی نیشتیمانەکەی، بەشێکە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی ئاییینی پیرۆزی ئیسلام**

چوارەم: شێخ مەحمودی حەفید، لە شێخایەتی و تەریقەتەوە بۆ مەلیکی کوردستان.

پێنجەم: مەلا مستەفای بارزانی، لە مەلایەتیەوە بۆ رابەرایەتی گەورەترین شۆڕشی باشووری کوردستان.

شەشەم: پێشەوا قازی محمد بە هاوکاری هاوڕێیانی کۆماری مەهابادی دروستکرد و لەکاتی هێرشی داگیرکەرەکان خەڵکی خۆی جێنەهێشت، تا گیرا و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە سێدارەدران.

حەوتەم: شێخ سەعیدی پیران، کە پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی هێنابووە هەژان و کۆڵی نەدا، تا دەسگیرکرا و زۆر بێبەزەییانە لە سێدارەدرا. شایەنی باسیشە، کە شێخ سەعید لەیەك هێرش بە هەزاران کەسی لە داگیرکەران بەدیل گرت و لەناو دیلەکاندا دەسوڕایەوەو دڵنەوایی دەکردن و دەیفەرمو: (هیچ مەترسن، ئێوە برای ئێمەن، ئێمە تەنیا داوای مافی رەوای کورد دەکەین)، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەگەر تەنانەت یەك تاقە کەسی سوپاکەی جەنابی شێخ بگیرابوایە یەکسەر لە سێدارە دەدرا.

لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستاندا زانایانی ئایینی بەشداری کاریگەریان بووە، لە بواری ئایینی و سیاسی و سەربازی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و فەرهەنگی و رێکخراوەیی و دەیان شەهیدیان داوە لە پێناو خەباتی رزگاری نیشتیمانی و نەتەوەیی دەوری کاریگەریان بووە لە وشیارکردنەوەی جەماوەری خۆیان و ئاشناکردنیان بە پیرۆزی خەبات لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و دەرکردنی داگیرکەران لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان، بۆ سەلماندنی ئەم راستیەش، وەك نمونە ئاماژە بە جەنابی مەلای

گەورەی کۆیی دەکەین، کە دیوانەکەی پڕاوپڕە لە هەڵبەست و هۆزانی نیشتیمانپەروەری، وەك ئەوەی کە دەفەرموێ:

هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم
عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم
بەبێ یەکبوونو تەوحیدی میللەت
مەحاڵە کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت

شایەنی باسە؛ سۆزی زانایان بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەیان، وێڕای سروشتی مرۆڤ بۆ خۆشەویستی نیشتیمانەکەی، ئەمە بەشێکە جێبەجێکردنی بەرنامەی پیرۆزی ئیسلام، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وجعلناكم شعوبا وقبائل)، واتە: ئێمە ئێوەمان گێڕاوە بە نەتەوەو هۆزی جیا جیا.. کەواتە هەر خوای گەورەش ئێمەی گێڕاوە بە نەتەوەیەك کە ناوی کوردە، بۆیە ئەرکە لەسەرمان کە بەرگری لە مانەوەی نەتەوەکەمان، وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ بکەین و، دەبێ قوربانیشی لەپێناو بدەین، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: (والارض وضعها للانام) واتە: خوای گەورە زەوی بۆ هەموو کەس داناوە تا لەسەری بژین، کەواتە هەموو نەتەوەیەك و هۆزێك و تاکێك مافی ژیانی هەیە لەسەر ئەم زەویە بەبێ جیاوازی و ، خوای گەورە هیچ نەتەوەیەکی تایبەت نەکردووە، کە دەوڵەتی هەبێت یان نەبێت.

لم اخرج منك ماخرجت)، ئەم فەرموودەیە بە زۆر ریوایەت هاتووە، بەڵام مەبەستەکە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) بەرامبەر بە گەورەیی و خۆشەویستی شاری مەککەی پیرۆز، سوێند بەخوای گەورە دەخوات، کە مەککە باشترین زەوی خوای گەورەیە و ئەگەر دەریان نەکردایە لەوێ؛ قەتا و قەت ئەو خاکەی جێنەدەهێشت.

لەم فەرموودەیەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) مەککەی زۆر لەلا گەورەو خۆشەویست بووە، هۆکارەکەشی وێڕای پیرۆزیەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شوێنی لەدایکبوونی خۆی بووە، هەروەها خاکی نیشتەجێبوونی باب و باپیرانی بووە، کەواتە پێویستە ئێمەش نیشتیمانی خۆمان خۆشبوێت و بەرگری لێبکەین، وەك پێغەمبەرەکەمان (درودی خوای لێ بێت).




دەوڵەتداری و سەربەخۆیی بۆ هەموو نەتەوەکان حەڵاڵەو کەس بۆی نیە خاکی ئەویتر داگیر بکات، یان دەسەڵاتی خۆی بە زەبرو زەنگ بەسەردا بسەپێنێ.

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) بەرامبەر بە مەککەی پیرۆز دەفەرموێ: (والله انك لخير ارض الله، ولو

# مەلای کورد..
# شوناس و پێگەو خزمەت و تایبەتمەندی و هەڵویست



**د. عمر مەلا حسن مرۆ**

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیو ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان

قسەکردن لەسەر پێگەو ئەو خزمەتانەی زانایانی ئایینی پێشکەشیان کردووە بۆ گەلەکەیان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و مێژوویی و بوارە جیاجیاکان، زۆر زەحمەتە کۆکردنەوەیان، نمونەی دڵۆپێکی هەڵێنجراوی دەریایە، لەهەمبەر ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەی هەیان بووە لەرۆڵی پیرۆزی خۆیان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو بلاْوکردنەوەی فەرهەنگی مرۆڤسالاری و میانرەوی و قوڵترکردنەوە هەستی نیشتیمانپەروەری.

### شوناسی مەلای کورد

مەلای کورد کاروانێکی دوورو درێژو پڕ مەینەتی و دەردەسەری بڕیوە، گەنجی و کاتی لاوی خۆی تێدا خەرجکردووە، قۆناغ دوای قۆناغی خوێندن، لە کۆتاییدا بوەتە رابەر و چاوساغ و مەرجەع و جێگەی متمانەی خەڵکی موسڵمان. سەردەمی پێشوو خوێندن گران و بە ئەرك بووەو، ئەگەر کەسانێك توانیبێتیان کورەکەیان قورئانیان پێ خەتم کرد بێت ئەوا بۆ خوێندنی دی پێویست بووە کورەکەیان ماڵ و شوێنی خۆی بەجێبهێڵێت و ڕوو لە گوند و شارانی دی بکات وە ئەمەیش بێگومان خەرج و دەرامەتی ویستووەو، زیاد لەمەش دەبێ باوك و دایکی فەقێ دەستیان لەو کورە شوشتبێ و بەهیوای هیچ کارو کاسبیەکی ئەو کورەیان نەبوو بن، بەلاْم ئەو کەسەی کەس

و کاری فەقێ بوو بن شانازی بەوەوە کردوە، فەقێ کەوا مەلای دوا رۆژە، چەندەها مەدرەسە دەگەرا تا دەگەیشتە لای مەلایەکی وا بەدڵی بێ و بتوانی باش دەرسی لێ فێر بێت، تا دواتر بتوانی ئیجازەی مەلایەتی وەربگرێت.

لە پەرتووکی (بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد) دا هاتووە، د. مصطفى زەڵمی – خوای گەورە لێی خۆش بێت – باس دەکات و دەڵێت: "لەوانەیە چل مەدرەسە و لای چل ماموستا زیاتر چووبم و لایان خوێندبێتم".

لە کوردەواریدا، لە شارو لادێ، مزگەوت هەیە، مەلایەکی لێیە، ئیشی ئەو سەرەرای کاروباری ئایینی، هەموو ئەو شتانە بووە کە خەڵك پێویستی پێیان بکەوێ، بریاریان لەسەر هەر شتێك دابێ هەر ئەوە بووەو گێرانەوەی نەبووە. لەم بارەوە، ماموستای خوا لێخۆشبوو عەلائەددینی سەجادی، لە (رشتەی مرواری)، لەژێر ناونیشانی (سرنجێك)، ئەڵێت: " ئەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە لەناو کوردا (مەلا) دەستەیەکی دیارو ئاشکرا بوون، بەرەی خوێندەوار و زانیار هەر ئەوان بوون، لەهەموو وەختێکاو لە هەموو شوێنێکا بە پەنجە، پەنجەیان بۆ راکێشراون، ئەم دەستەیە لەناو مەردو ما تا ئەوپەری، بەچاوی گەورەیی تەماشا کراون، لە ئیشی بچوك و زلدا پرس بەوان کراوە و بریویانەتەوە، تەنانەت ناوی (مەلا)) بەجۆرێك بەرز بۆتەوە ناوی هیچ چینێکی تر نەبووە بەرامبەری ناوی ئەوان بکا. لەبەر ئەمە ناوی ئەمان لەسەر زمانی گەورەو بچوك بووە. فەرمانی کە ئەمان دابێتیان گێرانەوەی نەبووە. جا بەم بۆنەوە هە چ کارو فەرمانێك بوو بێت دراوەتە پاڵ ئەوان و وتویانە : (مەلا وای وتووە) یا (مەلا وتی) ئەم ناوە لەسەر زمانی خەڵك هەمووی خۆشەویستی و گەورەیی ئەوان بووە".

بەڵێ سەرەرای ئەمەیش مەلایەتی و دەرس وتنەوە، هەست و سۆزی عیشقێکی خوایی بووە لە ناخ و ویژدانی مەلایەتی کورداو، بەو سۆزەوە توانیویانە بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکی ژیاندا زاڵبن، جۆرە خۆشی و تامێکیان لە دەرس وتنەوەیان وەرگرتووە جێگەی خۆشی و رابواردن و سەروەت و سامانی دونیای بۆ گرتونەتەوە، ئەم ئەرك و ماندوو بوونەیان بەگەلێ شت نەگۆڕیوەتەوە، کە خەڵکانێك شەریان لەپێناویدا کردووە.

**مەلای کوردو خزمەتی نەتەوایەتی:**

سەرەرای ئەمەی باسمان کرد، لە رووی رۆل و پێگەی (مەلای) کورد، بەدرێژایی پتر لە هەزار ساڵ، هەزاران گوندی کوردستان و شارەکانی، بێ حوجرەو (مەلا) نەبووین، رۆشنبیریان بلاوکردۆتەوە و مەلای دانا و زانایان پێگەیاندوە.زاناکان رۆڵی دینەمۆیان بۆ راپەراندنی کاری چاکە و رێنمایی کردنی خەڵك بینیوە و سەرەرای ئەرکی ئاینی خۆیان بەشداری هەموو روداو و بەسەرهات و ترش و تاڵیەکی ژیانی گەلی خۆیان کردووە.

کورد وەك گەلێکی لە هۆز پێکهاتووی خاوەن نەریت و زوبانی خۆی هەزاران ساڵە لەسەر خاکی خۆی دەژیت، لەگەڵ ئەمەیشدا تاکو دوا دواکانی سەدەی نۆزدە لای رەهبەرانی کورد بیرۆکەی یەکێتی کورد لە چوار چێوەی یەك دەوڵەتدا دروست نەبوو بوو، بەلاَم دواتر هەوڵی هەمەجۆر بۆ گەیشتن بەو ئاواتەی دراوە. لە سەدەی حەڤدە تاکوو سەدەی بیست، زۆرینەی کورد کەوتبوونە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیەوە، ئەوانیتریش کەوتبوونە ژێر دەستی ئێرانی سەفەوییەوە. لەو ماوەیەدا، یەك لەدوای یەك کورد راپەرینی هەڵگیرساندووە. پەیمانی (سیڤەر) کە ئابی ساڵی (١٩٢٠) لە نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و سوڵتانی عوسمانیدا مۆر کرا، دان بە دامەزراندنی دەوڵەتێك لە کوردستان نراوە، بەلاَم ئەم مافە لەلایەن (ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکی) یەوە دانی پێدا نەنرا.

لە کاتێکا زۆر نەتەوە دینیان بۆ خزمەتی نەتەوەی خۆیان بەکار هێناوە زانایانی ئاینی کورد توانیویانە بە تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت)، جیاکاری لە نێوان دوو جۆری چەمکی نەتەوەدا بکەن:

**یەکەم: نەتەوایەتی مرۆیی:**

ئەمە لەسەر بنچینەی تێروانینی ئەرێنی و خۆشەویستی و رێزگرتن بۆ گشت نەتەوەو خێڵ و هۆزێك دامەزراوە، دوور لە هەموو دەمارگیری و نەژاد پەرستی. خوای گەورە رێگەی راست و دروستی نیشانی گەلان داوە، لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەل یەکتریدا، فەرمویەتی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا) الحجرات: ١٣

واتە ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەموو ئێوەمان لە پیاو و ژنێ دروست کردووە کە ئادەم و حەووان و، ئێوەمان کردووە بە چەند نەتەوەو هەر نەتەوەیەك بەچەند خێڵ و هۆز، بۆ ئەوەی لەناو خۆتان یەکتر بناسن، بەراستی بەقەدەرو حورمەتتان لای خوا ئەوەتانە زۆرتر لەخوا بترسێ و خۆی لەگوناه بپارێزێ، خوا لەهەموو شتێ ئاگادارە.

**دووەم: نەتەوایەتی دەمارگیری:**

ئەوەیە کەخۆی لەبەرامبەر نەتەوەکانی ترەوە بەرەهاو گەورەتر دەزانێت، لێرەوە لەسەر رەوشتی ناپەسەندو نەرێنی بەرپا دەبێت، ئەم جۆرە بووەتە مایەی هەڵگیرسانی شەرو ئاژاوەو چەندین گەلان زیانی زۆریان بەرکەوتووە، هەندێکیشیان لەناو براون.

گەلی کوردی موسڵمان یەکێکە لەمانەی بووەتە قوربانی بیری شۆڤێنی و نەژاد پەرستی، وەك نەتەوەیەك کە قورئانی پیرۆز دانی پێداناوە، مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، مافی خوراوە، خاکی داگیر کراوە. بەلاَم پێشەواو رێبەرو شەهیدانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی وەك شێخ سەعیدی پیران و سەید رەزا و شێخ محمود و قازی محمدو مەلا مصطفی بارزانی و چەندەها زانای ئایینی کورد، مەلاو رێبەری دین بوون. بە تێگەیشتنێکی راست و رەوا بۆ دینەکەیان، خزمەتی نەتەوەکەیان و شەهید بوونیان لە پێناو گەیشتنی گەلەکەیان بە مافی خۆی، بە ئەرکی دینی و نەتەوەیی



خۆیان زانیوە، ئەگەر وەك نمونە باس لە هەندێکیان بکـەین دەبیـنین، خوالێخۆشبوو (شێخ سـعیدی پـیران) خـۆی و (٤٧) کەسـی دی لەسەرکردەکانی کوردی باکوور لە سێدارەدران، لە گۆرەپانی مزگـەوتی گەورەی (دیاربکر)، لە ساڵی (١٩٢٥ز)، چونکە داوای مافی شەرعی گەلی کوردی کردووە، داواکاری و خەباتی ئەم سەرکردە کوردە ئـاین پەروەرە، بریتیبوون لە نەمانی جیاکاری لە نێوان کـورد و تـورك، وە گەرانەوەی خەلافەت یان دەوڵەتیش بۆ کوردستان، واتە یان هـەموو لایەك بگەرێتەوە سەر (ئومەمیەتەکە) و کەس دەوڵەتی نەتەوەیی نـەبێت یان با هەموو هەیان بێت (واتە کوردیش دەوڵەتی خۆی هەبێت). لـەو روانگە ویژدانییە (نجم الدین ئەربەکان) راستیەکی وای لە شارۆچکەی (بنگۆل)، لە ساڵی (١٩٩٣) ووتء بووە هۆی لە دەستدانی سـەرۆك وەزیرانەکەی لە تورکیا، ئەمەیش دەقی ووتەکەیەتی: (رۆڵەکانم ئەم گەلە بە درێژایی چەند سەدەیەك کردنەوەی دەوامی قوتابخانەیان بە (بسم الله) یان دەکردەوە، ئێوە هاتوون ئەم (بسم الله)یـەتان هـەڵگرت! چـیتان لەجێگای دانا؟ دەڵێن: تورکم – راستم – خەباتکارم، ئێوە کـە ئەمـە دەڵێن لەبەرامبەردا رۆڵەیەکی موسڵمان بە ئەسڵ کورد حەقی خۆیـەتی بڵێت: ئەمنیش کوردم راسترم –خەباتکارم).

ئەمە تێروانینێکی دادپەروەرانەیە بـۆ مـافی نەتـەوەکان، دوورە لـە شۆڤێنیەت و نەژاد پەرستی. هەروەها خوا لێخۆشبوو (قـازی محمـد) زانای ئاینی و پێشەوا، سەرۆکی (کۆماری مەهاباد)، لە تەمـەنی (٥٤) ساڵیدا، لەمەیدانی چوار چرا لە مهاباد لە سێدارەدرا سـاڵی (١٩٤٧)، تەنها لەبەر ئەوەی، وەك مەلاو قازی و پێشەوا کۆمـاری کوردسـتانی دامەزراندو ئالای کوردستانی بەرز راگرت.

هەر مرۆڤێك، چاو بخشێنێت بـە مێـژووی خـەبات و بـەرخودانی میللەتەکەمان دەگاتە ئەم راستیە کە زانایانی کوردستانیش وەك تاك یـان کۆ، لە کاروانی چاکسازی و فیـداکاری و شـۆرش و خەباتـدا، وەك هەموو شۆرشگێرو دڵسۆزانی ولات، بوونی خۆیان لـە سـەنگەرەکانی پێشەوە لەگەڵ برا پێشمەرگەکان بینیوە قۆڵی خەباتیان لە پێناو بەرگری کردن لە نەتەوەی کوردی ستەم لێکراو، لە هەموو قۆناغەکانی شۆرشدا هەڵماڵی و رەنج و خوێنیان داوە. ئەگەر شۆرشی ئـەیلول بـە نمونـە وەرگرین ئەوانەی مەلاش نەبوون، رۆژێك لە حوجرە بووبن، نازنـاوی مەلایەتیان بۆ خۆیان دانابوو. سەرکردایەتی ئەو کاتەی شـۆرش کـە مرحوم (مەلا مصطفی بارزانی) بووە، رێزو حورمەتی زۆری بۆ زانایانی ئایینی هەبووە، هەر بۆیەش مەلای کورد بـەدڵ و نیـەتێکی پاکـەوە، دەورەیانداو، پشتگیریان لێکرد، ئەو شانازی بە مەلایەتیەوە کـردووە، ئەو مەلایانەی زۆر لێی نزیك بوونە، رەوشتی (مەلا مصطفی) یـان بـە رەوشتی خولەفای راشیدین چواندوە، لە هـەق بێـژی و غـیرەت و چاونەترسی و هەڵمەت بردن و خۆنەویستی و داپەروەری و ... هتد.

دامەزراندنی یـەکێتی زانایـانی ئـایینی ئیسـلامی کوردسـتان، لـە ١٩٧٠/٩/٢١، بە پشتگیری رابەرایەتی شۆرش چەتری کۆکەرەوەی مەلای کورد بوو، وەپشتگیریء رەوایی دان بوو بـۆ ئـەو شۆرشـە نەتەوایەتیە.

دیارە مەشخەل و داینەمۆی هەموو ئەو شۆرشانەش زانایـانی ئـایینی و ماموستایان و رۆشنبیرو کەسی بەتوانا و زیرەك و دڵسـۆز بـەخاك و خەڵك بوون. گەلی کوردیش لەو گەلانەیە کە زۆرترین ستەمی لێکراوە و زۆرترین شۆرشی ئازادی خوازی ئەنجام داوە. وە زۆربـەی هـەرە زۆری ئەو شۆرشانە لە لایەن مـەلاو پیـاوانی ئـایینی و رۆشـنبیران بەرێوەبراون. ئەمە شتێکە نکۆڵی لێناکریٰ و مێژوو شاهێدە، کە لـەژێر چەتری ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەنجام دراون و سەرکەوتنیشیان بەدەست هێناوە، سەروەری گەورەیان بۆ کاتی خۆیان و پاش خۆشـیان تۆمـار کردووە.

ئەو زاناو عارف و شاعیرانەی رابەرایەتی شۆرشەکانیشیان نەکرد بێت، توانیویانە چەمکە نەتەوایەتی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتیەکانیان بکەن بە هەوێنی بابەتە شیعرییەکانیان، وەك مەلای جزیری و ئەحمەدی خـانی و فەقێ تەیران و نالی و مەحوی و مەلای گەورەی کۆیەو چەندەهای تـر، کە لەگەڵ ئازارو خەمی گەلەکەیاندا ژیاون.

**رۆڵ و پێگەی (مەلای) کورد، بەدرێژایی پتر لە هەزار ساڵ، هەزاران گوندی کوردسـتان و شـارەکانی، بـێ حوجرەو (مەلا) نەبووین، رۆشنبیریان بڵاوکردۆتەوە و مەلای دانا و زانایان پێگەیاندوە**

ئەوەتا (مەلای گەورە) دەڵێت:

هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەنــــاڵم ... عیلاجیان چــۆن بکەم هاوار بەماڵم
بەزۆری جــــاهیل و نەخوێندەوارن ... لە لای نەوعیٚ بەشەر بێقەدرو خوارن

پۆشاکی مەلای کورد

لەسەرەتا پێویستە واتای پۆشاك لە روانگەی قورئانی پیرۆزەوە بــزانین خوای گەورە فەرموویەتی: (يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُــوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُــمْ يَذَّكَّرُونَ) الأعراف: ٢٦.
واتە: خوای گەورە لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە، بە بنیادەمی فەرموو: ئەی ئادەمزاد ، ئێمە شتی وەهامان بۆ دروست کردوون کە بۆ جوانی دەبەری کەن، بەلاٚم پۆشاکی لەخودا ترسان و خۆ دوور خستنەوە لــە گونــاه باشترین بەرگ و پۆشاکە، ئەمەیش نیشانەی گــەورەیی و میهرەبــانی خودایە، بەڵکو بیر بکەنەوە و شوکری نیعمەتەکانی خودا بکەن.
هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّــهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ) النحل: ١١٢.
واتە: لە ئەنجامی کوفر کردنیان بە نیعمەتەکانی خودا، خوایش پۆشــاکی برسییەتی و ترسی کردە بەریان.
بۆمان دەردەکەوێت، کەوا پۆشاك بەمەعنای حەقیقی ئەوەیە کە مرۆڤ ئەیکاتە بەر خۆی و وە بەواتای: حەیاو باوەڕو داپۆشینی عــەورەت و پۆشاکی ترس و برسییەتیش هاتووە.

دیارە عەرەبەکان، لە کاتی تەواف بە دەوری کەعبەدا، خۆیــان رووت کردۆتەوە خوای گەورە فێری کردن، پۆشاك بکەنە بەریان. ئەوەی کــە گرنگە، ئەوەیە کە ئیسلام پۆشاکێکی ئایینی دیــاری کــراوی نییــە. رەچاوی داب و نەریتی گەلانی جیاواز لەیەکتری کردووە، زیاتر بایەخی بە ناوەرۆك داوە نەوك ڕواڵەت.

ئەوەی زاندراوە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) مێزەرەکــەی ڕەش بووە، هەندیٚ جاریش ڕەنگی سپی بــووە، هــەر وەك عــادەتی عەرەب. واتە ئیسلام نەهاتووە بۆ تەعریب کــردنی گــەلانی غــەیری عەرەب. بەڵگەمان ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: ئەم ئایەتانەی کە وشەی (لباس)یان تێدا هاتووە، پێمان دەڵــێن: (تەقوا) خاوەنەکەی دەپارێزیٚ لە عەزاب و توڕەیی خــودا، هــەروەك پۆشاك مرۆڤ دەپارێزی لەسەرماو گەرما.

دووەم: پێغەمبەری خودا، خۆی لەخەڵك جیانەکردۆتەوە، بەوەی کــە پۆشاکێکی تایبەت بکاتە بەر خۆی، هەر بۆیە کاتێك کەوا هاتوون بــۆ لای، کەسانێك کە پێشتر نەیان بینیوە، پرسیاریان کــردووە: (أَيُّكــم مُحَمَّدٌ؟)، واتە کامتان پێغەمبەری خودایە؟ (البخاری : ٦٣).

سێیەم:. ئیمامی عمر (خوا لێی رازی بێت)، قبــولی نــەبوو یــاوەرانی پێغەمبەر، پۆشاکی غەیری عەرەبی بپۆشن، بەڵگەش ئەمەی خوارەوەیە: (عن ابي عثمان قال: كتب إلينا عمر ونحن بأذربيجان: (...وإيــاكُمْ والتنعّمَ وَزِيَّ العجم،...) ئەم فەرموودەیە ئیمــامی موســلیم باســی کردووە لە بابەتی (پۆشاك و زینە)، ژمارەکەی (٢٠٦٩) یە.

ئیمامی نەوەوی (خوا لێی خۆش بێت)، دەڵێت (قصد عمر محافظتــهم على طريقة العرب في ذلك). (صــحيح مســلم شــرح النــووى : ٢٥٧٢/١٤). واتە مەبەستی ئیمامی عمر ئەوە بووە: هەر گەلێك پابەند بێت بە پۆشاکی نەتەوەیی خۆی. ئەو رقی لە پۆشاکی عەجەمی نــەبووە. ئەگەر سەیری پیاوانی ئایینی، ئاینەکانی دی بکەین، دەبینین: هەریەکەیان ڕەنگێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بوزیەکان ڕەنگی زەردی پرتەقالیــە، جوەکان ڕەنگی ڕەشە، سیخەکان ڕەنگی سپیە.

مەلای کورد، پابەند بووە بە پۆشاکی نەتەوەیی خۆی، زانیویەتی (جوبەو عەمامە) پۆشاکی ڕەسەنی خۆی نییە، بەلاٚم کە مێزەرێکی سپی بەستووە، تەنها بۆ ئەوەی بووە خەڵك بیناسن و بچن بــۆ لای بــۆ ڕاپەرانــدنی کاروباری ئایینی.

بۆ ئاشنابوون بە بەڵگەو ڕۆنکردنەوەی زیاتر دەکریٚ کتــێبی (تــاريخ التعريب الدينى) بخوێنیتەوە، دانراوی ماموستای بەرێز د. (عرفات کرم ستونی). خوای گەورە ئاگاداری نیەتمانە.

# مەلای کوردو رابەرایەتی و پێشەنگی

# لە ئەرك و پیشەو پێگەدا

**نوسینی : پ.د.عرفان رشید شریف**

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیو ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان



مەلا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە بە کەسایەتیی زانستی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەسێکی موجازو دەرچووی مەدرەسەی زانستە شەرعییەکان دەوترێ، کەسایەتییەکی دیاری ئاینی و کۆمەڵایەتیی ناو چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکە، کە لە ڕووی ئاینییەوە وەك پێشەواو مامۆستای ئەرك و مەناسیکە ئاینییەکان و لە بواری کۆمەڵایەتیشدا وەك چاکسازو ڕێنیشادەرو ڕیشسپی و دەمڕاستی ئەو خەڵکە دەناسرێ.

مەلا لە کوردەواریدا نازناوێکی زانستی و پیشەییەو بەهەموو ئەو کەسانە دەدرێ کە علومە شەرعییەکانی مەنهەجی دیاریکراوی (مەزهەبی شافعی ) مەدرەسە شەرعییەکانی مزگەوتەکانی کوردستان کە بە حوجرە ناسراوە تەواو دەکات و ئیجازەی زانستی وەردەگرێ.

مەلای کوردستان وەك پێشەوای زانستی شەرعیی زۆربەی گەل و میللەتانی جیهانی ئیسلامی کەسایەتییەکی زانستی و مەعریفییە کە هەمیشەو تەواوی ژیانی لە ناو کۆڕو چوار دیواری زانست و مەعریفەو خواپەرستیدا بەسەردەبات، چونکە ئەم جۆرە لە پیشە یان ناونیشان بۆ مرۆڤی موسڵمان وابەستەبوونە بە مەشغەڵەتێکی دەوری کە هەمیشە لە خزمەت زانستدا دەبێت چ وەك فێربوون و وەرگرتن یان وەك فێرکردن و بەخشین بۆیە پلەکانی ژیانی زانستی و پیشەیی مەلایەتی لە سوختەو موستەعیدی فەقێیەتیەوە بگرە تا مەلایەتی و تەدریس بە تێکرا ئامادەبوونێکی زیهنی و ڕووحییە لە خزمەت علووم و مەعریفەی سەماویدا.

بە درێژایی مێژووی حوجرەو مەدرەسەی زانستە شەرعییەکانی ئاینی ئیسلام لە کوردستان ئەم چینە لە خوداناسان ( مەلاکانی کورد ) جگە لە ڕاگرتنی باڵانسی بەرژەوەندییە فەردی و جەماعییەکانی دنیاو قیامەتی میللەتی کورد، ئەرکی پێشەوایەتیکردنی بوارە جیاجیاکانی نەتەوەکەیان و ریکخستنی پەیوەندییەکانی ژیانی خەڵکیشیان لەسەرشان هەڵگرتووە، بۆیە زۆرترین و کاریگەرترین حوزوور لە کایە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەدا مەلای کورد هەیبووەو هەر ئەویش بووە لە یەکلاکردنەوەی پرسە گرنگەکانی ژیانی ئادەمیزادی ئەم وڵاتەدا قسەو بڕیاری دیارو قبووڵکراوی لەلا بووە.

مەلای کورد بە بەراورد بە چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگەکەی سەرباری ئەو ئامادەییە دیارو هەمیشەیی و سەرتاسەرییەی ناو کایەکانی ژیانی خەڵکی وڵاتی کوردەواری زۆر کەم ڕێککەوتووەو ڕوویداوە لەبەر مەنفەعەتێکی دارایی و کۆمەڵایەتی خۆی دەست لە پیشە و ئەرکە پیرۆزە خۆبەخشەکەی خۆی هەڵگرێ و شوێن بەرژەوەندی دنیایی خۆی بکەوێ و عینوانی زانستییانەی خۆی بە عینوانێکی دنیایی تر بگۆڕێتەوە کە قازانج و کەڵکی دنیاییانەی زۆرتری تێدابێ، واتە زۆر کەم ڕوویداوە مەلای کورد جبەو مێزەرو حوجرەو تەدریس و ئیمامەتی بۆ وەزیفەیەکی دونیایی وەلا نابێ و لەبری مەلایەتی کوێخایەتی و ئاغایەتی و ئەفەندیبوون و پۆست و پلەی دنیایی خستبێتە سەرو ئەرك و کارو ناونیشانە پیرۆزەکەی خۆیەوە مەگەر کەسانێکی زۆر کەم و شاز نەبێ کە ئەو ئاستەش کار لە شوناس و ناسنامەی مەلایەتی لە کوردستاندا ناکات.

> **"مەلای کورد ئەو کەسایەتییە زانستی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە کە بزوێنەری ژیانی کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی بە هەموو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە پێکهێناوە"**

بۆیە ئێمە کاتێك باس لە شوناسی مەلای کورد دەکەین دەتوانین لە کورترین پێناسەدا بڵێین مەلای کورد ئەو کەسایەتییە زانستی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە کە بزوێنەری ژیانی کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی بە هەموو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە پێکهێناوە بە حوزوورێکی کاریگەری بەخشش و هەمیشەییەوە لە یەکەم رۆژی هاتنە دنیای مرۆڤەکانەوە تا ئاخرین کات و ساتی لەدونیا دەرچوون و سپاردن و ماڵئاواییکردنی.

مەلای کورد هەمیشە پێگەیەکی بەرزی ئاینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت زۆر جار سیاسیشی لە ناو میللەتی خۆیدا هەبووە. لە ڕووی ئاینییەوە وەك مامۆستای علوومە شەرعییەکان پێشەوای ئەرك و پەرستشە کۆمەڵاییەکان و راوێژکارو ڕابەری پەرستشە شەخسییەکانی موسڵمانان بووەو هەیە، لە هەموو مەسەلەیەکی شەرعیدا کە ئەو مەسەلانە وابەستەی ژیانی رۆژانەی خەڵکن مەلای کورد ئامادەیی کاریگەری هەیەو لە حاڵی شارەزایی خەڵکیشدا لە مەسەلە شەرعییەکان دیسان ئەو خەڵکە بۆ یەکلاییکردنەوەو دڵنیابوونەوە لە حەقیانەتی بابەتێکی فیقهی پرس و ڕاوێژ بە مەلا دەکات بەو پێیەی ئەم لە پێگەیەکی باڵای زانستی و ئاینی وادایە کە موجازی شەرعییەو فەتوا لەو وەردەگیردرێ.

لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە مەلای کورد هەمیشە وەك چاکسازو ڕێکخەرێکی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵك ناونیشانێکی دیارەو رووی سەرنج و بایەخ لەو دەکرێ و لە چەندین بابەتی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە ژیانی تاك و دەستەجەمعیدا ئەم حوززوری یەکلاکەرەوەی هەیە. ئەگەر تەماشای کۆڕو کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك سوڵح و داخوازی هاوسەرگیری و بۆنە گشتییەکانی تری کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین دەبینین زۆر کەم ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە بێ ئامادەبوونی کاریگەری مەلایەك بەڕێوەدەچێ، ئەمە ئەوە بە دیار دەخات کە پێگەی کۆمەڵایەتی مەلای کورد لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە ئاستێکی بەرزو باڵادایە.

لە ڕووی فەرهەنگیشەوە مەلای کورد هەمیشە پێشەنگی کایە مەعریفی و ئەدەبییەکانی کورد بووەو وەك خەرمانێك لە کلتوورو ڕۆشنبیری کورد تاریفکراوە، پێگەی فەرهەنگی مەلای کورد کە هیچی لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی کەمتر نەبووەو نییە پێگەیەکە گەیشتووەتە ئاستێك مێژووی کلتوورو فەرهەنگی کورد بە هەوڵە مێژووییە مەعریفییەکانی ئەووەوە گرێدراوە.

لە ڕووی سیاسیشەوە پێگەی مەلای کورد لە تەواوی رووداوو مەسەلەو پێشهاتەکانی مێژووی کوردا لە ئاستی لوتکەدا بووە، هەموو ئەو شۆرشانەی کورد شانازییان پێوە دەکات بووەتە مێژووی شوناسی میللی و نەتەوەیی گەلی کوردستان لە سەر دەستی مەلاو بە بیرو هزرو بازووی مەلا هەڵگیرساون، مێژووی سیاسی کورد لە شێخی نەهرییەوە تا شێخ سەعید و قازی و مەلا مستەفای بارزانی گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن کە مەلای کورد سەردێرو ناونیشانی بزافە نەتەوەییەکانی دوو سەدەی خەباتی بەرخودانی بوون و مانەوەی نەتەوەیی کۆمەڵی کوردەوەرای بوون.

ئێستاشی لەگەڵ بێ پێگەی مەلای کورد لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیەکی موشاریکی بەهێزەو لە ئاستی باڵاداو لە تەواوی پێشهاتە سیاسییەکاندا پێگەو ڕۆڵی دیاری هەیە چ وەك فەتواو تەوجیهی گشتی چ وەك کاریگەری لە بڕیارو مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلدا کە ڕای گشتیی خەڵك و تا ڕادەیەك گۆڕەپانی سیاسی هێزو لایەنەکانیش بە بایەخەوە لێی دەڕوانن.

**پێگەی مەلای کورد لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیەکی موشاریکی بەهێزەو لە ئاستی باڵاداو لە تەواوی پێشهاتە سیاسییەکاندا پێگەو ڕۆڵی دیاری هەیە چ وەك فەتواو تەوجیهی گشتی چ وەك کاریگەری لە بڕیارو مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلدا کە ڕای گشتیی خەڵك و تا ڕادەیەك گۆڕەپانی سیاسی هێزو لایەنەکانیش بە بایەخەوە لێی دەڕوانن.**

تایبەتمەندی مەلای کورد کە خاڵی جیاکەرەوەی زانایانی وڵاتی ئێمەیە لە زانایانی وڵات و ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەدیار دەکەوێ :

یەکەم: مەلای کورد جیا لە زاناو پێشەوایانی میللەتانی دەوروبەری خۆی مەلایەتی بۆی بووە، ئەرك و وەزیفەیەکی گران لەسەر شانی نەك وەرگرتنی ئیمتیازاتی شەخسی و قایمکردنی پایەی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی، لە یەکەم ڕۆژی فەقێیەتییەوە ژیانێکی کولە مەرگی پڕ زەحمەت لە پێناو کەسبی علم و مەعریفەتدا هەڵدەبژێری و شار بە شارو دێ بە دێ بە دوای دۆزینەوەی مەدرەسەو مودەریسێکی بەتواناداو ویڵ دەبێ و ژیانی هیجرەت و دەردەسەری ئیختیار ئەکات تا بڕێك زانست و مەعریفەی دەسکەوێ. دواتریش مەلایەتی دەبێتە زنجیرێك و دەستو پێی لە مومارەسەی گەیشتن بە بارودۆخێکی دارایی باش دەبەستێ و شەووڕۆژی ژیانی بە خزمەتی خەڵکەوە دەبەستڕێتەوە بێ ئەوەی وەك زاناو مەلای وڵاتان و شوێنانی تر حیسابی ئەو مەشغەڵەت و گرێدانەی ژیانیان بە ژیانی خەڵکەوە بۆ بکرێ و ئەو ماندووبوونەیان لەبەرچاو بگیرێ، بۆیە تایبەتمەندی مەلای کورد لە تایبەتمەندی باوك دەچێ کە هەمیشە چاوەڕوانی بەخششی لێدەکرێ نەك وەرگرتن، هەر ئەمەشە وایکردووە وەك ڕەعیەت و ڕۆڵەی ئەو باوکە لە مەلای کورد بڕوانرێ و هەڵکشانی گلەوگازاندە لەبەرامبەر داکشانی مەدح و پێزانینی خەڵکدا زۆرتر بێ.

دووەم: مەلای کورد بە پێچەوانەی مەلای شوێنان و گەلانی تر لە هەر شوێنێك خەڵك ئاوەدانی بنیاتنابێ لەوێ مزگەوت و مەدرەسەی ئاوەدانکردووەتەوەو فەقێ و قوتابی ڕاگرتووە و بۆ ئەمەش نە منەت نە شانازی بەسەر کەسەوە نەکردووەو خۆی بە بەرپرسیاری دونیاو قیامەت زانیوە لەوەی کە کەمتەرخەمیی لە ئەرکە پیرۆزەکەیدا بکات، بۆیە لە هەر شوێنێك دوو ماڵ بووبێ مەلاو مزگەوت و حوجرەیەکیش لەوێ بوونی هەبووە بە پێچەوانەی گەلان و وڵاتانی جیهانی ئیسلام کە مەدرەسەو شوێنی زانایان لە شارە گەورەو بەناوبانگەکان و لە بەرزترین ئاستی بایەخی ئابووری و شارستانیدا بووە و ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو جیاوازییە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ.

سێیەم: لە مەدرەسەو ناونیشانە زانستییەکانی دنیادا وا باوو جێگیرە کە مامۆستا قوتابی قبوول دەکات و لەبەرامبەریشدا مەڵبەندو شوێنە زانستییەکانی زانایان قوتابی قبوول دەکەن، بەڵام خاسییەتی مەلای کورد لەمەشدا تایبەتمەندی خۆی هەیە بە درێژایی مێژووی هەبوونی ئەم چینە زانستییەی کورد قوتابی گەڕاوەو مەلای قبوول و ئیختیار کردووەو لە هەر جێیەك مەیلی بووبێ و پێی باش بووبێ خوێندوویەتی و مەلای مودەریسیش بە ڕەحابەتی سەدرەوە قوتابییەکەی وەك ڕۆڵەو شاگردی خۆی قبوولکردووە مەگەر بێجێیی و دەسەبەرنەبوونی بارودۆخی ماڵی و دارایی ڕێگربووبێ.

دەربارەی ئەو خزمەتەش کە مەلای کورد لە هەموو بوارە جیاجیاکانی



ژیانی کۆمەڵگەو نەتەوەکەی خۆی و مرۆڤایەتیدا کردوویەتی ئێمە لە ئاماژەیەکی خێرای ناو ئەم نووسینەدا تەنیا دەتوانین وەك سەرەقەڵەم باسیان بکەین چونکە ئەگەر بمانەوێ حەقی تەواوی خۆی پێبدەین بە چەندین بەرگی کتێب بۆمان نانووسرێتەوە .

سەرەتا لە کایەی ئەدەبی و مەعریفیدا مەلای کورد ناوبانگێکی بە میللەتی کورد و ئوممەتی ئیسلام بەخشیوە کە هیچ پیشەو ناونیشان و چین و توێژێك نەیتوانیوە ململانێی لەگەڵدا بکات. مەلای کورد لە ڕێی مەلای جزیری و خانییەوە یەکەمین دەقی ئەدەبی کرمانجی دەنووسنەوەو کورد دەکەنە خاوەنی ئەدەبی نووسراو، نالی یەکەمین کەسە شیعر بە کوردی دەنووسێ و کورد دەکاتە خاوەنی شیعری خۆماڵی.

ئەو خەرمانە لە ئەدەبیات و مەعریفەی کوردی کە مەلا شاعیرەکانی کورد وەك مەولانا و نالی و مەولەوی و مەحوی و بێخودو سەدانی تر سەریەکیانناوە بەسە بۆ ئەوەی راستی و درووستی خزمەتی بێوێنەی مەلای کورد بسەلمێنێ .

لە بواری مەعریفەی ئاینیشدا لە ابن سەلاح وابن خلکان و باقلانی و موسەنیفەوە بگرە تا مەولاناو بێتووشی و ابن حاج و عەللامەی نۆدشی و پێنجوێنی و مامۆستا باقرو مەلای عبدالکریمی مودەریس و هەزارانی تر مەلای کورد بە هەزاران توحفەو باخ و گولزاری زانست و مەعریفەی خستووەتە پاڵ باخ و باخاتی بیرو فیقە و علوومی ئوممەتی ئیسلام کە تا دونیا دونیا بێ شانازی پێوە دەکرێ.

لە بواری ڕێنموویی ئاینی و ئەخلاقی و ڕێبەرایەتیی کۆمەڵایەتیشدا مەلای کورد پارێزەرێکی سەرەکی کەسایەتیی ئیسلامی و بنیاتنەری مەوسووعەی پەیڕەوی کۆمەڵگەیەکی شیرازە نەبچڕاوو ئابروومەندی مرۆییە کە بێ هیچ تەکلیف و ئیمتیازێك خۆبەخشانە وەك ئەرکێکی بەرپرسیارانەی دینی و ئەخلاقی و نیشتمانی و مرۆیی خۆی پێوە پابەندکردووە.

ئەو خزمەت و هەڵوێستەش کە مەلای کورد لە پاڵ چەرمەسەری و تاڵی و شیرینی قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتەکەیدا کردوویەتی و نواندوویەتی هیچی لە هەوڵە پیرۆزەکانی تری پێناو ئاین و ژیانی دونیاو قیامەتی خەڵك کەمتر نییەو نەبووە .

مەلای کورد هەمیشە لە سەنگەری گەل و بەرخودانی میللەتەکەیدا قوربانی بە ژیان و ماڵی خۆی داوەو لەسەر بەردێك و بەنانە ڕەقێك توانیوێتی لە پاڵ خەڵکدا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات کە وەك ئاشکرا ئەرکی مەلایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی گەل و خەڵکەکەیدا ئەرکی شەوانەو ڕۆژی و هەمە لایەنەی بێوچانە بە شێوەیەك کە ئەگەر مەلای کورد لە شوێنێك یان لە رووداوو کاتێکدا بە ناچاری و بێ ویستی خۆی ئامادەیی نەبووبێ، خەڵك وەك ئەو کاروانەیان لێهاتووە کە لە بیابانێکی نادیارو چۆڵگەیەکی قاقڕدا دەلیل و شارەزاکەیان لێ بزر دەبێ.



# مەلای کوردو

# گوتاری میانڕەوی


**مەلا عبداللە شێرکاوەیی**

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان




بەدرێژایی مێژوو مەلای کورد لە چوارچێوەی ئەو ڕێڕەوە ڕەسەن و زانستییەی گەورە زانایان بناغەیان بۆ داناوە، هەمیشە لەرێی پەیام و گوتارو هەڵوێستەوە خزمەتێکی گەورەیان لە ئاست واقع و خواستی خەڵك پێشکەش کردووەو، لە دەستنیشانکردنی برین و دۆزینەوەی چارەسەر هەوڵی جددیان داوە بۆ ئەوەی باشترین ڕێگەچارە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی دینی و دونیایی پێشکەش بکەن، هەوڵی بەردەوامی مەلای کورد بۆ ئەوە بووە ئاراستەی کۆمەڵگە بە شێوازێکی ئامانجدارو دروست بڕوات و، لە لادان و سەرگەردانی و پشێوی و هەڵچوون و ناهەموارییەکان بەدوور بێت، لەهەمان کات پەروەردەو تەبایی و ڕێزگرتن و مامەڵەی جوان و خۆشەویستی و بەهاو ڕەوشتی بەرزو باڵا، بنەمای پەروەردەی تاك و پێکهێنانی خێزان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ساغلەم و بێ کێشە بێت، کە تێیدا ڕەنگدانەوەی لایەنە ئەرێنییەکان بەسەر تەواوی کایەکانی ژیانەوە دیارو کارا بێت.

خەمخۆری لە ئەنجامدانی ئەرك و، میانڕەوی لە ئەداو، هاوسەنگی لە پیشەو هەنگاوەکان، لایەنێکی دانەبڕاوی نێو هزرو هەڵوێستی مەلای کورد بووە، کە دواجار ئەم جۆرە لە گوتارو خزمەت و ئاراستەیە، کاریگەری و کاردانەوەی گەورەی لە مەیدان و کاروانی پەیڕەوانی ئایینی و گوفتارو ڕەفتاری تاکی موسڵمان چێ کردووەو هەموو ژیانی بەرەو باشی گۆڕیوەو، خەسڵەتە خراپەکانی نێو کۆمەڵگەی بەرەو کەمبوونەوەو باشیەکانی بەرەو هەڵکشان بردووە.

گوتاری مەلای کورد هەڵقوڵاوی شەریعەت و تێگەیشتنی زانستی و پەیوەست بە بنەمای میانڕەوی وەك یەکێ لە پایە جوانەکانی ئیسلام و خەسڵەتی ئەهلی زانست و عیرفان بووە، ئەمەش وەك قەناعەت و پابەندی و شوێنکەوتەیی ڕێبازی پێغەمبەری ئیسلام بووە، کە رابەرو رەحمەت و پێشەنگی ئوممەتەو پێش هەموو کەس خودی خۆی میانڕەوی پیادە کردووە لە میانەی ئەو رەفتارو گوفتارانەی ئەنجامیداوە لە ژیانی رۆژانەیدا، بۆ ئەوەی بە واقعی بیسەلمێنێت بۆ هەموو کەس، کە میانڕەوی شتێك نیە پەیوەست بێت بە خەیاڵ و ئەندێشە تەنها بە ووتە باس بکرێت، بەڵکو یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانەی کە زۆربەی ئەحکامەکانی ئایینی لەسەر بنیات نراوەو سلوکێکی گرنگە لە ئیسلامدا، کە پێویستە لە واقعدا بەرجەستە بکرێت.

ئەم تێگەیشتن و بنەمایە فاکتەرو ئیلهام بەخش و پاڵپشت بووە، کە مەلای کورد بەردەوام لە گۆڕەپانی بانگەوازی و گەیاندنی پەیامی ئایینی حیکمەت و نەرمی و دووربینی لەبەر چاوو بگرێت و، شێوەو مۆرکی وتارێکی بنیاتنەرو نەرم هەڵبگرێت، ئەو هەستە میانڕەو و رۆحیەتە عیرفانیە رۆڵی ئەرێنی و رابەرایەتی و ئاراستەی کۆمەڵگەی گێڕاوە، ئەمەش وای کردووە کەمترین گرفت و پێکدادان لەرووی فکری و مەزهەبی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی روویدات، بە دیوێکی تر دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەی کوردی لەسایەی هەژموون و گوتاری میانڕەوانەی مەلای کورد قەت تووشی شکست و پاشەکشەو تێکگیران و توندڕەوی و دەستەمۆیی و پەرتەوازەیی و زیان نەبووە، بەپێچەوانەوە هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی لەناو کۆمەڵگەو لە زیهنی تاکی کورد بەرجەستە کردووە، ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێ، کە ئایین گەورەترین

> **"مەلای کورد بەردەوام لە کاری بانگەوازی و گەیاندنی پەیامی ئایینی حیکمەت و دووربینی لەبەر چاوو گرتووەو، شێوەو مۆرکی وتارێکی بنیاتنەرو نەرم و میانڕەوی پەیڕەو کردووە"**

ڕۆڵی لە ژیان و سلوکی تاکی کۆمەڵگەی کوردی گێڕاوەو کاردانەوەی لەسەر تەواوی کایەو جومگەکان جێهێشتووە.

هیچ کات گوتاری مەلای کورد توندو زبرو تێکدەرو ئاڵۆزو میزاجی نەبووە، وە هۆکاری لادان و ترازان و بەکارهێنانی خەڵك بۆ مەرامی تایبەتی و دونیایی یان سیاسی و دەسکەوتی کاتی نەبووە، بەڵکو پەیامێکی نەرم و دڵسۆزو پاڵپشت و بنیاتنەرو موژدەبەخش و ئامۆژگاری و ویژدانی و ئیمانی و ئینسانی و جێی ئومێدی زۆر بووە، هەمیشە ئەو خەمخۆری و پەیامە ڕەسەنە مایەی خێرو خۆشی و ئارامی دەروونی و کۆمەڵایەتی و، ئامانجی سەرەکی ئەوە بووە ئەمڕۆی کۆمەڵگە لە دوێنێ و بەیانی لە ئەمڕۆ باشترو چاکتر بکات.

ئەو شێوازە لە گوتار زادەی تێگەیشتنی فراوانی زانستیە لە دەقە پیرۆزەکان و پەیڕەوی ڕای گەورە زانایانە، بەو پێیەی بێ تێگەیشتن لە مەبەست و سیاقی گوتاری ئایینی ناتواندرێ گەورەیی ناوەرۆك و پەیامی بانگەوازی ئیسلامی ئامانجی خۆی بپێکی، چونکە ڕووکەشی گوتارو ملکەچبوون بۆ عاتیفەو ڕای شەقام و میزاج و تێگەیشتنی کورتبینانە، هۆکاری سەرهەڵدانی گوتارێکی ئیسلامی ناهاوسەنگ و توندو دژ بە یەك و ئاڵۆزەو، دەرهاوێشتەی نێگەتیڤ بەسەر پێگەی گوتارو دۆخی ئاراستەی پەیامی ئایینی لەناو کۆمەڵگە دروست دەکات.

بەرهەمی ئەو گوتارە هاوسەنگ و میانڕەوە لەوەدا ڕوونتر دەکەوێت، کە کاریگەری گەورەی بەسەر تەواوی کایەکانی کۆمەڵگەو تاکی کورد جێ کردووە، ئەو پێکەوەژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و هەست و حەزی ئاشتی و تەبایی و نیشتماندۆستی و پارێزگاری کیان و پاڵپشتی پرسە نەتەوەییەکان و کلتوری دەوڵەمەندی ئەدەبی و عیرفانی و بزاڤی ڕۆشنبیری و هەبوونی سەدان حوجرەو مەدرەسەی کارا لە پێگەیاندنی ڕۆڵەیەکی پڕ عیلم و، سەرپەرشتی کردنی مزگەوت و مینبەرو سەرهەڵنەدانی بیری توندڕەوی بەشێکی ئەو شانازییە مەزنەیە، کە زادەی خزمەت و هەوڵ و جیهانبینی مەلای کوردە، ئەمە لەکاتێکدا لە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر دوژمنانی گەلی کورد دەیان نمونەی هەڵوێست و قارەمانێتی و بوێری و چاونەترسی زانایان هەیە، کە بە متمانەو قەناعەتەوە خۆیان لەبەرەی بەرگری و دەربڕینی هەڵوێست و هاوشانی میللەتەکەیان بینیوەتەوەو قوربانی گەورەشیان لەو مەیدانە داوە، نمونەی هەر زیندووی ئەو بوارە قۆناغی شەڕی داعشە، کە ئەگەر هاوسۆزی و گوتاری بەرگریانەی مەلای کورد لە دروستکردنی قەناعەت بۆ ڕای گشتی لە پاڵشتی پێشمەرگەو بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزو هزرە توندڕۆیە نەبووایە، ئاسان نەبوو ئەو سەرکەوتنە گەورەیە مسۆگەر بێت.

بەداخەوە لەبەر زۆر هۆکارو سەرەڕای هەموو ئەو دەق و دۆخ و بنەما گرنگانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام باسی لێوە کردووە، کەچی لە هەموو قۆناغەکان بە ئێستاشەوە بەشێکی کۆمەڵگەو وڵاتان، بەدەست گوتاری توندو ناهاوسەنگ دەناڵێنن و، لە پای هەستی توندڕەوی و ڕەفتاری توندئاژۆیانەی کەسانێك، کە دوور لە بەهای میانڕەوی و بە خیتابی توندو خوێندنەوەی ڕووکەش و فەتوای بێ بنەماو نازانستی سەدان ئاریشە بۆ خۆیان و کۆمەڵگەو خەڵك دروست دەکەن، لەوانەشە هەندێ جار وا تێبگەن کە ئەوان کارێکی چاك بۆ ئایین دەکەن کاتێك بە ئاراستەی توندڕەوی دەڕۆن و لە چوارچێوەی میانڕەوی لادەدەن، کەچی نازانن بەو هەڵسوکەوتەیان زیان لە ئیسلام دەدەن و وێنای بەها جوانەکان بەناوی ئیسلامەوە دەشێوێنن! سەرەنجام ئەوانەی خوێندنەوەی ڕووکەش بۆ بەشێکی دەقەکان دەکەن و دواتر عەقڵ و میزاج دەکەنە پێوەری تێگەیشتن! غەدرێکی گەورە لە خودی دەقەکە دەکەن، دەرەنجام ناتوانن گوتارێك بەرهەم بهێنن، کە وەك خۆراکێکی ڕۆحی و فیکریی، ئاسۆو قووڵایی بیرکردنەوەی جەماوەرە موتەدەینەکە



گەشە پێ بدەن.

وەك دەزانین لەساڵانی رابردوو کۆمەڵگە بەو ئاستەی خوێندەواری و کرانەوەی ئێستا نەگەیشتبوو، بەڵام لە ژێر کاریگەری خیتابی نەرمی مەلای کورد هەمیشە سەقامگیری و رێچکەو قەناعەتێکی گەورە حزوری هەبووەو، هەیمەنەو کاریگەری لەسەر ژیان و سلوك و لایەنی رۆحی و مامەڵەو هەڵسوکەوتی تاك ناوەتەوە، تاکێك لەیەك کات هەم دیندار هەمیش دڵسۆز بۆ خاك و نیشتمان.

راستە ئێستا لەرووی جۆرییەوە ئاستی گوێگرو بەشداربووانی گوتاری ئایینی بە بەراورد لەگەڵ سەردەمانی پێشتر ئاستەکەی بەرز بۆتەوەو گۆڕانی جۆری و بابەتی بەسەردا هاتووە، جاران ڕەنگە رێژەی زۆرتر خەڵکی نەخوێندەوار بن، بەڵام ئێستا بەهۆی کرانەوەو تەکنەلۆژیا خەڵکێکی هۆشیارو بە ئاستی پلەی زانستی بەرزیش لە هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە ئاشنای گوتاری ئایینی و تەنانەت ئامادەی وتاری هەینی دەبن، کە ئەمە وا دەخوازێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و رێچکەی زانایانی پێشین و شێوازی ئاراستەی ئەو گوتارە لە خزمەتی دین و ژینی کۆمەڵگە لەلایەك و، سوود وەرگرتن لە کەرەستەو ئالیەتی هاوچەرخ بۆ گونجان لە گەڵ ڕەهەندە نوێیەکان و ئاگادار بوون لەو شێوازە دروستەی بە ئاست و کاریگەری باشەوە پەیامی ئایینی پێ عەرز دەکرێت لەلایەکی ترەوە، زانایانی ئایینی و وتاربێژان بە خیتاب و ئەداو ناوەرۆکێکی چڕو پڕو نوێ، وتارەکانیان ئاراستە بکەن و لەئاست خواست و شکاندنی تینوێتی دڵی عەودالانی رێی شەریعەت و خیتابی ئیسلامی خۆیان ببیننەوە.

گوتارێك کۆکەرەوەی هەردوو رەهەندی عەقڵ و نەقڵ بێت، کە بتوانێ لە چوارچێوەی نیەت و ئیخلاسدا کاریگەری گەورە دروست بکات و ببێتە چارەسەری زۆرێك لە گرفتە هاوچەرخەکان و، لەهەمان کات رووی جوانی ئیسلامیش بباتە قۆناغێکی پێشکەوتوو، بە شێوەیەك ئەو راستیە پێشانی هەمووان بدات، کە مەلای کورد لە رابردو و ئێستا هەڵگری پەیام و گوتاری میانڕەوی دروست و رەسەنە، هەمیشە لە پێناو

" ئەگەر بمانەوێ ڕۆڵی دیاری گوتاری ئایینی بەهەمان کاریگەری و پێشەنگی جاران بمێنێتەوە، دەبێ لەسەر رێڕەوی راستەقینەی زانایانی پێشین بەردەوام بین و بەهەمان داب و رۆحیەتی دڵسۆزانەو ئیخلاس و ماندوونەناسی پەرە بەو رێبازە بدەین "

گەیشتن بە ئەنجامێکی باش، ئامانجیەتی وێنای جوانی ئیسلامپەروەری و مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری پیشان بداو کۆمەڵگە لەسایەی بەهەسیێتەوەو بکەوێتە ئەوجی گەشەو هۆشیار بوونەوە.

بە تەئکید قۆناغی ئێستاش پێویستی بە گوتارێکی لەم شێوەیە هەیە، کە بتوانێت هەمووان خۆی تێدا ببیننەوە، گوتارێکی میانڕەو هەمووان کۆ بکاتەوەو هەمووانیش خۆی بە خاوەن بزانن، حیساب بۆ شەرع و لۆژیك بکات و، لەرێی تێڕانینی دوور بۆ مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەت خۆی ئاراستە بکات، چونکە وەك چۆن لە رابردوو ئەوە سەلماوە، کە گوتاری نەرمی مەلای کورد شانازییەکی گەورەیە، لە ئێستاشدا تەنهاو تەنها میانڕەوی دەتوانێ ڕێگە لە فیتنەو دووبەرەکی بگرێت و کەشتیەکە بەرەو کەناری ئارامی ببات و، هەڵەکان ڕاست بکاتەوەو بەرامبەر هەموو هەنگاوەکانی ئاشوب و ئاژاوە بوەستێتەوە.

ئەگەر بمانەوێ ڕۆڵی دیاری گوتارو مەشخەڵی دینداری و کاروانی زانستی بەهەمان کاریگەری و پێشەنگی جاران بمێنێتەوە، دەبێ لەسەر رێڕەوی راستەقینەی ئەوان بەردەوام بین و بەهەمان داب و رۆحیەتی دڵسۆزانەو ئیخلاس و ماندوونەناسی زانایانی پێشین پەرە بەو رێبازە بدەین.



# پێگەی مەلای کوردو
# خزمەت و خۆشەویستی لەناو کۆمەڵگە

**مەلا ملحم محمد صالح**



هەر لە دێر زەمانەوە میللەتی کورد مەلاو مامۆستای ئایینی خۆشەویستووەو، هەمیشە ڕێزی گرتووەو بڕوای پێکردووە، ئەمەش وایکردووە لە زۆربەی زۆری چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکەوتنی نێوان تاکەکان و هۆزو تیرەکاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێ، بێگومان ئەو ڕێزو خۆشەویستیە هەروا لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکو دەرەنجامی ئەو دڵسۆزی و وەفایەیە کە مەلای کورد بۆ میللەتەکەی هەبووە، چونکە مەلای کورد تاکە چینی کۆمەڵگەی کوردی بووە کە بێ بەرامبەرو خۆنەویستانە لە خۆشی و ناخۆشیەکانی تاك بەتاکی کۆمەڵگە شەریك بووەو خەمی هەر هەمووانی لەکۆڵناوە، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم مەلای کورد هەرگیز بۆ خۆی نەژیاوە، بەڵکو هەموو بەرژەوەندیە تاکە کەسیەکانی کردۆتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی میللەتەکەی، بۆیە بەدەگمەن دەبینرێ مەلای کورد دەوڵەمەندێکی تیا هەڵکەوتێ و ببێتە خاوەن موڵك و ماڵ و سامان و سەروەتی خۆی. چونکە ئەو شەوو ڕۆژی تێکەڵکردووە تا خەڵکەکەی بە ئاسوودەیی و دوور لە کێشەو گرفت بژین، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی ئاسوودەیی خۆی و ماڵ و منداڵ و خێزانەکەشی بوبێت. کێ دەتوانێ نکوڵی لە ڕۆڵی مەلای کورد بکات لە چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی کە ڕۆژانە کۆمەڵگە تووشیان دەبێ؟! کام کێشەی کوشتن و خوێنداری هەبووە مەلای کورد پشکی شێری بەرنەکەوتبێت لە چارەسەرکردنیدا؟! کام کێشەی زەوی و زارو موڵکداری هەبووە مەلای کورد ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە چارەسەرکردنیدا نەبینی بێت؟! کام کێشەی خێزانی و ژن و ژنخوازی هەبووە مەلای کورد پێشەنگ نەبوبێت لە چارەسەرکردنیدا؟!

هەر لەسایەی ئەو خۆشەویستیەی کە خەڵك بۆ مەلای کوردی هەبووە، خوێنی سەدان کچ و کوڕی کورد کە لە ئەنجامی تێگەیشتنی سەقەت و، نەریتی کۆمەڵگە لە مەرگ نزیك بووبوونەوە، لە ڕشتن پارێزراوە.

مەلای کورد لە مێژوودا ڕۆڵی قازی، موفتی، ڕیش سپی، چاکسازی بینیووەو، هەمیشە وەکو مۆم سووتاوە تاوەکو دەوروبەری ڕۆشن بکاتەوە.

هەر لەبەر ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی مامۆستای ئایینی لە کۆمەڵگەدا، هەوڵێکی زۆر دراوە تا کەلێنێك لەنێوان کۆمەڵگەی کوردی و مەلای کورددا دروست بکرێت و، ئەو خۆشەویستیە لەدڵ و دەروونیان بەرامبەر بە مەلاو مامۆستای ئایینی بسڕدرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بۆ چەندین شێوازی پڕوپاگەندەی نابەجێ و، جۆرەها پیلانی ژەهراوی بردووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەزۆك دەرچوون و هیچیان لێ بەرهەم نەهاتووە.

بە ئامانج گرتنی مەلاو زانای کورد:

ئەم خۆشەویستیە لە ڕادەبەدەرەی کۆمەڵگە بۆ زانای کورد وایکردووە لەلایەن نەیارانیەوە بکرێتە ئامانج و، هەروەکو لەوە پێش ئاماژەم پێدا بکەوێتە بەر ڕەحمەتی پیلانگێڕی و دژایەتی کردن لە چەند لایەکەوە:

یەکەمیان: هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە دژە دینیەکان کە مەبەستیان بوو کورد لە بیری نەتەوە پەروەری و نیشتمان پەروەری داماڵن و کێشە نەتەوەییەکەی بکەنە ئامرازێك بۆ لێدان لەدین و ڕەوشت و سەرجەم نرخ و بەها کۆمەڵایەتیەکان و، بڵاوکردنەوەی

**مەلای کورد تاکە چینی کۆمەڵگەی کوردی بووە کە بێ بەرامبەرو خۆنەویستانە لە خۆشی و ناخۆشیەکانی تاك بەتاکی کۆمەڵگە شەریك بووەو خەمی هەر هەمووانی لەکۆڵناوە**

فەسادو، دوورخستنەوەیان لە هەرچی پیاوەتی و غیرەت و مەردایەتیە، تاکە کۆسپ و لەمپەری بەردەمیان مەلای کورد بوو، کە بتوانێ لەدژی ئەو بیرە نامۆیە بوەستێتەوەو بەرگری لە بەها بەرزەکانی میللەتەکەی بکات و، خەڵکیش هۆشیار بکاتەوە کەفریوی دروشمە باق و بریقەکانیان نەخۆن، بۆیە هەرچی لەدەستیان هات لەدژی مەلای کورد کردیان و گوتیان، خۆ ئەگەر خۆشەویستی کۆمەڵگەی کوردی نەبوایە ئەوا هەرچی زاناو مەلای کوردە لەسەر دەستی ئەوانەوە دووچاری کوشتن و گرتن و دەرکردن و ئازاردان دەبوونەوە. لە کۆتاییدا ئەو خۆشەویستیە وای لەو خەڵکە دژ بە مەلایە کرد کە پێشناوی مەلا بۆ زۆرێك لە سەرکردەو کادیرانیان زیاد بکەن، تاوەکو بەو ناوەوە خەڵکی سادەو ساویلکە لە خشتە ببەن. بەڵام کە بۆیان دەرکەوت بەم فێڵەش ناتوانن مەرامەکانیان بێننەدی، پەنایان بۆ شێوازێکی تری دژایەتی برد کەبریتی بوو لە تیرۆری مەعنەوی و، لێدان لەکەسایەتی مامۆستای ئایینی و ناشرین کردنی، تەنانەت زۆرێك لەو تاوانانەی کە دژ بە کورد ئەنجام دراون، لەپاڵ ئایین کەسایەتی مەلا کراوەتە ئامانج و ویستویانە بە تیرێك دوو ئامانج بپێکن، وەکو هەوڵی تیرۆر کردنی بارزانی، کە رژێمی بەعس ویستی بەرێگای کەسانێك کە هەندێکیان مەلا نەبوون و هەندێکیشیان بێ ئاگا بوون لە پیلانەکە، بەجل و بەرگی مەلایەتی بارزانی تیرۆر بکەن. ئەمەش دەرخەری ئەوڕاستیەیە کە هەمیشە(مەلا) لە کۆمەڵگەی کوردی و لای سەرکردە گەورەکان و شۆرەشگێڕانی کورد، جێگەی رێزو خۆشەویستی بوونە، بۆیەش هەمیشە ئامانجی تیری ناحەزانی بووە.

دووەمیان: لەگەل دروست بوونی ئەو گرووپ و پارتانەی کە

**"هەر بزووتنەوەیێك رووی لە کۆمەڵگەی کوردی کردبێت و، بیرێکی نامۆو دژبە دین و بەها کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ خۆی هێنا بێت، ئەوا بەبێ سێ و دوو مامۆستای ئایینی ڕووبەڕووی وەستاوەتەوەو رێی لێگرتووە"**

هەڵگری پاشناوی ئیسلامین لە کوردستان، دیسانەوە مامۆستایانی ئایینی لەلایەن هەندێکیانەوە کرایەوە ئامانج و، هەر مامۆستایێك وەکو ئەوان بیری نەکردبایەوە، یان ڕاییێکی جیاوازتری لەوان هەبوایە، بە عەمیل و کرێگرتەو واعیزی سوڵتان ناویان ئەبرد، هەر مامۆستاییێکیش ئینتیمای بۆ نیشتیمان و میللەتەکەی هەبوایە بەکافریان دائەناو بە مولحیدو هەڵگەڕاوەیان دەزانی و خەڵکیان هان دەدا کە نوێژیان لەدوو مەکەن، کار گەیشتبووە ئەوەی کە بڕیاری کوشتن بۆ هەندێ لەو مامۆستایانە دەربەکەن کە لەگەڵیان نین و پشتگیریان ناکەن، تەنانەت بە ئەنقەست و بۆ ئیحراج کردنی مامۆستایانی ئایینی، لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا پرسیاری هیچ و پووچ و بێ مانایان ئاراستە دەکردن تاوەکو بە خەڵك بڵێن ئەوانە هیچ نازانن و ئێمە جێگرەوەی ئەوانین. مەترسی ئەو تەوژمە لەوەدابوو کە ئیسلام و دینی کۆمەڵگەیان کردبووە کەرەستەی ململانێ و حزبایەتی، بەمەش نەك هەر مامۆستای ئایینی، بەڵکو پیرۆزیەکانی ئایینیش کەوتبوونە ژێر هەڕەشەوە، لە ئەنجامدا ئەوان گەڕانەوە سەر ئەسڵی خۆیان و مامۆستای ئایینی هەر بە پایەداری مایەوە.

سێیەم: تەوژمی خۆ بە ڕۆشنبیر زان: مەبەستم ئەو کەسانەن کەبەتەواوی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری و هەژموونی کولتوری وڵاتانی ئەورووپاو رۆژئاواو، مەبەستیانە هەرچی لەوێ دەگوزەرێ بەچاك و بە خراپ، بە ناوی رۆشنبیری و زانست و پێشکەوتنەوە بە کۆمەڵگەی کوردی بفرۆشنەوەو، بەتەواوی کۆمەڵگە لە دین و ڕەوشت و هەرچی جوامێریە داماڵن، ئەمانەش ـبە زیادەوەـ کەمتەرخەمیان نەکرد لە لێدانی پێگەو شکۆی مامۆستای ئایینی و، ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردنی بە تیرۆرو تۆقاندن و توندی تیژی. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەم بەرەیە لەگشت لاییێکەوە پاڵپشتیان دەکراو، تەواوی دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش خرابوونە خزمەتیان و بەهەموو جۆرێك یارمەتی دەدران، بەڵام لە ئەنجامی خۆشەویستی کۆمەڵگە بۆ مامۆستای ئایینی، ئەمانەش بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوەو شکۆی مامۆستا هەر بە بەرزی مایەوە.



چوارەم: لە کۆنداو لەلایەن هەندێ لە دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانەوە، وەکو ئاغاو بەگ و تەنانەت هەندێ لە شێخەکانیش هەوڵێکی زۆر دەدرا مامۆستای ئایینی دەستەمۆ بکەن و، ناچاری بکەن بە ئارەزووی ئەوان بجولێتەوەو لە قسەیان دەرنەچێت و، هەرچی بەلای ئەوانەوە پەسەند و باش بێت، ئەویش پەسەندی بکات و پێی باش بێت و، خۆی خاوەنی هیچ بڕیارو قسەیێك نەبێت، ئەگەر ئەوەشی نەکردبایە دووچاری هەڕەشەی نانبڕین و دەرکردن دەبووەوە، ئەم تەوژمە لە نێو کۆمەڵگەدا دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو کە بەڵێنەکانیان بەکردار بسەلمێنن و مامۆستای ئایینی ناچار بە هەندێ تەنازول بکەن، بەڵام لەپاڵ ئەوانەشدا کەسانێك هەبوون بەرگری لە مامۆستای ئایینی بکەن و ڕێگە نەدەن ئەو جۆرە کەسانە بڕیاری خۆیان بەسەر مامۆستای ئایینیدا بسەپێنن، تەنانەت ئامادە بوون لەسەر حیسابی گیرفانی خۆیان حوجرەیان بۆ بکەنەوەو خەرجی ئەو فەقێیانەش بگرنە ئەستۆ کە لەو حوجرەیەدا وانەی ئایینی دەخوێنن، لە زۆربەی گوندەکانیش خەڵکی ئاوایی خەرجی ماڵی مامۆستاو حوجرەکەیان گرتۆتە ئەستۆو نەیانهێشتووە مامۆستا چاو بەرەژێری ئەو کەسانەبێت کە دەیانویست بۆ مەبەست و مەرامی خۆیان بەکاری بێنن، یان ناچاری بکەن واز لە هەندێ پرەنیسپ و بنەما نەگۆڕەکانی ئایین بێنێت.

بەکوردی و بەکورتی هەر بزووتنەوەیێك ڕووی لە کۆمەڵگەی کوردی کردبێت و، بیرێکی نامۆو دژ بە دین و بەها کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ خۆی هێنا بێت، ئەوا بەبێ سێ و دوو مامۆستای ئایینی ڕووبەڕووی وەستاوەتەوەو ڕێی لێگرتووە، بۆیە بێ ڕەحمانە کراوەتە ئامانج و هەوڵ دراوە لە شان و شکۆی کەم بکرێتەوە، بەڵام ڕێزو خۆشەویستی کۆمەڵگە بۆ مامۆستای ئایینی، نەیهێشتووە هەرگیز بکەوێ و لەشان شکۆی کەم بکرێتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە ناوو پەیامەکەی هەر بە شکۆداری بمێنێتەوە.{...فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَآءً وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ كَذلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الأَمْثَالَ لِلَّذِينَ اسْتَجَابُواْ لِرَبِّهِمُ الْحُسْنَى...الآية} الرعد ١٧.

# مەلای کورد
# ناسینی شوناس و پارێزگاریکردن لە ناسنامە

**د. جەعفەر گوانی**
Jaafar.ali@su.edu.krd



هەر مرۆڤێك لەسەر ئاستی تاك یان ئاستی کۆمەڵ ئەگەر شوناس یان پێناس و ماهیەتی خۆی ناسی، ئینجا کارەکانی لەچوارچێوەی ئەم ناسنامەیەدا سووڕاندەوە، بۆ خۆی دەبێتە کەسێکی سەرکەوتوو، هەروەها لەناو کۆمەڵگەش دەبێتە کەسێکی مفادارو سوودبەخش، کۆمەڵگەش لەهەمان چوارچێوەوە ڕێزو حورمەتێکی تایبەتی بۆ دادەنێت و قسەکانی بە هەند وەردەگرێت.

بۆیە کاتێك کەسێك دەبێتە (مەلا)و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەو کارەکانیدا گەرەکی بێت وەکو مەلایەك مامەڵە بکات، بێگومان خاڵی دەستپێك پێویستە شوناسی خۆی بزانێت، ئەگینا کەسێکی دۆڕاو دەردەچێت و نازانی لە کوێوە دەستپێدەکات و لە کوێوەش کۆتایی پێ دێنێت، لەوانەش خراپتر کەسانێك شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان ناناسن، کەچی دەیانەوێت لە هەمووان شارەزاتر خۆیان نمایش بکەن، لەوانیش مەترسیدارتر ئەوانەن کە شوناسی خۆیان وەکو مەلای کورد دەناسن، کەچی بە ئاسانی سازشی لەسەر دەکەن، لەپێناو ئەم و ئەودا قوربانی بە پیشەو مەکانەت و مێژووی مەلایەتیان دەدەن. لەم نووسینەدا گەرەکە تیشکێك بخەینە سەر پێناسی مەلا، ئینجا چۆن پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەم کارە پیرۆزە بکەین:

## مەلا کێیە؟

بە بڕوای بەندە بەکارهێنانی زاراوەی مەلا بۆ ئیمەی مامۆستایانی ئایینی شیاوترو جوانترە، چونکە مامۆستا وشەیەکە گشتگیرە، دەکرێ بۆ مامۆستای (ئایینی)و (باخچەی ساوایان)و (بنەڕەتی)و (ناوەندی)و (پەیمانگا)و (زانکۆ) بەکاربهێندرێت، ئینجا بە پاشگری (ئایینی) لەوانی دیکە جیادەکرێتەوە، هەروەها وشەی (زانا)ش پڕبەپێستی خۆی نییە، چونکە مەرج نییە هەموو ئەوانەی ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرن، یان دەبنە پێشنوێژو وتارخوێن یان بڕوانامەی باڵا بەدەست دێنن، زانا بن.

> **کاتێك کەسێك دەبێتە (مەلا)و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەو کارەکانیدا گەرەکی بێت وەکو مەلایەك مامەڵە بکات، بێگومان خاڵی دەستپێك پێویستە شوناسی خۆی بزانێت**

بەڵام بەداخەوە بە دەستی ئەنقەست لەمێژە هەوڵدەدرێت لە نازناوی (مەلا) کەمبکرێتەوە، زۆرێك لە چەپ و عەلمانی و تا دەگاتە مولحیدو بێدینەکان نازناوی (مەلا)یان بەسەر خۆیان دابڕیوە، هەندێك لەوانە بۆ چەواشەکردنی کۆمەڵگاو خەڵکی پاکو خاکی گوندەکانی کوردستان بووە، هەندێکی دیکەش بۆ سوککردنی نازناوەکە بووە، ئێستا بەداخەوە حاڵەتێکی دیکەشی هاتۆتە سەر، کاتێك لە مارکێت و دوکانەکانی پیشەسازی (صناعە) وەستاو شاگردەکان بەناوی (مەلا) بانگی یەك دەکەن، دڵنیام تەواوی ئەو خەڵکە بە ئەنقەست و بۆ شکاندنی پێگەی مەلایەتی ئەو کارە ناکات، بەپێچەوانەوە هەندێکیان زۆر ڕێز لە مەلاو ئەهلی دین دەگرن، بەڵام بەبێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن، بوونەتە بەشێك لە پیلانی لێدان و شکاندنی مەلای کورد، تا کارگەیشتۆتە ئەوەی کاتێك بە (مەلا) بانگی مامۆستای ئایینی دەکەن، پێی قەڵس دەبن، حەزدەکەن لە بری ئەوە بە (مامۆستا) بانگ بکرێن، لەوانەیە ڕازی نەبن ڕێکخراوەکە ناوی بگۆڕێت بۆ (یەکێتی مەلایانی کوردستان)، لەوەشدا ناهەق نین، چونکە وشەکە تا حەدێکی زۆر کرێتکراوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر بۆ کتێبە کۆنەکان بگەڕێینەوە وشەی (مەلا)یان لەجێگای زاناو عالمی گەورە بەکارهێناوە، بۆنموونە کەسێکی وەك مەلای گەورەی کۆیە لە تەفسیرەکەیدا ناوی ئیمامەکانی وەك (ئەبوحەنیفە، مالیك، شافیعی، ئەحمەد کوڕی حەنبەل، غەزالی، فەخرەدینی ڕازی، شێخ عەبدولقادری گەیلانی...) بە (مەلا) ناودەبات، هەندێکجار قەشە زاناکانی بوارەکانی دیکەو دینەکانی دیکەش بە (مەلا) ناودەبات، لەلای ئەو ناوی (مەلا = زانا). بۆیە گلەیی لەوە نییە بەشێك لە هەڵگرانی زانستەکانی مەلایەتی بە ناوهێنان بە (مەلا) تووڕەبن، نەخاسمە کە کەسانێك وەکو ئیهانەو سووکایەتیپێکردن بەکاری دێنن، بەڵام پێویستە هێدی هێدی ئەم نازناوە تایبەت و گەورەیە بە کۆمەڵگە ئاشنابکەینەوەو نێوانی تاکی موسڵمانی کوردستان و ئەو نازناوە شەرەفدارە ئاشتبکەینەوە، بەتایبەتی ئەو بەڕێزانەی بە فەرمی پیشەکە ئەنجام دەدەن، شانازی بەوە بکەن

نازناوی (مەلا) لەپێش ناوەکەیان بنووسن، بۆیە ئەگەر بیانەوێت لەبری ناوێکی سادەی بێ نازناو، هەر نازناوێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن، نازناوی (مەلا) جوانترین و گەورەترین و تایبەتترین و پڕماناترینە.

### پیرۆزترین پیشە

لە ئیسلامدا هیچ پیشەیەك نییە هێندەی زانای ئایینی شەرەفمەندترو پێگە بەرزترو ئاسۆ فراوانترو تۆکمەتر بێت، چونکە میراتگری پێغەمبەرانە، وەك پێغەمبەر (درودی حوای لەسەر بێت) لە فەرموودەیەکدا (الترمذي ٥/ ٤٩) دەفەرمووێت: «إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ». هەروەها گرنگترین ئەرکی پێغەمبەرایەتیشیان هەڵگرتووە کە دەعوەو بانگەوازە بۆ لای خوا ﴿قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ ﴿یوسف: ١٠٨﴾، خەڵکی بەرەو پەیامی خوا ئاراستە دەکەن، شەو و ڕۆژ ناسڵەمێنەوە لە ڕوونکردنەوەی هەق و ڕاستی تا خەڵك تێدەگەینن و وەریدەگرن، ئینجا کاری پێدەکەن، پاشان ڕێگای تەزکیەو پاڵفتەکردنی دەروون نیشانی خەڵك دەدەن، فێریان دەکەن چۆن دڵسۆزانە فێرە هەموو پیشەیەك بن، لەڕێگەی ئەم پیشانەوە خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن، بە دڵسۆزی کاربکەن و ڕەزای خوا لە پێشەوەی هەموو شتێك دابنێن، کەواتە ئەوانن (پزیشکێك، ئەندازیارێك، مامۆستایەك، ئابووریناسێك، مافناس و پارێزەرێك، دادوەرێك، ئەفسەرو پێشمەرگەیەك، وەستاو کرێکارێك،...) ئاراستەدەکەن بۆئەوەی بە چاکی خۆیان لە ئیشەکەیان شارەزابکەن و بە باشیش جێبەجێی بکەن، بۆیە لەم ڕوانگەوە ئەمە پیرۆزترین ومەزنترین ئەرك و پیشەی پیرۆزە.

لە کوێوە کاردەکەین؟

کاتێك زانای ئایینی پیرۆزترین پیشەی هەڵبژاردووە، دەبێتە پێشەنگ و سەرکردایەتی دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام سەرداڕێك جیاواز لەوانەی لە مەیدانی چەکداری یان ئابووری یان هونەری پێشەوایەتی خەڵك دەکەن، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەوانەیە بە ئاسانی هەڵنەکەوێت مەلایەك ڕاستەوخۆ لەو مەیدانانە کاربکات، بەڵام ئەگەر بە دیقەت لەو ناسنامەی مەلایەتی وردبینەوە، گۆڕەپانەکەی لە هەموویان گرنگترە ئەویش گۆڕەپانی پەروەردەکردنی دەروونەکانە، ئەگەر ڕۆڵی ڕاستەوخۆی ببینێت و دەرفەتی پێبدرێت، دەبێتە سەرچاوەی پێگەیاندنی ڕێبەرانی سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پزیشکی و ئەندازیاری و ژمێریاری و... کە بە جوانترین شێواز ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن و حورمەتی پێگەی مەلاش دەزانن، بگرە بۆ هەر پرسێك دەگەڕێنەوە لای، بەڵام کاتێك لەبری ئەوەی خەریکی پاڵفتەکردنی دەروونی کەسانی دیکەو پێگەیاندنیان بێت، لەبری ئەوەی ببێتە سەرچاوەی خێرو ڕووناکی، ڕێگای دروست پیشانی خەڵك بدات، خۆی دەبێتە کلك و پاشکۆ، خوودی خۆی پشتگوێ دەخات و وێڵی هەواو ئارەزووەکان دەبێت، ئاوڕ لەوانی دیکەش ناداتەوە، شوناسی خۆی ون دەکات، بەمەش دەبێتە پاشکۆ و هەر ڕۆژەو بە باسو خواسێکی لابەلا سەرقاڵ دەکرێت، ئەویش ڕۆژێك گلەیی و ڕۆژێك بێزاری دەردەبڕێت، ئەمەش ئاساییە، چونکە لەبیری چووە میراتگری پێغەمبەرە، لەبیری چووە دەعوەو بانگەوازی ڕاستەقینە جیهادو ئەحسەنول قەولە.

### لە کوێوە دەستپێبکەین؟

کاتێك مامۆستای ئایینی شوناسی خۆی دەناسێت و بڕوای بە پەیامەکەی دەبێت، شەو و ڕۆژی دەکاتە یەك بۆ سەرخستنی پەیامەکەی، بۆئەمەش باشترین ڕێباز هەڵدەبژێرێت تا بانگەوازی بۆ بکات و ڕووناکی مۆمەکەی بگەیەنێتە خەڵك، دیارە باشترین ڕێگاش ڕۆڵی پێشەنگبوونە، واتە بەرلەوەی قسەی جوان هەڵبژێرێت، جلوبەرگی جوان هەڵبژێرێت، هەوڵدەدات قسەکانی خۆی لە کردارەکانی بەرجەستە بکات، کاتێك باسی ئەمرو نەهیێك دەکات یەکەمین کەسە پابەندی دەبێت، درووشمی حەزرەتی شوعەیب دووبارە دەکاتەوە کە نامەوێت شتێك بکەم، کە لە ئێوەم قەدەغەکردووە، ﴿وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ﴾، لە هەمان کاتدا فەرمان بە هەر شتێك بکات یەکەمین کەسە ئەنجامی دەدات، نا لە هەر شتێك بکات یەکەمین کەسە وازی لێ دێنێت، بەم کارانەی جوانترین پەیامی دەعوەو بانگەواز دەکات، خەڵك هێندەی گوێ لە بانگەوازی بێدەنگ و ڕەوشتی بەرز دەگرن و بەپیر پەیامی کردەوە جوانەکان دێن، هێندە تاقەتی قسەی بێناوەڕۆك و گوفتاری بێ ڕەفتاریان نییە. پێویستە ئەم میراتەش لە پێغەمبەری خوا بگرن، ئەو هێندەی بە کردەوەکانی بانگی دەکردن، قسەی کێمتربوون، بۆیە وەك بوخاری ریوایەتی (صحيح البخاري ٣/ ١٩٦) دەکات، کاتێك لە ئاشتینامەی حودەیبیە بێزاردەبن، پێیان وایە تەنازولی تێدایە، خۆشەویستمان سێ جار بە قسە داوایان لێدەکات قوربانی بکەن و سەریان بتاشن، بەڵام

**پێویستە هێدی هێدی ئەم نازناوە تایبەت و گەورەیە بە کۆمەڵگە ئاشنا بکەینەوەو نێوانی تاکی موسڵمانی کوردستان و ئەو نازناوە شەرەفدارە ئاشتبکەینەوە**

تاکە کەسێك هەڵناستن و کارەکە ئەنجام نادەن، ئینجا لەسەر پێشنیازی ئوم سەلەمەی هاوسەری لەخۆیەوە دەستپێدەکات، ئینجا یەك بە یەکەی هاوەڵان هەمان فەرمانەکە جێبەجێ دەکەن، ئەمەش دەیسەلمێنێت، کاتێك پەیامی مامۆستایانی ئایینی قسەی جوان و خاڵی لە ناوەڕۆك دەبن، هیچ کاریگەری پێویستیان نامێنێت، بەمەش دەکەونە کۆتایی شەمەندەفەرەکە.

**بۆ ئەوەی بەجێ نەمێنین**

کاتێك زانیمان مەلای کورد میراتگری پێغەمبەرو، سەرقافڵەی کاروانی چاکسازی و چاکەکارییە، هەروا ئەرکە بتوانێ باشەکان بەرەو مەیدان ببات، شەو و ڕۆژ فرمێسك بۆ ئیسلاح و چاکەکاری بڕێژێت، کاتێك کەسێك دەبینێ فریودراوە، خەمی بۆ بخوات، بۆی بگرییێت، عەوداڵی دۆزینەوەی ڕێگایەك بێت لەو کەتنە هەڵیستێنێتەوە، لەو نەهامەتییە ڕزگاری بکات، بۆ ئەمەش پێویستە:

یەکەم: خۆمان تەواو بۆ خوا یەکلایی بکەینەوە، بە دڵسۆزی کارەکان ئەنجام بدەین، جگە لە ڕەزامەندی خوا، مەبەستمان پێهەڵداگوتن و ستایشکردن نەبێت.

دووەم: کردارەکانمان ڕاستی پەیامەکەمان پیشان بدەن، نابێ قسەو کردارێکمان هەبێت، کە کەسێکی زۆر ئاساییش ئەنجامی نەدات، چ جای مامۆستای ئایینی. بە کردەوە ببینە پێشەنگ، نەك وەستای قسان و کۆڵەواری کردەوان بین.

سێیەم: تێکەڵی هەر کەسێك دەبین، خوودی پەیامەکەمان لەبیرنەچێت، کاتێك لە دانیشتنی بازرگان و بەرپرس و کرێکارو سیاسەتوان و ... هەر کەسێك و لە هەر شوێنێك بەشداردەبین، نابێ پەیامەکەی خۆمان لەبیربچێت، کە لەبیرمان چوو، بەر لە خۆمان پیشەکەمان و دینەکەمان دەکەینە قوربانی.

چوارەم: دەکرێ مامۆستای ئایینی قسەخۆش و خەندەهێن بیت، بەڵام بەجۆرێك نا، کەسایەتییەکەی بخاتە ژێر پرسیارەوە، یان بە گوناه و سەرپێچی و گاڵتەجاڕی و سووکایەتیکردن بە ئەم و ئەو بێت.

**کاتێك مامۆستای ئایینی شوناسی خۆی دەناسێت، شەو و ڕۆژی دەکاتە یەك بۆ سەرخستنی پەیامەکەی، بۆ ئەمەش باشترین ڕێباز هەڵدەبژێرێت تا بانگەوازی بۆ بکات**

پێنجەم: لە تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی سیاسی (لە هەر لایەن و هەر ئاستێك بن) دەبێ بزانین ئێمە میراتگری پێغەمبەرانین، نەکەین دەست بۆ شتێك ببەین میراتەکەمان لەکەدار بکات، وەك ڕاکە ڕاکە لە دوای ئەم و ئەو و پێشبڕکێکردن بۆ وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی وێنەو ڤیدیۆکان بەبێ هیچ بۆنەو موناسەبەیەك.

شەشەم: بە یەك چاو تەمەشای هەموو خەڵك بکەین، خەمی گوناهبارەکانمان بێت چۆن ڕزگاریان بکەین.

حەوتەم: هەتا دەکرێ خۆمان لە چەلەحانێی سیاسی ناشەریفانە بپارێزین.

هەشتەم: لە دینداریدا لە پێشەوە بین، زمانێکی خاوێن، ڕووخسارێکی بە خەندە، زارێکی تەڕ بە زیکر، بە کردەوەکانمان نوێنەرایەتی ڕەوشتی پێغەمبەر بکەین.

نۆیەم: لەژێر درووشمی ﴿ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾، تا دەمرین خۆمان بە کەم زاناو خوێندەوارێکی سەرەتایی بزانین، بۆئەوەی قەتاوقەت لە کتێب و خوێندنەوە دانەبڕێین.

دەیەم: بەرگریکارێکی سەرسەختی ئایینەکەمان بین، ئەوانەی بەرگری لە ئایینی خۆیان دەکەن، نەیارانیش خۆشیان دەوێن و ڕێزو پێزانینیان بۆیان هەیە، بەپێچەوانەوە ئەوانەی ترسنۆکن و سازش لەسەر ئایینەکەیان دەکەن، لە هەموو لایەك پێگەی نزم و کەسایەتی لاوازدەبێت.

ئەمانە تەنیا چەند خاڵێکن، جا ئەگەر بە کورتی زانیمان ئێمە کێین؟ ئەرکی سەرەکی ئێمە چییە؟ لە کوێوە دەستپێدەکەین؟ لە هیچ کات و شوێنێك ئەرکی یەکەمی خۆمان لەبیرنەچوو، ئیدی هەر کارێك بکەین دەبێتە پردێکی ئاسان بۆ دەعوەو بانگەوازی.

بە پێچەوانەوە کاتێك بەرگی مەلایەتی دەکەینە پردی زەنگینبوون و ناوبانگ و ژۆرێی مەجریس و غاردان لە دوای ئەم و ئەو، تێکچوونی ڕەوشتی کۆمەڵگاو، وێرانبوونی خێزان، سەرگەردانبوونی گەنجان، زۆربوونی خواردنی مادەهۆشبەرەکان، بڵاوکردنەوەی گومان و بێڕێزی، ژێردەستەیی و ستەمکاری، ... نەمان جووڵێنێت، ئەو کاتی ناوی مەلایەتی جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی دیکە نییە، هیچ بەهار نرخێکیشی نییە، چونکە خاڵی یەکەم کە شوناس و ناسنامەیە لە دەستمان داوە.

# مامۆستای ئایینی

## لە نێوان زانای ئاینی و مەلای ئاینی دا

مەلا حسن محمد خۆشناو
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان



باس لە جیهانی ئیسلامی بە گشتی ناکەم، مەبەستم هەرێمی کوردستانە، لەم هەرێمەدا بۆ ئەوەی خۆت ببیتە مەلایەکی ئاینی یان کورێکت بکەیتە مەلا زۆر زەحمەت نییە و باج و شەونخونی زۆری ناوێت تاکو پێت بگوترێت مەلا.

بەڵکو خەڵکانێکمان هەبوون وە بەردەوام هەمانن کە هیچ عومقێکی زانستیان نیە و بگرە خەڵك هەیە ئەلف و بێی سەرەتای خوێندوەو پێشی دەگوترێت مەلا، بەچاوی خۆمان بینیمان بارودۆخی سیاسی، ئابوری، بەرژەوەندی....، مەندیلی خستە سەر سەدان کەس کە هیچ شایەنی ئەو پیشەیە نەبوون، کە هەمووشمان دەزانین کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و هەم توێژی زانایانی ئاینیش چ زیانێکیان لەدەست ئەم مەلایانە بینیوە.

بەڵام گەر بتەوێت ببیتە زانایەکی ئاینی مامۆستایەکی ئاینی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو، بێگومان ئەبێت شەونخونی زۆر بکەیت و باجی باش بدەیت، واتە هەروا ئاسان نییەو ناتوانیت بە جلو بەرگی ئاڵاو واڵا خۆت قەلەباڵغ بکەیت بۆ ئەوەی ببیتە زانایەکی ئاینی، دەکرێت بەم جلانە ببیتە مەلا، بەڵام ئەستەمە ببیتە زانا.

دیارە بۆ ئەوەی تۆ نوێنەرایەتیەکی جوان و سەرکەوتوانەی هەر ئاینێك بکەیت، پێویستە شارەزایی و کارامەیی تەواوت هەبێ لەسەر ئاینەکە لەلایەك، لە تێگەیشتن لەوەی ڕوو دەدات لە دونیاو لەدەورو بەرت لە لایەکی ترەوە، بە جۆرێك کە زانست و شارەزایت بە پێی خواستی زەمەن و قوناغ و ئەو بارودۆخە بێت کە تۆ و جەماوەرەکەت تیایدا دەژیت.

بۆیە زۆر زەرورو پێویستە مامۆستایانی ئاینی ئیمرۆ هەوڵبدەن خۆیان چەکدار بکەن بە چەکی زانستێك کە واقیعەن گونجاو بێت بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ ئەو قۆناغەو ئەو زەمەنە، واتە هەوڵی بەهرەمەند بوونی بەردەوام بدەن لەتەواوی ئەو زانستە مرۆیی و خزمەتگوزاریانەی کە وەکو زەرورەتێکی هەنووکەیی وان بۆ ژیانی شارستانیەتی ئیمرۆ و لەویوە ئەم زانستانە ئاوێتەی پەیامە پیرۆزو ئاینیەکان بکەن و لە ئەنجامدا هەم خزمەتی ئاینی پێ بکەن، وە هەم خزمەتی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی و شارستانیەتی پێبکەن.

**زۆر زەرورو پێویستە مامۆستایانی ئاینی ئیمرۆ هەوڵبدەن خۆیان چەکدار بکەن بە چەکی زانستێك کە واقیعەن گونجاو بێت بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ ئەو قۆناغەو ئەو زەمەنە**



خۆ ئەگەر ئەوانەی نوێنەرایەتی ئایین دەکەن لە جیهان بە گشتی و لەهەرێمی کوردستانیش کە خۆیان لە مامۆستایانی ئاینی دەبیننەوە بە پلەی یەکەم، هیچ بەهرەیەکیان نەبوو لە تەواوی زانستە مرۆییە سەردەمیەکان، دوور بوون لە واقیعی کۆمەڵگاکەی خۆیان، کەسایەتیە ئاینیەکەیان کۆپی کەسایەتیەکی سەد ساڵ پێش خۆیان بوو، لە جیهانی پڕ پێشکەوتنی ئەمڕۆدا، وە هەوڵیاندا زۆر کلاسیکیانە بانگەواز بۆ دین و ڕەفتار لەگەڵ خەڵك و واقیع بکەن، شارەزایی تەواویان نەبوو لە دینەکەی خۆیان، یاخود ئەو زانستەی کە هەیانە هی ئەو قۆناغە نەبوو بەڵکو هی زەمەنێك پێش خۆیان بوو، ئەوە وەکو (ئیبن قەیم) دەفەرموێت: لە جیاتی سود گەیاندن بە ئاینی ئیسلام زیانیان زیاتر دەبێت بۆ خودی ئاینەکە.

بێگومان لە هەموو ئەو حاڵەتانە ئەو بەڕێزە ناتوانێت نوێنەرایەتی ئایینی ئیسلام بکات بەو شێوەی کە ئایین دەیەوێت.

بۆیە دەبێت و فەرزە مامۆستایانی ئاینی، خۆیان لە مەلای ئاینی بگوازنەوە بۆ زانای ئاینی، بێگومان ئەو کارەش هەروا ئاسان نیە، بەڵکو دەبێت هیممەتی بەرزو کۆششی ماندو نەناسانەو موتابەعەی بەردەوامیان هەبێت.

> **" بەڵام گەر بتەوێت ببیتە زانایەکی ئاینی مامۆستایەکی ئاینی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو، بێگومان ئەبێت شەونخونی زۆر بکەیت و باجی باش بدەیت "**

# رۆڵی حوجرەو زانای كورد
# لە خزمەتكردنی خاك و خەڵكی كوردستاندا
## لە نێوان ئێستاو رابردوودا

**پ.د. جمیل علی رسول سورچی**

مامۆستا لە كۆلێژی زانستە ئیسلامییەكان- زانكۆی سەلاحەددین/هەولێر



لەم چەند دێرەدا دەمەوێت وەسفێك بۆ رۆڵ و ماندووبوونی زانای كورد بكەم، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستامان ئاشنابن بە رول و كاریگەری حوجرەو مزگەوت و زانای كورد لە خزمەتكردنی ئاین و خاك و خەڵكی خۆیان؛ بۆ ئەوەی هەم چاویان لێبكەن، هەم ئەم مێژووە پڕشنگدارە لە بیر نەكەن. ئەمەش لەم چەند خاڵەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

یەكەم: زانای كوردو رۆڵ و قوربانیدانی:

زانای كورد ئەو كەسەیە كە هەر لە منداڵیەوە خراوەتە بەر خوێندن لە خۆشی و نازی ماڵەوە بێبەش بووە، لە گەمەو گاڵتەی هاوتەمەنانی دوور بووە؛ چونكە ئەو بۆ كارێكی گەورە ئامادەكراوە، دواتریش بوە بە موڵكی خەڵك بۆ خزمەتكردنیان لە رێی دینەوە، هەر لە فێركردنی منداڵان و گەوران و ئاشتكردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە، ئەو لە جێگەی قوتابخانەو زانكۆو دادگا بوو، لە هەمان كاتدا رووگەی لێقەوماوان بوو بۆ جێبەجێكردنی پێداویستەكانیان لە رێگاو ماندووبوونی ئەوەوە.

هەر زانای كورد خۆی نا، بەڵكو دایك و باوكییان ئەزیزو خۆشەویستی دڵیان بۆ خزمەتی ئاین و پاداشتی دوارۆژ لە تەمەنێكی بچوكەوە بەرەو حوجرەوە دوور لە ماڵیان ناردووە؛ بۆ ئەوەی بتوانێت خوێندن بكات و فێری زانستە ئیسلامیەكان بێت، كە ئەمە ئیمان و بیروباوەڕێكی بەهێزی دەوێت كە لەم تەمەنە بچوكە رۆڵەو جەرگی خۆت دوور بخەیەوە لە نازو خزمەتی ماڵەوە بۆ ژیانێكی سەختی نێو حوجرەو نانی راتبەی ماڵان.

زانای كورد گشت ژیانی خۆی بەردەوام تەرخان كردووە بۆ خزمەتی ئاین و خەڵك؛ لە بەر ئەوە دەبینین بەردەوام بە شەوو رۆژ دەرگای ماڵی كراوەیە بۆ پێشوازی كردن لە خەڵك و بە هاناوەچوونیان لە ناخۆشیەكان و بەشداربوونیان لە چارەسەركردنی كێشەكانیان.

زانای كورد بەتەواوی پشتی لە دونیاو دەوڵەمەندبوون هێنابوو؛ لە بەر ئەوەی بە تەواوی خۆی تەرخان كردبوو (تفرغی تامی) كردبوو بۆ خوێندن و نوسین و تەدریس و دیار بوونی لە نێو خەڵك و بوونی لە گەڵ ئەوان بۆ چارەسەری كێشەكانیان؛ لە بەر ئەوە هەر شوێنێك مەلای لێبا ئەوە بە ئاسانی كێشەكانیان چارەسەر دەبوون.

زانای كورد هەركاری پێشنوێژی و وتارخوێنی نەكردووە، بەڵكو لە جێگای قوتابخانەو زانكۆ رۆڵەی كوردی ئامادەكردووە بە بێ بەرامبەر، تا ئێستاش ئەوان بەردەوامن لە تەدریس كردنیان لە نێو حوجرەكان بە بێ بەرامبەر كە ئەمەش هەمووی دەرخەری دڵسۆزی و ئیخلاسی زانای كورد دەردەخا دوور لە پەیوەست بوون بە ماددەو پارەو پوڵەوە، وەك ئێستا دەبینین لە خوێندن و تەدریس لە بابەتەكانیتر بەرامبەر بە پارەو دەرسی خصوصی و تایبەتی.

بەڵكو دەرسی زانایانی كورد هەمووی خصوصی و تایبەت بوو بۆ قوتابیەكانیان، هەر فەقێیەك دەرسی تایبەت بە خۆی هەبوو ئەمەش هەمووی بۆ زیاتر گرنگی پێدان و باشتر فێربوونیان بوو.

دووەم: رۆڵی حوجرەو زانای كورد لە خزمەت كردنی زمانی كوردی و بەرگریكردن لە خاك و نیشتیمان:

**پێویستە حوجرەكان وەك ئەزهەری وڵاتی میسر رێزو تەقدیریان لەبۆ دابنرێت و بەرەو پێشەوە ببردرێن، مەنهەج و میتۆدی خوێندنیان بەردەوامی پێبدرێت**

زانای کورد سەرچاوەی خزمەتکردنی زمان و قەومی خۆی بوو، وە هەر ئەوانیش لە حوجرەکانیان بیری خۆشویستنی خاك و نیشتیمانیان بەرپاکردو لە سەر دەستی ئەوانەوە شۆڕشەکانی دژ بە داگیرکەران و ستەم کاران لە گشت پارچەکانی کوردستان سەریان هەڵداو پەرپابوون، کە زۆربەی زۆری سەرکردەکانیان لە چینی مەلاو شێخەکان بوون کە بەرگریان لە خاك و خەڵك و نیشتیمانیان کرد.

هەر وەك ئەوان بە ئەدەبو شیعرەکانیان زمانی کوردییان پاراست، دیوانەکانی: جزیری و مەولەوی و مەحوی و نالی و ناری و بێسارانی و حاجی قادری کۆیی و شێخ رەزای تالەبانی و مەلای گەورەو مامۆستای مودەڕیس باشترین بەڵگەن لە سەر ئەمە، لە بەر ئەوە هەموو گەڵی کورد بە خەڵك و حکومەت و کاربەدەستانیەوە قەرزاری حوجرەو زانای کوردن، لێرەوە دەڵێم حەق وایە وەك وەفایەك بۆ خزمەتیان هەرگیز نەهێڵین حوجرەو خوێندن و پرۆگرامەکی بێ خزمەت بن، بەڵکو پێویستە گرنگی تایبەتی پێبدرێت بەرەو پێش ببردرێت وەك مۆرکێکی نەتەوەیی و کلتورێکی کوردستانی پارێزگاری لێبکرێت.

لێرەدا پێویستە وەزارەتی ئەوقاف بە هەماهەنگی لە گەڵ یەکێتی زانایان زیاتر بێتە سەر خەت و بەم رۆڵە گرنگە هەڵبستێت و نەهێڵێت حوجرەکان بەرەو پاش بچن بۆ ئەوەی مەلای چاك و زاناو دانا لە نێو کوردستاندا بوونیان هەبێت؛ چونکە هەمیشە حوجرە زانای گەورەو نمونەی زانای میانڕەوو راستەقینەو دڵسۆزی خاك و نیشتیمانی بەرهەم هێناوە.

ئەمەش لە بەر تۆکمەیی پرۆگرام و زانستیبوونی پەرتووکەکانی، لە بەر ئەوە پێویستە حوجرەکان وەك ئەزهەری وڵاتی میسر رێزو تەقدیریان لەبۆ دابنرێت و بەرەو پێشوە ببردرێن، مەنهەج و میتۆدی خوێندنیان بەردەوامی پێبدرێت، چونکە دوای دامەزراندنی قوتابخانە ئەکادیمیەکان و زانکۆکان و کۆلێژو پەیمانگە تایبەتەکان بە خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان بۆمان دەرکەوت کە ئەمانە لە گەڵ زەرورەتی بوونیان بۆ ئێستا، بەڵام هیچیان جێگرەوەی حوجرەکان نین، و بێ پێویستمان ناکەن لە حوجرەو پرۆگرامەکانی؛ لە بەر ئەوە لە پاڵ ئەم خوێندنە ئەکادیمیە پێویستە گرنگی بە بوونی حوجرەکان بدرێت و تا زانا بە تەمەنەکانمان ماون خەڵکی نوێ ئامادە بکەن بۆ بەردەوامی ئەم خوێندنە رەسەن و تۆکمەیە.

> **"میللەتی کورد لە رێگەی زانایانیەوە زوو لەوە تێگەیشتووە کە مزگەوت چەندە رۆڵی گرنگی هەیە لە ژیانیان وەك موسڵمان، بە هەمان شێوازی تێگەیشتنی لە مزگەوت لە رۆڵی مامۆستای مزگەوتیش تێگەیشت"**

سێیەم: رێزو پێزانینی خەڵك بۆ رۆڵی حوجرەو پێگەی زانایان:

لە رابردوو ئێستادا هەمیشە خەڵکی کوردی موسڵمان لە تێگەیشتنی ساغ و سەلیمیان بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام و پێگەی زانایان لە ئیسلامدا رێزو تەقدیری تایبەتیان نواندوە بۆ زانایان و هەردەم زانایان لە پێشوو سەروی کۆڕو و کۆبونەوەو دانیشتنەکانیان بوون، بە داخەوە ئیمڕۆ دەبینین هەندێك لە جیل و نەوەی نوێی سۆشیال میدیا بە بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن بێڕێزی بەرامبەر زانایان و فەتواکانیان دەکەن کە ئەمە دوورە لە ئەخلاق و رەوشتی باب و باپیرانیان، پێویستە کە هەموومان خەمێك لەو نەوە نوێیە بخۆین و بێداریان بکەینەوەو لێنەگەڕێن ببنە خۆراکی دوژمنانی دین و ئەخلاق و خاك و نیشتیمانمان.

چوارەم: رۆڵی حوجرەو زانایان لە بەیەك بەستنەوەی پارچەکانی کوردستان:

هەر لە کۆنەوە زاناو فەقێ و حوجرە لە نێو کوردان هۆکارو ئەلقەی پێکەوە بەستنەوەی ناوچەو پارچەکانی کوردستان بوون، چونکە فەقێ هیچ کاتێك حیسابی بۆ حدودو سنووری دەستکرد نەدەکرد، بەڵکو بەردەوام لە نێو گوندو شارەکانی پارچەکانی کوردستان گەڕاون بۆ خوێندن، خوێندنەوەی ژیاننامەی زانایانمان دەرخەری ئەم راستییەن، کە زۆربەی زۆریان لە کۆنەوە بە دوای مامۆستای چاك و حوجرەی باش سەردانی شارو دێهاتەکانی پارچەکانی کوردستانیان کردووە.

پێنجەم: رۆڵی زانایانمان لە ناساندنی کوردو قەزیەی نەتەوایەتیەکەی:

زانایانمان لە کۆنەوە میللەتی کوردیان بە دونیا ناساندوە، ئەوان لە هەر شوێنێك بووبن بە زانستی تۆکمەیان ڕێزو حورمەتیان بە دەستهێناوە، بەڵکو بوون بە رووگەی قوتابیانی ئەو شوێنە، وەك ئەو زانایانەی کە لە تورکیاو میسرو سعودیەو شاری بەغداو دیمەشق هەڵگیرساونەتەوە بوون بە مەرجیع و جێگای متمانەی خەڵکی ئەو شوێنانە، هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە لە کۆنەوە میللەتی کورد لە نێو میللەتانیتر ناسراو ئەوانیش ئاشنا کران بە گەورەیی و فەزلی ئەو میللەتەو زاناکانی.

شەشەم: ڕۆڵی زاناو زانکۆکانمان لە بەئەرشیفکردنی ژیانامەی زانایانی پێش خۆیان:

سوپاس بۆ خوا ژیانی زۆر لە زانایانمان لە فەوتان پارێزراو کراوە، ئەویش بە ماندووبوونی زۆرێك لە دەرچوانی حوجرە، کە هەڵسان بە تۆمارکردنی ژیانی زانایانمان لە کۆنەوە تا ئێستا: وەك:

مامۆستای گەورە مامۆستا مەلاعبدالکریمی مودەڕیس و مامۆستا مەلا عبداللە فەرهادی مامۆستا زوبێر بیلال و مامۆستا د.محمد زەکی ملاحسین سپینداری -خوا لێیان خۆشبێت- و مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکەو مامۆستا مەلا عبدالرحمنی دارەتوو و چەندانی تریش کە تا ئێستاش بەردەوامن لە نوسین و تۆمارکردنی ژیاننامەی زانایانمان لە کۆنەوەو تا ئێستا.

لەم بوارە پێویستە سوپاسی زانکۆکانمان بکەین کە چەندەها نامەو تێزی دکتۆراو توێژینەوەی زانستییان نوسیەوە لە ڕێگەی مامۆستاو قوتابی و توێژەرو ئەکادیمستەکان بۆ تۆمارکردنی ژیانی زانایانمان و دیاری کردنی ماندووبوونیان بۆ خزمەتی ئایین و زانست و پاراستنیان لە فەوتان و ناساندنیان بە جیهانی ئیسلامی و ناوەندە زانستیەکان.

وەك دەبینین -سوپاس بۆ خوا- کە زانایانی کورد لە پەرتوکخانەی ئیسلامی ناویان دەدرەوشێتەوە بە پەرتوکە بە پێزو بەهێزەکانیان لە رووی زانستییەوە وەك: ئیبن سەلاحی شەهرەزووری و ئیببنولحاجیب و ئەبو سعودو ئیبن خەلدون و ئیبن و لئەسیرەکان... هتد.

حەفتەم: ڕۆڵی زانایانمان لە ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوی خەڵکدا:

زانای کورد لە کۆن و ئێستادا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا بەرامبەر بە هەموو ئەو نەخۆشی و نەهامەتیانەی کە روویان لە خەڵکی کوردستان کردووە، وە خەڵکیش بەردەوام بە ئەدەبەوە گوێبیستی ئامۆژگاری مامۆستایانی خۆیان بوون لە



کۆن و ئێستادا، وەك چۆن بینیمان زانای کورد چ ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی گەنجەکانمان بەرامبەر بە بیری توندئاژۆیی ودورخستنەوەیان لە توندوتیژی، هەروەها دوورخستنەوەیان لە ماددەی هۆشبەرو، ئاشناکردنیان بە ڕەوشت و ئەدەبی بەرزو دروست، هەروەها ئامۆژگاری بەردەوامیان بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆرۆنا و نەخۆشیەکانیتر، کە ئەمە هەمووی ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرگیز ناکرێت و ناتوانرێت بێ پێویستی بکرێت لە زانای ئاینی و پشتگوێبخرێن، وە هەرگیز کەناڵەکانیتر ناتوانن ئەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە.

هەشتەم: ڕۆڵی هەنوکەی زانایانمان لە هۆشیارکردنەوە لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە:

لە ئێستاشدا سوپاس بۆ خوا وەك رابردوو لە گەڵ ئەو گۆڕانکارییەی کە بەسەر ئامرازەکانی گەیاندندا هاتوون زانای کورد دانەبڕاوە لە کۆمەڵگە، بەڵکو هەردەم پێشەنگ بووە لە خزمەتکردنی خەڵکی خۆی لە ڕێگای ئاینەوە بە هەموو ئامرازو تەکنەلۆژیای راگەیاندنی سەردەم لە هەموو جۆرەکانی بە بیسراوو بینراوو نوسراو لە ڕێگای بلاوکردنەوەی ئامۆژگاری و هۆشیاری لە تورە کۆمەلایتیەکان، وەك دەبینین دەیان مامۆستا بەردەوام کاری بانگخوازی خۆیان دەکەن بۆ دانەبڕانین لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە.

نۆیەم: ڕۆڵی مزگەوت لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان:

میللەتی کورد لە ڕێگەی زانایانیەوە زوو لەوە تێگەیشتووە کە مزگەوت چەندە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ژیانیان وەك موسڵمان؛ لە بەر ئەوە دەبینین هەر لە کۆنەوە هەر گوندێگ ئەگەر چەند ماڵێکی کەمیش بووبن مزگەوتیان دروستکردووەو مامۆستایان بەخێرهێناوەو خزمەتیان کردووە، ئەمەش هەمووی دەرخەری تێگەیشتنی میللەتەکەمانە لە رووحی ئیسلام و ژیان وسیرەی پێغەمبەرمان –دروودی خوای لەسەر بێت– چۆن کە گەیشتە شاری مەدینە یەکەم هەنگاوی بریتیبوو لە دروستکردنی مزگەوت، پێش گەیشتنیشی بە شاری مەدینە لە (قوبا) بە هەمان شێواز مزگەوتی دروستکرد؛ بۆ ئەوەی ئێمەی موسڵمانان لە گرنگی هەبوونی مزگەوت تێبگەیەنێت بۆ پاراستن و بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگا، ئینجا میللەتی کورد هەر لە زووەوە لە کارو ڕۆڵی مزگەوت تێگەیشت کە تەنها بۆ خواپەرستی نییە، بەڵکو بۆ خوێندن و فێربوون و سولح و ئاشتەوایی کۆمەڵگاش بە کاردێت.

میللەتی کورد بە هەمان شێوازی تێگەیشتنی لە مزگەوت لە ڕۆڵی مامۆستای مزگەوتیش تێگەیشت، لە بەر ئەوە مامۆستای ئاینی لە نێو کورد قەتیس نەماوە لە نێو مزگەوت، بەڵکو بەردەوام بەشداربووە لە خۆشی و ناخۆشی خەلکی خۆی و ڕۆڵی گرنگیشی بینیوە لە ئەنجامدانی سولح و ئاشتەواییەکان، وە هەردەم جێگەی راوێژوو متمانەی خەڵك بووە؛ لە بەر دینداری و لێزانی و خەمخۆری کە ئەمانە هەموویان سیفاتی موسڵمانی راستەقینەن.

دەیەم: شارەزای و کارزانی زانای کورد:

مامۆستای ئاینی هەردەم کەسی چالاك و ڕۆشنبیرو کارزان و شارەزابووە لە کارەکانی نێو کۆمەڵگا، لە بەر ئەوەی لە کاتی خوێندن و مانەوەیان لە حوجرەکان فێری زۆر کاری جوان دەبوون، لە بەر ئەوە مامۆستای ئاینی خۆی ڕۆڵی کارای دەبینی لە ئەنجامدان و بەشداری کردن لە زۆر لە کارەکان وەك: دروستکردنی دیوارو جوتیاری و کێلاَنی زەوی و کارەکانیتر، زۆر جار مامۆستای ئاینی لە گەڵ وەزیفەو کاری مەلایەتی خۆی کارو کەسابەت و جوتیاری و مەڕداریشی کردووە، کە ئەمەش هەمووی دەرخەری جوان تێگەیشتنی زانای کوردبووە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

لە بەر هەموو ئەوانەی باسمانکرد میللەتی کورد هەردەم ڕێزو پێگەی زانایانی زانیوەو، لە شوێن و جێگای لایق و شایەن بە خۆیانیان داناون و هەرگیز کەسانی ریشسپیوو پیاو ماقوڵ و برا گەورەو پلەدار بە پێش مامۆستایانی ئاینی نەکەوتوون پلەو پایەی دونیایان هەرگیز بەراورد نەکردووە بە پلەو پایەی زانای ئاینی. هیوادارین کە نەوەی ئێستاشمان لەم راستیانە تێبگەن و ڕێز لە ڕۆڵی مزگەوت و حوجرەو مامۆستایانی ئاینی بگرن.

# ئێستا و ڕابردووی (مەلا) لە کۆمەڵگەی کوردیدا هۆکارەکانی بە ئامانج گرتن و سەرمەشق بوونیان



م. محمد مەلا محمود تاوگۆزی

قسەکردن دەربارەی چنێکی دەستەبژێری وەك زانایانی ئایینی (مەلا)، هەروا سەرپێیی ناکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییان بزانین و بە قاڵب و قەبارەی ڕاستەقینەیان ئاشنابین، پێویستیمان بە گەڕانەوە و ئاوڕدانەوە بۆ مێژوو هەیە.

بێگومان کاتێك چاو بە ڕابردووماندا دەخشێنین، تابلۆ و تەلاری مەلای کورد هێند بەرچاو و بەرزەباڵا نومایانە، دەخوازێت لەبەردەم کۆشکی خزمەت و خەرمانی بەرهەمیاندا چۆك دابدەین. هەر کەسێکیش دان بەم ڕاستییەدا نەنێت و، چاوی ئەم هەقیقەتە نەبینێت، یان کەسێکی بێ ئەمەك و بێ ویژدانە، یان بێ ئاگا و نەشارەزایە؛ چونکە مامۆستایانی ئایینی (مەلا) بەردەوام داڕێژەر و درێژەپێدەری پەیامە مەزنەکان بوون و، ڕۆڵی گەورە و گرنگیان بینیوە لە تێگەیاندن و پێگەیاندن و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵگا و، گەیاندنی پەیام و بەها ئیسلامی و مرۆییەکان.

وە هیچکات لە کێشەو ئاریشە جۆربەجۆرەکاندا خۆبوێر و کەمتەرخەم نەبوون، بەڵکو ڕۆڵی ئەرێنی و مەزنیان بینیوەو، لە چەندین بواری جیاوازدا دەستی خزمەتیان سپی و درەخشانە، هەمیشەوکات داینەمۆی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەو، سەرچاوە و ئیلهام بەخشی زانست و ماریفەت و ڕەفتاری پەسەند و، خۆراکی ڕۆح و سەرچاوەی هۆشیاری و ڕۆشنگەری و بنیاتنان بوون.

بەڵام بۆ ئێستا و لەم دۆخەدا گەر بێت و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی واقیعی و بابەتییانەیان بۆ بکەین، دەگەینە ئەو بڕوایەی بڵێین: مەلای کورد بەراوورد بە ڕابردوو، ئەو ڕۆڵەی جاران ناگێڕن و لە ئاستی خوازراودا نین، ئەمەش بە دانپێدانانی خودی خۆیان، چ جای گلەیی و گازندەی جەماوەر و چینەکانی دیکەی دەستەبژێر!!

هەرچەندە تاکودێت ژمارەیان زیاتر و زۆرتر دەبێت، بەڵام ئەمە ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوە لە بەرەوپێشبردنی جۆرێتییان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، توشی پاشەکشە و لاوازی زیاتری کردوون، تا ئەو ئاستەی بە ئاشکرا دەرك بە نەرێنی و نەنگییەکانیان دەکرێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین: لە ئێستادا بەراوورد بە ڕابردوو، بەشێك لە مەلایانی کورد جگە لە بەجێهێنانی ئەرکێکی نیوە و ناچڵی وشك، زیندوێتی و بەرهەمێکی ئەوتۆیان نییە و، لە ئاست ئەو ڕۆڵە مەزن و ئەرێنییانەدا نابینرێن کە دەبوو هەیانبوایە، لە کاتێکدا دەبوو بەشێکی سەرەکی بن لە چارەسەر، بەڵام هەندێکیان بۆ خۆیان بونەتە گرفت.

ئەمەش بەو واتایە نا ڕۆڵی باشەکانیان نادیدە بگیرێت و ڕەشبین و بێ هیوابین لێیان و، هەموویان بخەینە تای تەرازوویەك، وەك لەلایەن بەشێك لە گەنجان و چینە جیاوازەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە دەدرێنە بەر تیری توانج و تەشەر؛ چون گەر بێت و بەراووردێك لە نێوان مەلا و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت بە تەنها مەلاکان نین خاوەنی کێشە و گرفتن، بەڵکو هەموو توێژەکانی دیکە، گەر حاڵیان خراپتر نەبێت، بێگومان باشتر نییە، بەڵکو بە بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین: مەلایان باشتر و لە پێشترن.

کەواتە دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ مەلای کورد و، خستنە ڕووی سەرنج و داخوازییەکان لەسەریان، لە چوارچێوەی بەراووردکردنیان بێت لەگەڵ تاك و دەستە و گروپ و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە.

ئەوەشمان بیر نەچێت! دەبێ بزانین، وە بپرسین ئاخۆ کۆی پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندن و ناوەندەکانی خوێندن لە چ ئاستێکدان، کە زۆرێك لە مەلاکانی ئەم چەرخە بەرهەمی ئەو سیستەمەن و، قوربانی دەستی ئەو دۆخە نەخوازراوەن؟!!

دەبێ هەموو لایەك بزانن، چۆن کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی توشی لاوازی، بگرە پاشەکشە و تێکشکان بووەتەوە، مەلاکانیش خانەیەکن لەو خانانە و بەشێکن لەو گشتە، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەوانیش پشکێکیان لەو واقیعە نەویستراوە بەرکەوتووە و، لە خەوش و خلّت بەدەر نین.

**"لە ئێستادا بەراوورد بە ڕابردوو، بەشێك لە مەلایانی کورد جگە لە بەجێهێنانی ئەرکێکی نیوە و ناچڵی وشك، زیندوێتی و بەرهەمێکی ئەوتۆیان نییەو، لە ئاست ئەو ڕۆڵە مەزن و ئەرێنییانەدا نابینرێن کە دەبوو هەیانبوایە"**

دیارە ئەمەش گرفتێکی تایبەت تەنها بە مەلایانی کورد نییە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە. خۆ گەر بێت و کوردستان بەراوورد بکەین بە وڵاتانی دیکەی عەرەبی و دەوروپشتمان، دەبینین دۆخ و ئاستی مەلای ئێمە لە زۆر وڵاتانی دیکە باشتر و لەپێشترە.

بەڵام هۆی چییە زیاتر قسە لەسەر مەلا و بانگخواز و کەسایەتییە ئایینییەکان دەکرێت؟ بە تایبەت بەم دواییانە، وەك بینیمان لە سۆشیال میدیادا زانایانی ئایینی و، تایبەتتر (ئەنجومەنی باڵای فەتوا) کرایە ئامانج؟ من دەیگێڕمەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١ــ لە کۆمەڵگەی کوردیدا مەلا شکۆ و پێگەیەکی تایبەت و پیرۆزی هەیە، لە بەرامبەریشدا چاوەڕوانییەکان لێیان زیاتر و زۆرترە و، کۆمەڵگا ئومێدی گەورەی لەسەر هەڵچنیوون. دەکرێت لەم ڕووەوە مەلای کورد کەم و زۆر کەمتەرخەمی هەبووبێت و، لە ئاست خواست و هیوای هەمووواندا نەبوو بێت.

٢ــ مەلای کورد کەسایەتییەکی ئایینی و زانستی نییە و بەس، بەڵکو تێکەڵەیەکی هەمەچەشن و فرە ڕەهەندە و، تایبەت نییە تەنها بە چین و توێژێکی دیاریکراوەوە. وە لەلایەن هەموو چین و توێژەکانەوە خواستەکانیان ئاراستە دەکرێت، بەمەش داواکارییەکانیان لەسەر کەڵەکە دەبێت، هەرکەس و لایەنێکیش دەیەوێت مەلا دڵخوازی ئەو بێت و خواستی ئەو بەجێبهێنێت. ئاشکرایشە کۆکردنەوەی ئەو هەموو خواست و داواکارییە فرەچەشن و هەمەجۆرانە لە کەسایەتی مەلادا قورس و ئەستەمە.

دواجاریش ئەو لایەنەی هەڵوێستەی مەلای بە دڵ نییە، ــبە ناڕەوا ــ گلەیی و گازندە دەکات و بە لاواز و کەمتەرخەم هەژماری دەکات.

٣ــ نکوڵی لەوەیش ناکرێت ئێستا نەوەیەك بەرێوەیە، شێواز و جۆری نوێی ژیان و ئایینداری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان پەیڕەو دەکەن و، ناچنە ژێر باری پابەندی و بەرپرسیارێتییەوە، بەڵکو زۆر جار گەڕانەوە بۆ ڕای زانایان بە دواکەوتووی و نەنگی هەژمار دەکەن.

ئەم نەوە نوێیە بە هیچ قایل نین و ئارەزوی یاخی بوون و سەرکەشییان هەیە؛ تموحیان زۆرە و، دەیانەوێت جیاواز بژین و بیربکەنەوە. لە کاتێکدا بۆ خۆشیان لە ئاستی پێویستدا نین و، وەك نمونەیەکی باڵا لە ئەرك و بەرپرسیارێتیدا خۆیان بەرجەستە نەکردووە.

٤ــ لێرەوە دەتوانین بڵێین: هەندێك گلەیی و گازندە، یاخود داواکاری، کە ڕووبەڕووی مەلا و موفتی دەکرێتەوە، نابەجێ و نا لۆژیکییە؛ چونکە دیدگا و دونیابینیی و سروشتی ئەرك و بەرپرسیارێتی و کەسایەتییان دەخوازێت بەو شێوەیە بێت کە هەن. ئەوان مەحکومن بە کۆمەڵێك ڕەهەند و بنەما و تایبەتمەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەسیی و، بە مەزاجی خودی قسە ناکەن، بەڵکو میراتبەری گەنجینە و سەرمایەیەکی فرە بەهادارن، بۆیە ئاسان نییە بۆیان ئەو هێڵ و هێمایانە ببەزێنن و، وەك هەر کەسێکی ئاسایی هەڵوێست بنوێنن و ڕەفتار بکەن.

٥ــ هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی ڕەخنە لەسەر مەلای کورد و، هەندێك جاریش دەگاتە ئاستی تۆمەتبارکردنیان، ڕۆڵ بینینی نەرێنییانەی سیاسەت و پارتە جیاوازەکانە، تەریب لەگەڵ ئەوەشدا میدیای چەواشەکارو سێبەر، کە ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەبینن لە شێواندنی ڕووی ڕاستەقینەی مەلای کورد و وێناکردنیان وەك تەنێکی نامۆ و ناباو بە کۆمەڵگە.

مەخابن چەندین هەوڵ بۆ شکاندن و شێواندنیان دراوە و دەدرێت، وە بە هەر نرخێك بێت هەوڵ دەدرێت بخزێنرێنە نێو ململانێ و ئامانجە تایبەتییەکانیانەوە.

٦ــ هۆکارێکی دیکەی بە ئامانجگرتنی مەلای کورد لە ئێستادا، کەم تفاقی و لاوازی ئاستی زانستییانە، بەداخەوە ئەوانیش لەگەڵ شەپۆلی وەلاخستنی خوێندن و خوێندنەوە تێوەگلاوون. خوێندنەوە و خۆ نوێ کردنەوەیان فەرامۆش کردووە و، سەر و سەوداکردنی سەرچاوە زانستییەکانیان پشتگوێ خستووە. لە کاتێکدا موتالاکردن و خوێندنەوە بۆ هەر کەسێك گرنگ و پێویست بێت، بۆ مەلایان گرنگتر و پێویستترە؛ چون بەدەر لەوەی خۆراکی زیندەگانی و ڕۆحی بوون و هەناسەی گیانی مەعنەوییانە، بەجێهێنانی فەرمانی پەروەردگاریشە، کە دەفەرموێن: ﴿اقرأ﴾.

دواجار ئەم جۆرە بێ باك بوونە لە خوێندن و خوێندنەوە، بۆتــە هــۆی ئەوەی  خیتاب و پەیامیان لە ئاستی خوازراودا نەبێت و، نەتوانن بێ بە پێی خواست و پێویستییە هەنوکەییەکان بدوێن و جــەماوەر ئاراســتە بکەن.

٧ــ لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا، مەلایان خۆیان بۆ خۆیان، بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشدارن لە کۆی ئەم بە ئامانجگرتنەدا، بەوەی نــەیانتوانیوە پشتێنەیەکی ئەمنی وەها بۆ خۆیان زامن و دەستەبەر بکەن، کــە رێگــر بێت لە بە مەلا کردنی کەسانی ناشایستە، تاکو لە ڕێگەی فشارەکانیانەوە هەموو ئەو کەس و لایەنانە ناچــار بــە دوورکەوتنــەوە بکــەن لــە دەستوەردان و خۆتێخزاندن و کاریگەری خستنە سەریان.

ئەوەتا دەبینین هەر پارت و دامەزراوەیەك دەستەی زانایانی تایبەت بــە خۆی هەیە، کە کاریان بەرهەمهێنانی کادری حزبییە بە ناونیشانی مەلا و موفتی و بانگخواز، ئەرك و ئامانجی ئەم دامەزراوەیــە خزمــەتکردنی گروپێکی تایبەتییە. کە دواجار دەبن بە بار بەسەر خودی ئایین و، پاشان مەلا پاك و ڕاستەقینەکانیشەوە و، ناوبانگ و سەنگیان دەخەنــە ژێــر گومان و گریمانەی جۆربەجۆرەوە.

تەنانەت لە ئێستادا ژمارەیەك لە بانك و، کلینــك و نەخۆشــخانەکانی جوانکاری و منداڵبوونی بلوریی، مەلا و موفتی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵکو خراپتر لەوەش، بەشێکیان دەستیان داوەتە بازرگانی بەناوی ئایینی و پزیشکییەوە، بە ناوی دەرکردنی جن و، بەتاڵکردنەوەی جــادوو، سەرگەرمی بازرگانی و پارە پەیدا کردنن. هەنــدێکی دیکەشــیان وەك نوسینگەی هاوسەرگیری و، شتی دیکە سەرقاڵکاری لابەلان...

هەموو ئەمانەش ئیشی ئەو کەسانەن کە خۆیان بــەم کایــە پــیرۆزەدا هەڵواسیوە و ناویان لە خۆیان ناوە مەلا، گەرنا مەلای ڕاستەقینە خــۆی بەم جۆرە کارانەوە نائاڵێنێت.

هەمووماں ئەوەمان لا ڕوونە، هەتا مەلای ساختە و دەستکرد بوونی نەبوو، مەلا قازی و دەمڕاست و پێشەنگ بوو، کۆمەڵگا دامەزراو بوو،

**"مامۆسـتایانی ئـایینی (مـەلا) بـەردەوام دارێـژەر و درێژەپێدەری پەیامە مەزنەکان بوون و، ڕۆڵـی گـەورە و گرنگیـان بینیـوە لــە تێگەیانــدن و پێگەیانــدن و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی کۆمـەڵگا و، گەیانـدنی پەیام و بەها ئیسلامی و مرۆییەکان"**

کەلتور و کەلەپور و زمان و بەرگ و، دەنگ و ڕەنگی ئایین و نیشتمان پاك و پوخت و پارێزراو بوو. کەچی ئێستا بەناوی جیاواز و جۆربەجۆرەوە، هەموو جوانی و ڕەسەنایەتییەك بەرەو کاڵبوونەوە و پوکانەوە دەچێت، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، بە تایبەت لەسەر شکۆ و پێگە و کەسایەتی مەلا، کە هێمایەکی پیرۆز و باڵایە.

بۆیە لە ناو ئەم هەمووە تەم و مژ و تەنگژەیەی کە بۆ زانای کورد (مەلا) دروستکراوە و، بەشێکیشیان خۆیان لێی بەرپرسن و خولقاندویانە، ئەرکی سەرشانی مەلا سەر ڕاستەکانە خۆیان توند و تۆڵ و دامەزراوتر بکەن و، بە داناییەوە بەرەنگاری هەموو نارێکی و ناهەمواریيەکان ببنەوە و، تەمی تۆمەتی دۆست و نەیار برەوێننەوە و، دەرفەت بۆ گری و گۆڵی ئەم و ئەو بەسەر خۆیانەوە نەهێڵن.



# مەلای کورد و
# کاریگەری لە کایەکانی ژیاندا

**مەلا صلاح الدين باقرعبدول**

بەکالۆریۆس لە بنەماکانی ئاین



زانایان نوری ڕۆشنایی وەحی و کانیاوی زانست و زانیارین لەدەریای عیرفانء خواناسیدا.. چرای داگیرساوی هیدایەتن بۆ شەوە زەنگی نەفامی.. تیشکی زێڕینی دڵسۆزین بۆ یەك بەیەکی ئەم نیشتیمانە شیرینە.. زانایان عەلەمداری جوانییەکانن لەمەملەکەتی ئیمان و باوەڕدا.. سارێژکەری هەموو کۆسپ و لەمپەرەکانی دەروونن بۆ ڕێوارانی ڕێی بەندایەتی، تا لەبیابانی ژیاندا وون نەبن.

زانایان هەمیشە ڕەمزی خەباتء دڵسۆزی و خەمخۆری خاك و خەڵکی نیشتیمانی خۆیان بوون، لەهیچ قۆناغێك لەقۆناغەکانی مێژوودا دوانەکەوتوون، بەڵکو زۆرجاریش سەر قافڵەی خەبات و قوربانیدان بوون.

گەر هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە پێویستی بە ناسین و پێناسەو ناوئنیشان هەبێت، ئەوە تەنیا زانایانن کە بێ نیازن لەهەر پێناسەو ناساندنێك، چونکە زانایان زۆر ئاشناو نزیکن لەکۆمەڵگەوە، لەبەر ئەوەی خۆیان لەهەناوی ئەو کۆمەڵگەیەوە دروستبوون کە تێیدا ژیاون و جێی ڕازو نیازو وەڵامگۆی پرسیارەکانی هەموو کەسێك بوون لەڕووی کایە کۆمەڵایەتی و پێداویستییە ئەخلاقی و ئیمانییەکانەوە، لەلایەك و لەڕووی ئەو ئەمانەتە زانستی و شەرعییەی کە لەئەستۆیاندا بووە، هەمیشە جێی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خەڵکی بوون، بەجۆرێك هیچ چین و توێژێك هێندەی زانایان لینك و پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆیاندا نییە، ئەمەش بەهۆی سروشتی ئەو پەیامە شیرینەی ئەمان هەڵیانگرتووە، بۆیە زانایان هەمیشە ئاشناو چاوساغی کۆمەڵگەی خۆیان بوون و لەگەڵ هەموو خۆشی و ناخۆشی و نەهامەتییەکانی میللەت و خاك و خەڵکی خۆیاندا ژیاون، کە دەتوانین بڵێین تاکە چین و توێژێکن کە ڕاستەوخۆ بەشداریی ساردو گەرم و خۆشی و ناخۆشییەکانی گۆمەڵگای خۆیان کردووە و بۆ تەنیا ساتێکیش لەیەکتری دوور نەکەوتوونەتەوە، هەموو ئەمانە واتای جوان و ناوەڕۆکی بەهێزو کەسایەتیی کاریگەر دەبەخشنە زانایان، کە دەتوانین بڵێین زانایان ئەوانەن کە شارەزان بەشەریعەتی ئیسلام، لەئاین تێگەیشتوون، کار بەزانستەکەیان دەکەن لەسەر بنچینەی بەرچاورووونی (بصيرة) هەنگاودەنێن، ئەوانەن کەخوای گەورە حیکمەتی پێبەخشیون وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿...ومَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْراً كَثِيراً...﴾ البقرة: ٢٦٩

زانایان ئەوانەن کەخوای گەورە کردوونی بەکۆڵەکەو پایە بۆ شەریعەتی ئیسلام، بۆ ئەوەی خەڵکی بەهۆیانەوە لەئیسلامء ئەرك و مافی دینداریی خۆیان تێبگەن. الطبري. جامع البيان (٣/٣٢٧).

زانایان ئەوانەن کە لەوپەڕی تێگەیشتن و زانینی هەموو بابەتە فیقهییەکاندان شارەزان و ئاگادارن بەئیسلام، وتەو گوفتاریان دەبێتە بەڵگە بۆخەڵکی و تایبەتمەندن بە هەڵێنجاندنء دەرهێنانی حوکمە شەرعییەکان و شارەزان بە جێبەجێکردنی بنەماو یاساکانی حەڵاڵ و حەرام. (ابن القيم/ إعلام الموقعين. (١/٧))

زانایان میراتگری پێغەمبەرانن و میراتگری ئەو زانستەن کە لێیان بەجێماوە، لەدڵ و دەروونەوە هەڵگری پەیامی خوان و کردارو مامەڵەیان بانگەوازو بانگەشەی خەڵکییە بۆ ئیمان و ئیسلام.

زانایان ئەوانەن کە لەهەموو تیرەو هۆزەکانی خۆیان یەکلاییدەبنەوە خۆیان وەقفدەکەن بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی پەیامی خوا، دواتر هەڵدەستن بەگەیاندنی ئەوپەیامەو ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لێی، وەك

**لەمێژووی گەلی کورددا ڕۆڵی زانایان دیارو پرشنگدار بووە، ڕەمزی دڵسۆزیو خەمخۆریو پێشەوایەتی بوون، دانایانە پەنجەیان لەسەر ئازارەکانیان داناوەو دڵسۆزانەش هەوڵی چارەسەرکردنیان داوە، بۆیە هەردەم زانای کورد ڕەمزی داهێنان و عەلەمداری و پێشەوایەتی بووە.**

خوای گەورە دەفەرموێت ﴿و مَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ و لِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُواْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ (التوبة: ١٢٢)

زانایان ئەوانەن کە هەمیشە لەیادی خوادا دەژین، یادێك کە هەمیشە دڵیان زیندو و لێوانلێو لەخۆشەویستی بۆ خوای گەورەو وەلأمگۆ بۆ ئەوانەی شەیدای پاکی و جوانین و بەشوێن راستی و ئیمانادا دەگەڕێن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿... فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾ النحل: ٤٣

**لە رەورەوەی مێژوودا زانایان خاوەنی چەندین داستانی شکۆمەندی و شاکاری گەورەیی و خۆنەویستن بوون، کە تا ئێستاش مرۆڤایەتی قەرزداری زانست و داهێنان و لێبڕان و دڵسۆزیی زانایانیەتی.**

زانایان ئەوکۆمەڵە پاك و بێگەردو جوان و نایابەن کە هیچ کات زەوی لەوان چۆڵ نابێ و دنیا بەفیوزات و بەرەکەتی ئەمانەوە بەردەوام دەبێت، تاهاتنی رۆژی دوایی، وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت (لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ أَوْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ ظَاهِرُونَ عَلَى النَّاسِ) صحيح مسلم، رقم الحديث: ٣٥٥٥.

واتا: لەنێو ئیمانداراندا کەسانێك (گرۆهێك) هەن کە بەردەوام لەسەر مەنهەجی خوان و فەرمانەکانی جێبەجێدەکەن بەبەردەوامی تا ئەوکاتەی لەژیاندان.

پێشەوا (نەوەوی) لەشەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێ :پێشەوا (البخاری)لەبارەی ئەو (الطائفة)ەیەوە دەفەرموێت:( هم أهل العلم) ءاتا: پێشەوا (بوخاری) دەفەرموێت ئەو(طائفة)یە بریتین لەزانایان.﴿ انظر " صحيح البخاري " ( كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة ، باب (١٠) قول النبي صلى الله عليه وسلم " لا تزال طائفة.." ، ص١٢٥٩ ، دار السلام﴾

زانایان ئەوانەن شارەزای ئاینەکەیانن سەبارەت بەو شتانەی فەرزو واجبن و ناسەرەوەی هەموو خێرو چاکەیەکی خێرخوازانن، لەهەمان کاتدا ناسەرەوەی هەموخراپەو فیتنەیەکی خراپەکارانن.

زانای کورد ئەو مەردە دڵسۆزو شەرع زانانە بوون کە بەتەمەنی نورین و ریشی سپی و مێژەرەی بەفرینیان رۆشناییان بەخشییە دنیای خەڵکی، بەهەڵدانەوەی لاپەڕە زەردەکانی بەردەستیان دینداریان کردە چرا بۆ رۆشنکردنەوەی رێگا.

لە ژورە تاریك و بێ تفاقەکانی حوجرەوە، شۆڕەسواری مەیدانی زانست و رەوشت و ئەدەب و گەردووناسی و ژیر بێژی و رەوان بێژی بوون، لەسەر بەرماڵی نوێژەوە کەلاوەکانی دەروونیان دەکردە کۆشکی هیواو ئومێد، بە ئاوی سازگاری دەستنوێژەوە ساڕێژکەری زام و برینی رۆحیان بوون، بەتێگەیشتن لەقورئان و راڤەی فەرموودەکان، ئیلهام بەخشی جوڵەو کارو هیمەت و گوڕو تینیان بوون، لە رەورەوەی مێژوودا زانایان خاوەنی چەندین داستانی شکۆمەندی و شاکاری گەورەیی و خۆنەویستن بوون، کە تا ئێستاش مرۆڤایەتی قەرزداری زانست و داهێنان و لێبڕان و دڵسۆزیی زانایانیەتی.

لەمێژووی گەلی کورددا رۆڵی زانایان دیارو پرشنگدار بووە، رەمزی دڵسۆزی و خەمخۆری و پێشەوایەتی بوون، چونکە زانایان هاوبەشی هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەت و کۆمەڵگەی خۆیان بوونە، دانایانە پەنجەیان لەسەر ئازارەکانیان داناوەو دڵسۆزانەش هەوڵی چارەسەرکردنیان داوە، بۆیە هەردەم زانای کورد رەمزی داهێنان و عەلەمداری و پێشەوایەتی بووە.

رۆڵی زانایانی ئاینی هەر بەتەنیا لەچوارچێوەی مزگەوت و کاری ئاینیدا کورتنەکراوەتەوە، بەڵکو زانایانی ئاینی لەمێژووی گەلی کورددا رۆڵی منەوەرو نوخبەی رۆشنبیرانیان گێڕاوە، بەجۆرێك ناتوانرێت مێژووی رۆشنبیری و ئەدەب و فیکرو کلتوری نەتەوەییمان بەبێ ناوی زانایانی ئاینی بنوسرێتەوە، لەوانە مەولانا خالیدی نەقشبەندی و ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و فەقێی تەیران و مەولەوی و نالی و مەحوی و عەلائەدینی سوجادی و چەندانی تر.

هەروەها لەروانگەی شۆڕش و بەرخودانەوە زانایانی ئاینی پێشەنگی گەلی کورد بوون لەخەباتی نەتەوەییدا، سەرمەشقی هەموو فیداکارییەك بوون کە نموونەی مێزەرەکەی پێشەوا قازی محەمەد و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی نەمر باشترین نموونەی قوربانیدان و خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردە.

لەرووی زانستییشەوە زانایانی کورد دەورێکی پێشەنگی و پێشەوایەتییان پێشکەشکردووەو نوسین و داهێنانە زانستییەکانیان دەورو کاریگەریی تەواویان هەبووە لەناساندن و پێشخستنی پەیامی پیرۆزی ئیسلامدا، بەجۆرێك لەبوارەکانی تەفسیرو زانستەکانی قورئان و عەقائیدو مێژوو و زانستی حەدیسدا چەندین کەڵە پیاوی پێشکەش کردووە، وەکو ئیبن خەلەکان، ئیبن تەیمیە، سعيد النورسی، ئیبن ئەسیر، ئیبن صلاح الشهرزوری، شێخ محەمەدی خاڵ و مەلا

عەبدولکەریمی مودەریس، محەمەد سەعید رەمەزان بوتی و چەندانی تر.

لەرووی کۆمەلاّیەتییشەوە زانایان تاکە توێژی نێوکۆمەڵگەن کە راستەوخۆ پەیوەست بوون بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی خەڵکەوەو دەرگای ماڵ و مزگەوت و حوجرەکانیان هەمیشە کراوەو لەسەر پشت بووە بەڕووی هەموو کەسێکدا، زۆرترین پەیوەندی و دۆستایەتییان لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی نێوکۆمەڵگە هەبووە، رۆڵی گرنگیان گێڕاوە لەچارەسەری کێشەو گرفتە کۆمەلاّیەتییەکان و پاراستنی ئاسایشی کۆمەلاّیەتیدا.

بۆ پاراستنی بەهاو نرخی زێڕینی زانایان و هێشتنەوەی دەورو کاریگەریی زانایان لەگشت بوارە کانی ژیانداو گێڕانی رۆڵی پێشەنگی و پێشەوایی لەکاروانی چاکەخوازیدا، بەپێویست و گرنگمان زانی لەدوو توێی کتێبێکدا ئاماژە بە پێگەو پلەو پایەی زانایان بکەین لەروانگەی ئەرك و بەرپرسیارییانەوە، چونکە دنیای ئەمڕۆ جیاوازە لەدنیای هەموو سەردەمەکانی پێش خۆمان، دنیای ئەمڕۆ دنیای جەنجاڵی و دنیای مادیەت و دنیای پێشکەوتنە لەڕووی داهێنانە عەقلی و زانستییەکانەوە، بەشێوەیەك مرۆڤایەتی لەلوتکەی هەرەمی ئەو تەکنۆلۆژیایەی ئەمڕۆدا گوزەر بەرۆژەکانی تەمەنی دەکات، بە بیابانی کاکی بە کاکی رۆحیا تێدەپەڕێ، لەسەر بەستەڵکی دنیاگەریدا ماڵی هەواو ئارەزووەکانی بنیاتدەنێت، لەنێو ئۆقیانوسی بێئاگاییدا نوقمی خەوێکی قووڵ بووە، بەدەست حەزو ئارەزووەکانیەوە هەنسکی لێبڕاوەو لەپەلەقاژەی پێش مردنیشی دەست بۆ پووشی قەراغ دەریا دەبات، تا بەر شەپۆلی خنکان نەکەوێ.

ئالەم بارودۆخە سەختەدا لەهەموو کات زیاتر خەڵکی پێویستی و ئاتاجی بەنووری رۆشنایی وەحی و چرا هەڵگرانی هیدایەت و میراتگرانی پێغەمبەران و زانایانی میحراب و مینبەری نێو مزگەوتەکانی ژیانیان هەیە، تا لەپاڵ دەریا هێمن و ئارامەکەی ئیماندا بۆشاییە رۆحییەکان پڕبکاتەوەو بنیاتی کەسایەتیی خۆی بنێتەوەو باشترین دەرفەت بسازێنێ بۆ سەر لەنوێ پەروەردەکردنی رەوشت و مامەڵەی، هەڵوێستەیەکی ویژدانی بکات بۆ تێگەیشتنی دروست و واقیعییانە لەژیان و بەخشینی ئیلهام و رێنمایی بەعەقڵ و ژیریی جیهانبینییەکانی.

**زۆرترین پەیوەندیو دۆستایەتییان لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی نێوکۆمەڵگە هەبووە، رۆڵی گرنگیان گێڕاوە لەچارەسەری کێشەو گرفتە کۆمەلاّیەتییەکان و پاراستنی ئاسایشی کۆمەلاّیەتیدا.**



# مەلای کورد لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا



مەلا ئاراس رواندوزی

کە لاپەڕەکانی مێژووی مەلای کورد هەڵدەدەیتەوە، هەست بە شکۆ و شانازییەکی زۆر دەکەیت و بۆت دەردەکەویت کە وێڕای ئاستەنگ و ئاڵەنگارییەکانی ژیان، بەڵام جێپەنجە کاریگەرەکەی لە هەموو گۆشەکانی کۆمەڵگادا نەخشێنراوە، لە خەباتی ڕەوای گەلەکەشیدا زێدە دڵسۆز بووە و هەرگیز دریغی نەکردووە لە موتوربەکردنی بیری موسڵمانان بە دووانەی خۆشەویستی ئایین و نیشتیمان.

لە جیهانی ئەدەب و هونەر و هۆنراوەشدا؛ مەلای کورد خۆی لە پێگەیەکی مێژوویی بەرزدا دەبینێتەوە، ئەوەتا دەستڕەنگین و داهێنەرێکی خودان شاکاری زۆر ناوازە بووە، خۆشحاڵانە کە چەندین بەهرەمەندی هەڵکەوتووی ناودارمان هەیە لە نموونەی (نالی و مەحوی و مەولەوی و وەفایی و سالم و سافی) کە تا ئێستاش ناوبانگیان بە زیندوویی ماوەتەوە و تێکستە ئەفسوناوییەکانی دووتوێی بەرهەمەکانیان ئیلهامبەخش و وزەبەخشن بۆ نەوەکانمان، ئەوەش مایەی پێنازینێکی هەمیشەییە.

خاڵێکی دیکەی هەرە جیاکەرەوە لە ژیانی مەلای کورد لە ڕابردوودا ئەوەیە؛ کە هاوڕێ و هۆگری کتێب و نووسین و خوێندنەوە و تەدریس بووە و ؛ شەیدا و عەودالێ پێگەیاندنی فەقێ و قوتابیانی ئایینی



بووە لە حوجرەکاندا ؛ کە زۆر لە زانکۆ هەر دیارەکانی ئەمڕۆ پێشکەوتووتر و بەرهەمدارتر بوونە، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆر لە تەمەنی خۆیان بۆ ئەو جیهانە جوانە تەرخان کردووە و ساتە گرانبەهاکانی خۆیان تێدا بەسەربردووە، بۆیەش دەبینین مەلاکانمان لە دوێنێدا نەوەیەکی بەهرەدار و ئەزموونداریان بە زانستەکانیان پەروەردە کردووە و بە بیروباوەڕێکی ئایینی تۆکمە و یەکانگیر لەگەڵ پرەنسیپەکانی پێکەوەژیان و میانڕەوی و نەرمونیانی و ئاشتیخوازی گۆشیان کردوون و پێشکەش بە کۆمەڵگایان کردوون، هەر لەبەر ئەوەشە کە کۆمەڵگای کوردی لەو ڕۆژگاردا سەقامگیرتر و ئاسوودەتر و هێمنتر بووە و کەمترین کێشە و ئاژاوەی تێدا بووە بە بەراورد بە ئێستا، بێگومان ئەوەش زادەی هیممەتبەرزی و لەخۆبردوویی و خەمخۆری مەلاکانمان و پەرۆشی بێسنووریان بووە بۆ گەل و میللەتەکەیان.

بێجگە لەوەش مەلاکانمان لە ڕابردوودا بە توانا و سەلیقە و لێهاتوویی خۆیان ؛ تەکانیان داوەتە ڕەوتی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و زانستی و فیکری و ئەدەبی، بە تەرزێك کە هیچ یەکێك نەبووە هێندەی مەلای کورد حەوسەڵەی وشە و قەڵەم و نووسینی هەبێت لەناو کۆمەڵگادا، ئەوەش گەواهیدەرێکی گەورەیە کە مەلای کورد ئەوێ ڕۆژێ سەرەڕای پیشەی مەلایەتی ؛ هاودەم ڕۆشنفکر و بیرمەند و ئەدیب و هەڵگری فیکری پێشکەوتووخواز بووە، بۆیە دەبێت ئێمەومانانیش ئەو دیدگایە بکەینە بەربنەما و کارنامە و هەڵبژاردەی داهاتوومان و لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەوان هەنگاو بنێین و ببینە وێنەیەکی سەردەمیانەی ئەوان بۆ ئێستای کۆمەڵگاکانمان.

با لە یادمان بێت ؛ کە سەردەمانێك مەلای کورد پێشڕەوی خەباتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بووە، بەڵکو شانبەشانی ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆی لە خزمەتکردنی مزگەوت و حوجرە و زانستە شەرعییەکان و

گەیاندنی گوتاری ئاینی ئامانجدار و پیادەکردنی میتۆدی میانڕەوی و ڕەسەنایەتی لە ڕێبازی دینداریدا ؛ بە ئەرکی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاش هەڵساوە و تامەزرۆیانە تێکۆشاوە لە پێناو خۆشبژێوی و خۆشبەختی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی، بۆیە دەبێت ئەوە ببێتە هاندەرمان تا درێژەپێدەری هەمان ئەو ڕێبازە مەزنە بین و دانەبڕێین لە ڕەوڕەوەی ئەو مێژووە شکۆدارە.

هەموو ئەو ڕاستییانەی سەرەوە بەرپرسیارییەتییەکی زۆر گەورەن لە ئەستۆی یەك بە یەکی مەلای کورد لە ڕۆژگاری ئێستادا، کە دەبێت تێبکۆشێت لە پێناو پارێزگاریکردن لەو شوناسە زێڕینەی خۆی لە ڕابردوو و پاراستنی پێشەنگایەتی خۆی لە بزاڤی پەروەردە و مەعریفە و ئەدەب و هونەر و تێکڕای بوار و سێکتەرەکانی دیکەی ژیان، بە دیوێکی دیکە هەر دوورکەوتنەوەیەك لە ئەتەکێت و ئەدەب و ئەدای مەلای کورد لە ڕابردوو ؛ دەبێتە پاشەکشەیەکی ترسناك لە بەها بەرز و باڵاکان ؛ نەك تەنها بۆ خودی مەلاکان ؛ بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگا، چونکە هەموو چاوەکان لەسەر ئەوانە و ؛ کەسایەتی و



**" هەر دوورکەوتنەوەیەك لە ئەتەکێت و ئەدەب و ئەدای مەلای کورد لە ڕابردوو، دەبێتە پاشەکشەیەکی ترسناك لە بەها بەرزو باڵاکان، نەك تەنها بۆ خودی مەلاکان بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگا "**

هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەوان دەبێتە ئاوێنەی تەواوی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا.

دەبێت ئیمرۆ مەلای کورد پشتی ئەستوور بێت بەو مێژووە پڕشنگدارەی هەیەتی، دەشبێت ئەو سەروەریانەی بۆی بەجێماون بیانکاتە هاندەر تا بەردەوام بێت لە گەشەکردن و ؛ گەرموگوڕتر بپڕژێتە سەر تێکۆشانی هەمەلایەنەی خۆی، بۆ ئەوەی بەرچاوی ڕوونتر بێت تا شیاوترین شوێن بۆ خۆی لە هاوکێشەکاندا دیاری بکات و تۆماری نوێی ڕەونەقداری پڕ لە سەرفیرازی بنووسێتەوە.

لە ڕۆژگاری ئێستادا کۆمەڵگای کوردی پێویستییەکی زۆری هەیە بە ڕۆڵی مەلاکان، چونکە ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ڕاگەیاندن و زانیاری و کولتووری ئاراستەکراو بووەتەوە لەلایەن شارستانییەتی ماددی خۆرئاواوە ؛ کە چەمکە جیاوازەکانیان پێوەدیارە و بەها و شێوازی ژیانی جیاواز لە بەها و شێوازی ژیانی ئیسلامی هەڵگرتووە، ئەوەش دەخوازێت چالاکییەکی چڕی مەعریفی و تێکۆشانێکی ڕۆشنبیری گەورەی مەلای کورد هەبێت لە گۆڕەپانەکەدا لە پێناو پاراستنی ناسنامە و بەها بەرزەکانمان.

لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامەی لە ڕەوڕەوەی زانست و تەکنەلۆجیادا ڕوودەدات، پرسیارگەلێکی زۆر لە بیروباوەڕ و ئاکارو کولتوور لە بەردەم گەنجان و تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا دەوروژێنێت، بۆیە هەر دەبێت زانایان لە بەردەم ئەو ئاڵەنگاریانەدا ئامادە بن و وەڵامدەرەوەی هەموو ئەو پرسیارانە بن کە بۆیان دەوروژێنرێن، نەبادا لەسەر ڕاستەڕێی ژیان دووربکەونەوە و بەرەو هەڵدێرە سەختەکان ئاراستە بکرێن.

# ڕۆڵی مەلای کورد
# لە پەرەپێدانی هەستی یەکتر قەبوڵکردن و پێکەوە ژیان



مەلا ئیدریس ژاڵەیی

مەلا لە مێژووی کورددا هەمیشە سیمبوڵی ئاشتی و سوڵح و پێکەوە ژیان بووە، ئەمەش لە خۆڕا نەهاتووەو هەروا بە هەوانتەو ڕێکەوت نەبووە، چونکە مەلای کورد بە تەواوی و تێگەیشتنی وردو لە سەرچاوەی ڕوون و ڕاست ئیلهامی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەرگرتووە کە ئاینی ئاشتی و پێکەوە ژیان و یەکترقەبوڵکردنە، لە لایەکی دیکەوە مەلای کورد ڕۆڵەی نەتەوەیەکە ئاشتی خوازو بێوەی و سەلامەت، هەرگیز کورد چاویان نەبڕیوەتە خاك و وڵاتی هیچ نەتەوەیەکی دیکە، هەموو کات ستەمی لێکراوەو مافی خوراوە، بۆیە هەموو کات مەلای کورد لەڕیزی گەلەکەیدا بووە داکۆکیکار بووە لە کەمینە و هەژارو مەحروم و ستەملێکراوان.

سەبارەت بە سەرچاوەی یەکەمی مەلای کورد کە ئیسلامی پیرۆزە، گومان لەوەدا نیە کە ئاینی ئیسلام ئاینی دادگەری و ئاشتی یە، گرنگیەکی زۆری داوە بە ئەوانەش کە پەیرەوی ئیسلام ناکەن، زۆر لەخەمی پاراستی ڕوح و گیانی ناموسڵمانەکاندایە، بەهەشتێکی پڕ لە نازونیعمەت و خۆشی ڕازاندۆتەوە بۆ بەندە باش و چاکەکارەکان کە بۆنی خۆشی ئەو بەهەشتە چل ساڵ ڕێگە بڕین دەڕوات بەڵام پێغەمبەری ئیسلام (درودی خودای لەسەربێت) دەفەرموێت ئەوەی یەك کەس لە ناموسڵمانی بەڵێنپێدراو بە ئەمن و ئەمان و ژیان بکوژێت بۆنی ئەو بەهەشتە فراوانە ناکات.

عن عبد الله بن عمرو عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: "من قتل نفسا معاهدا لم يرح رائحة الجنة وإن ريحها ليوجد من مسيرة أربعين عاما" (رواه البخاري)

هەروەها بە پێی ڕێنماییەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پارێزگاریکردن لە ناموسڵمانی پەیمان پێدراو پشتگیری کردنیان و وەفاکردن بە پەیماننامەی خودای گەورەو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەربێت) لەگەڵیان، ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە، عن عمر رضي الله عنه قال: وأوصيه بذمة الله وذمة رسوله صلى الله عليه وسلم أن يوفى لهم بعهدهم وأن يقاتل من ورائهم ولا يكلفوا إلا طاقتهم (رواه البخاري) .

ئاینی ئیسلام ئاینی پارێزگاری کردنە لە کەرامەتی مرۆڤ، جا مرۆڤ هەڵگری هەرچ ئاین و بیروباوەڕێك بێت کەرامەتی پارێزراوە، عن عبد الرحمن بن أبي ليلى قال كان سهل بن حنيف وقيس بن سعد قاعدين بالقادسية فمروا عليهما بجنازة فقاما فقيل لهما إنها من أهل الأرض أي من أهل الذمة فقالا إن النبي صلى الله عليه وسلم مرت به جنازة فقام فقيل له إنها جنازة يهودي فقال "أليست نفسا" (رواه البخاري)

مرۆڤ هێندە بەڕێزو گەورەیە لە ئاینی ئیسلامدا ئازاد کراوە لەوەی چۆن ئایندارى دەکات و کام بیروباوەڕ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، نابێت هیچ فشارێك بخرێتە سەری بۆ بە زۆر چەسپاندنی ئاین و بیرو باوەڕێکی دیاریکراو.

خودای گەورە دەفەرموێت: ( لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ... ) (البقرة ٢:٢٥٦) هەروەها دەفەرموێت: ( وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ ) (يونس ١٠:٩٩)

لە ئایەتێکی پیرۆزی تردا دەفەرموێت: (وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ ...) (الكهف ١٨:٢٩)

هەروەها پێویستی کردووە لەسەر موسڵمان ڕێزی بیروباوەڕو دروشمە ئاینیەکانی ناموسڵمان بگرێت و چۆن پێی خۆشە ڕێزی ئاین و دروشمە پیرۆزەکانی خۆی بگیرێت ئاوەهاش ڕێزی بیرو باوەڕی دیکە بگرێت و سوکایەتی و جوێن و هەڵوێستی نەشیاو نەنوێنێت بۆ ئەوەی جوێن و سکایەتی بە خودا و ئاینی ئیسلام نەکرێت.



خودای گەورە دەفەرموێت: (وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ مَرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ (الأنعام ٦:١٠٨) .

ئەم ئیسلامە پیرۆزە هێندە گرنگی داوە بەڕێزگرتن و تۆکمەکردنی بنەماکانی پێکەو ژیان داوا دەکات هەڵگرانی پەیامی ئیسلام لە گفت و گۆو دانیشتنەکاندا لەگەڵ ئەوانەی ئاینەکەیان جودایە بەڕێزو ئەدەبەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت و بە کام شێوە زۆر باشترە بەو شێوە بێت.

خودای گەورە دەفەرموێت: (وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ ) (العنكبوت ٢٩:٤٦)

هەروەها دەفەرموێت:(ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) (النحل ١٦:١٢٥).

بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانی تۆکمەو تەواو و ڕاستەقینە لە نێوان ئاینە ئاسمانیەکان بێتە کایەوە، ئیسلام داوا دەکات لە شوێنکەوتوانی دور نەگرن لێیان و تێکەڵ بن و بەڕێزەوەو سەردانیان بکەن و نان و خواردنیان لەگەڵ بخۆن و ژنیان لێبخوازن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی توند و تۆڵیان لەگەڵ ببەستن، خودای گەورە دەفەرموێت: (الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ) (المائدة ٥:٥)

گرنگیدانی ئیسلام بە ئەوانەی کە موسڵمان نین تەنها خاوەن کتێب و ئاینە ئاسمانیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو داوا لە موسڵمانان دەکات کە ئەگەر هاتوو ئەوانەش کە هاوبەش پەیدا کەرو بێ ئاینیشن پەنای بۆ هێنان ئەوا پەنایان بدەن و پەیامی پاك و پیرۆزی خودایان پێ بگەیەنن و بیانپارێزن و دیفاع و حیمایەیان بکەن هەتا دەیانگەیەننە شوێن و مەئوای خۆیان.

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: (وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ) (التوبة ٩:٦)

ئەم پەیامە ئاشتیخوازانەی ئیسلام بنەمای هەڵوێستی مەلای کوردە بۆیە هەردەم هەوێنی ئاشتی و پێکەوە ژیان و قەبوڵکردنی ئەوی دیکە بووە، مەلای کورد بە پێی ئەو ڕێسا و دابە جوان و گونجاوەی کە لەسیستەمی خوێندنی حوجرەو فەقێیەتی و گەڕان بەدوای زانست و فێربون لەم گوندەو بۆ ئەو گوندو لەم شارو تەنانەت لەو وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات و تێکەڵ بوون کارلێك لەگەڵ چەندەها کولتورو ئاداب عورف و بیروباوەڕی جودا جودا هەر لەسەردەمی فەقێیەتی و قۆناغەکانی دواتردا لەسەر پێکەوە ژیان و قەبوڵکردنی جیاوازیەکان ڕاهاتووە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنجی شۆڕشەکانی کورد لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆی و ڕزگاری کوردستان بدەین، کە زۆرینەیان پیاوانی دەرچوی حوجرەو خوێندنگای مەلایەتی بوون دەبینین ئەو شۆڕشانە پێکهاتەیەکی هەمە جۆرە لە هەموو ئاین و بیرو باوەڕە جیاوازەکان،

ئەمەش وایکردووە کەسانی ناموسڵمان لە شۆڕشی کوردا پێگەی بەرپرسیارێتی و فەرماندەییان هەبووە، ڕەنگە کەم شوێن هەبێت لە جیهاندا هێندەی کوردستان ئاین و مەزهەبی جیاوازی تێدا بێت، نەشبیستراوە کەسێك لەسەر ئاین و مەزهەبی جیاواز لە کوردستان کوژرابێت.

**" شوێنەواری ئەم میانڕەوی و سنگ فراوانیەی مەلای کوردە کە تاکو ئێستەش لە کوردستان هیچ شەڕو پێکدادانێکی ئاینی یان مەزهەبی نەبووە"**

مەلای گەورەی کۆیە ١٨٧٦ - ١٩٤٣ نمونەیەك بۆ پێکەوەژیان.

دکتۆر هاوژین سلێوە مامۆستای زانکۆی کۆیە سەبارەت بە مەلا محمدی جەلیزادە، دەڵێت: تا ئەوکاتەی مەلای گەورەی کۆیە لە ژیاندا بووە پێکهاتە ئاینیەکان زیاتر بوون لە شاری کۆیە و بەشێوەیەکی زۆر دادپەروەرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردون، هەروەها دەڵێت: کاریگەری یەکجار گەورەی هەبووە بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك بۆ بەرز ڕاگرتنی پێکەوە ژیان و پاراستنی ئەو تەباییە، نەك هەر ئەوە بەڵکو بیروڕاگۆڕینەوە و سەردان و نامە گۆڕینەوە لەنێوان قەشەو پیاوانی ئاینی مەسیحیەکان و جوەکان و مەلای گەورەدا هەبووەو کێشەکانیان پێکەوە چارەسەر کردووە.(کتێبی مەلای گەورە-پرۆژەی کتێبی NRT4 ) لاپەڕە "٦٨"

هەروەها دکتۆر جەمال باجوری مامۆستای زانکۆ باس لەوە دەکات کە کاتێك مەلای گەورە قازی بووە لە دادگای کۆیە، غەیرە موسڵمانەکان کاتێك کێشەیان هەبووە، مەلای گەورە خۆی بەتەنها بڕیاری بۆ نەداون، بەڵکو لە ڕێگەی نامە یان گرتنی مەجلیسەوە پیاوانی ئاینی ئەو ئاینەی ئاگادار کردۆتەوەو پاشان پێکەوە بڕیاریان لەسەر داوە، تەنانەت زۆر جار داوای کردووە خۆیان بەپێی ئاینەکەی خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن. (هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە "٦٩ ")

هەروەها بەڕێز دانای جەلیزادە دەڵێت: مەلای گەورە نەك هەر بابەتی پێکەوەژیانی پاراستووە بەڵکو زۆر جار بەرگری لە غەیرە ئیسلامەکان کردووەوهانی خەڵکی داوە بۆ پاراستنی پێکەوە ژیانی ئاینی و نەتەوەکان لە کوردستان و شاری کۆیەدا. (هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو).

بێگومان مەلایەکانی دیکەی کوردستان هەریەکەو لە ناوچەو شاری خۆیەوە نمونەی پرشنگداری ژیانی ئارام و پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان بوون.

لە ئێستاشدا زانایانی ئاینی دەورێکی کاریگەریان هەیە لە هاندانی خەڵکی بۆ چاکە و کاری خێر خوازی، بەردەوام لە وتاری هەینی و وتارەکانی دیکە و بۆنە و یادەکان داوا لە هاوڵاتیان دەکەن پابەندی یاساو ڕێسا دروستەکان بن کە بۆ خزمەتی مرۆڤەکان دانراوە، دروشمی خێرو چاکەیان بۆ سەرجەم هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی حیزبی یان ئاینی و مەزهەبی بەرز کردۆتەوە، هەوێنی سوڵح و ئاشتەوایی نێوان پارت و لایەنە سیاسیەکانن، شوێنەواری ئەم میانڕەوی و سنگ فراوانیەی مەلای کوردە کە تاکو ئێستەش لە کوردستان هیچ شەڕو پێکدادانێکی ئاینی یان مەزهەبی نەبووە، لە شارەکانی کوردستان موسڵمان و کاکەیی و مەسیحی و یەزیدی و قەڵغانی دراوسێن، هیچ گرفتێکی ئاینی لەنێوانیان نیە، سونی و شیعە پێکەوە دەژین، هەموان بەشداری لە بۆنەو یادەکانی یەکدی دەکەن، هیچ شەڕو کێشەیەك هیچ کوشتارو خوێن ڕشتنێك لەسەر جیاوازی ئاین لە کوردستان نیە.

..................

ئەو سەرچاوانەی کە سودم لێوەرگرتون بۆ نوسینی ئەم بابەتە:


١- قورئانی پیرۆز

٢- سەحیحی پێشەوا بوخاری

٣- سەحیحی پێشەوا موسلم

٤- تەفسیری ڕامان

٥- تەفسیری ئاسان

٦- پوختەی تەفسیری قورئان

٧- مەلای گەورە-پرۆژەی کتێبی NRT4 )سەرپەرشتیاری گشتی خەبات نەوزاد-ئامادەکردنی دڵدار جەلیزادە- ٢٠٢١

# خوێندنی مەلایەتی و گرنگی مۆڵەتی زانستی

مەلا کەمال ئەمین گوڵپی



یەکێك لەو شانازیانەی کە موسڵمانان لە گشت گەشتەکانیاندا گرنگیان پێدابێت باسی مۆڵەتی زانستییە، هەرکاتێك زانستخوازێك گەشتێکی کردبێت بۆ دەرەوەی نیشتە جێبوونی خۆی گەیشتەوە باشترین مامۆستا و زانای ئەو شوێنەو ماوەیەك بۆ وەرگرتنی زانست لە خزمەتیا ماوەتەوە، ئەمە بووەتە گەورەترین ڕایەڵەی نێوان موسڵمانان و هێشتنەوەی ئەو مۆڵەتە کە زانستخواز بەسەنەدێکی دروست و صەحیحەوە زانستی لە زانای بەرامبەر وەرگرتووە، بەڕادەیەك زانایانی پێشین زەمینەیان سازاندووە بۆ مانەوەی زانستخوازان تا ئاستێك هی وایان هەبووە دەساڵ لەخزمەتی زانایەك ماوەتەوە بۆ وەرگرتنی سەنەدی تەواوی سەرچاوەکان و کتێبە بەردەستەکانی ئەو دەمە.

ئەم مۆڵەتە زانستیە بە سەنەدی تەواوەوە لە خودی خۆیدا پێوەرێکی زۆر باش و دیار و بەرچاو بووە، کە ڕایەڵەی زانستی نێوان زانایان و زانستخوازان بووە و دەرخەری بەرهەمی زانستی و فیکری بووە لە هەموو کات و سەردەمێکدا، لەسەروی ئەمەشەوە نمونەیەکی جوان و بەرجەستەی و پێشکەوتنی زانستی و فیکری بووە لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا، لەمەش گرنگتر هەرگیز زانستخواز مولزەم نەکراوە بەوەی لە مەدرەسەیەکدا یان لای زانایەك بمێنێتەوە تا ئەوکاتەی کە قۆناغی کەسبی زانستی تەواو بکات، بەڵکو خۆی سەر پشك بووە و گەراوە هەر زانایەك دیارو بەناوبانگبوایە دەچوویە خزمەتی و لای ئەو دەمایەوە

**"مۆڵەتدان و مۆڵەت وەرگرتن متمانەیەکی زانستییەو گەواهییەکی گەورەیە کە مامۆستایانی ناسراو و خاوەن زانست دەیبەخشنە کەسی مۆڵەت وەرگر، ئەم گەواهیدانە ئیعتیبارێکی مەعنەوی گەورەیە بۆ کەسەکە"**

تا ئەوکاتەی کە دەیزانی مانەوەی لای ئەم زانایە خزمەت بە ئاستی زانستی دەکات و هەرکاتێك بۆی دەربکەوتایە ئەم مامۆستاو زانا بەرێزە ئاستی زانستی ئەم پرناکاتەوە و بەرێزو خۆشەویستیەوە ماڵ ئاوای لەم زانا بەرێزە دەکرد و دەگوازرایەوە بۆلای زانایەکی تری دیار.

بۆیە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام بوونی مۆڵەتی زانستی هەبووە و هەردەشبێ و یەکێکە لەتایبەتمەندی گەیاندنی ئەم ئاینە پیرۆزە، لێرەوەیە دەکرێ بپرسین مۆڵەتی زانستی (الاجازه العلمیه) چیە؟ و جۆرەکانی ئەم مۆڵەتە کامانەن؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێ بگاتە ئەو ئاستەی کە شایستەی ئەوەبێت ئەو مۆڵەتە بدات یان وەری بگرێت؟ یان مەرجەکانی مۆڵەتی دروست کامانەن؟ ئایا ئەم مۆڵەتە واجبە ببێت یان نا؟

سەرەتا دەبێت زاراوەی" الإجازة " مۆڵەت ڕۆشن بکەینەوە و پاشان بچینە ناو کرۆکی بابەتەکەوە، ئەوە دیارە کە (الاجازة) زاراوەیەکەو و زانایانی ئیسلام لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا پەیدابوو، ئامانج لەم زاراوەیە لەو دەمەدا پشت ڕاستکردنەوەی ئەو زانستە هەمەچەشنانەبوون کە دەدرانەوە پاڵ قورئان و گێڕانەوە (الروایة) کە دەدرانەوە پاڵ سوننەتی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە شتێك دەگێڕێتەوە پاڵپشتێکی زانستی هەبێت و پشکێکی لە کارامەی زانستی بەرکەوێت کە موسڵمانان شۆڕشێکی زانستیان بەرپا کردبوو تا قیامەت مرۆڤایەتی قەرزاری ئەو هەوڵەی ئەوانە. لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی جامع و مانع بکەین بۆ زاراوەی ئیجازەی عیلمی لەوانەیە ڕێك دەرنەچێت ئەوەندە هەیە، وشەی(اجاز) چاوگی فیعلی (أجاز)ە لە ئەسڵدا وشەکە (إجوازة)واو موتەحەرك بووە نەقلی حەرەکەکەمانکردووە بۆ پێشخۆی و واوەکەمان کردە ئەلف و ئیلتیقای ساکینەین روویدا و یەکێکیانمان سریەوە و بوو بە (إجازة) کە ئەمەش لە (جوز)وەوەرگیراوە، بۆیە لە کۆشکۆڵە زمانەوانیەکاندا ئەم وشەیە چەندمانایەکی هەیە لەوانە.

پێدان و مۆڵەتدان ، یان ئاودان و تێراوکردن دەگوترێــت(جواز المــاء) ئەوەی کە ئاژەڵە و کێڵگەکان تێراو دەکات.

بۆیە وەك زاراوش بەمانای مۆڵەتدانە بە بلاْوکردنــەوەی ڕەهــا دوای پێدەری مۆڵەتەکە، وەك گوتراوە (أجزت له روايه كژا) مۆڵەتمدایی کــە فلاْن شت بگێڕێتەوە، واتە مۆڵەتدان بریتییە لەو مۆڵەتە لەفزییــە یــان نوسراوە لەلایەن موجیزەوە بۆ موجاز لەسەر گێڕانەوەی ئەوەی کە لــە موجیزەوە وەرگیراوە بە گشتی یان هەندێکی.

لێرەوە دەگەینە ئەوە مۆڵەتدان ڕێگەپێدانە لەسەر مادەیەکی زانستی کــە ئەو مۆڵەتە لە پێناو گەیاندنی ئەو زانستە لە لایەن موجیزەوە دەدرێت بە کەسی وەرگری مۆڵەتەکە، بۆیە مۆڵەتدان ڕێگەیەکــە لــە ڕێگــەکانی گێڕانەوەی فەرموودەو سوننەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ئەم مۆڵەتدانەش دوو جۆری ســەرەکی هــەبووە، یەکــەم بــە شێوەیەکی زارەکی جۆری دووەم بە شێوەی نووسین.

مۆڵەتی زارەکی لەرووی مێژووییەوە لە پێشترە لە مۆڵــەتی نوســراو، هەرچەندە ئەم مۆڵەتە زارەکییە پشت ڕاستکردنەوی تــۆزێ زەحمەتــە بەلاْم هەر لە رووی مێژووییەوە پێشینەیەکی هەیە و هەربووە.

دووەم مۆڵەتی نوسراو: ناوەرۆکی ئەم مۆڵەتە سەرەتا بە نــاوی خــوا دەست پێدەکات و پاشان ناردنی درودو سەلام بــۆ پێغەمبــەر(درودی خوای لەسەر بێت) کورتەیەك لەسەر گەورەی زانست و مەکانی زانایان و پاشان ڕۆشنکردنەوەری ڕێچکەی زانای مۆڵەت بەخش و بە کەسی مۆڵەت وەرگرو دواتر باسی مەبەست لەم مۆڵەتە چــییەو بۆچــی دەی بەخشێت کە بەزۆری مۆڵەتدانە بە فەتواو تــەدریس و ئامۆژگــاری و ڕاپەڕاندنی کاروباری موسڵمانان وەك پێشنوێژی و وتارخوێندنــەوە... ئەمەی کە باسکرا مۆڵەتی زانستییە و مۆڵەتی تەریقەتیش هــەبووە لــە مێژوودا کە ئەمە باسی ئێمە نییە لێرەداو دەکرێت لەکاتی تردا قســەی لەسەر بکرێت.

بەکورتی ئیجازەدان لە مێژوی ئیسلامیدا.

ئیجازە دان و ئیجازە بەخشین یەکێکە لەتایبەتمەندی ئومەتی ئیسلامی و ئومەتەکانی تر ئەم سەنەدە زانستیەیان نییە لە زانستەکانی پەیوەست بــە وەحی خواییەوە، هەر لەبەر نەبوونی ئەم مۆڵەت و سەنەدەیە ئینجیــل و تەورات و زەبوور دەبنە حیکایەت و تەحریف دەکرێن و دەپچڕێن لــە پێغەمبەران و جبرئیل و ناگەنەوە سەرچــاوەی یەکــەم کــە خــوای بالاْدەستە، ئەوەی ئومەتی ئیسلامی جیادەکاتەوە بوونی ئــەم مۆڵەتــە موتەواترەیەیە جیل بەجیل دەیگەیێنن و لەهیچ جیلێکدا نەبووە دینی خوا بەبێ سەنەد بگات، بۆیە ئەم شێوازە دەقیق و پێوەرە وردە لە سەقافەت و پێگە زانستیە لە ئیسلامدا هەیە لەهیچ دینێکی تردانییە ئەسڵەن دیــنی واهەیە مانەوەی خۆی لە پچرانی سەنەدا دەبینێتەوە و ئەو کتێبەی کــە



گوایە لەسەری دەڕۆن لەبەردەست نییەو شاراوەیە.

بۆیە ڕێچکەی وەرگرتنی زانستە شەرعییەکان زۆری جیاوازە لەگەڵ ڕێچکەی زانستە عەقڵیەکان، لە زانستە نەقڵی و پەیوەست بە وەحییەوە، هەرکەس بگەیشتایەتە ئاستی ئەوەی کە قورئان فێربێت و توانای وەرگرتن و فێربوونی هەبوایە و دواتر کەسانی تریش فێربکات یان لە هاوەڵێکەوە یان لەتابیعینێکەوە فەرموودەیەکی وەربگراتایە ئەویش بیویستایە لەو ئەجرە گەورەو لەو دەرفەتە زانستییە پشکی هەبوایە پێویستی بە مۆڵەت دەبوو بۆیە مۆڵەتی وەرگرتنی ریوایەتەکەی پێدەدرا، ئیتر بێ گومان لەگەیاندنی ئەو زانستەدا کە هەیەتی بەشداردەبوو، هەرچەندە بەشداربوونی بەم ڕێگەی پێشووە ڕێچکەیەکی زانستی تەواوی وەرنەگرتبوو، بەڵام جۆرێك بوو لە بەشداری مەعریفی لەو دەمەدا، بۆیە گەیشتن بە مۆڵەتی زانستی مافێکەو هەموو کەس بۆی هەیە بگاتە ئەو ئاستە و لەو پلەیەدا خۆی ببینێتەوە تایبەت نییە بە

**"بڕوانامەی زانستی رایەڵەی زانستی نێوان زانایان و زانستخوازان بووە و دەرخەری بەرهەمی زانستی و فیکری بووە"**

چینێکەوە چینێکی لێ بێ بەش بێت هەرکەسێك بخوازێ لە بواری زانستدا بگاتە ئاستی وەرگرتنی مۆڵەت هیچ کۆسپێك لە بەردەمیدا نییە ڕێگربێت، لەگەڵ ئەمەشدا زانایایان پێوەرێکی دادپەروەرانەیان داناوە بۆ ئەوەی زانست خوازان کەسیان ستەمی لێنەکرێ دواتریش هەر ئەو پێوەرە ببێتە سەنگی مەحەك بۆ دەست نیشان کردن و جیاکردنەوەی زانا و خاوەن مۆڵەتی ڕاستەقینەو کەسی ناشایستە بەو پلەو مەقامە زانستییە، چونکە هەموو ئەوانەی کە لە مەیدانی زانستدا خۆیان دەبیننەوە هەمووشیان شایستەی ئەوەنین کە ئەو ئەمانەتە بگرنە ئەستۆ وەك پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا بەجۆرێ لە جۆرەکان ئاماژەی بەو لایەنە دەکاو دەفەرموویێت : (فَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ، وَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ لَيْسَ بِفَقِيهٍ ) رواه الترمذي (٢٦٥٦)و صحيحه.

وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی لە مێژووی ئیسلامیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەریوە، هەندێ جار زۆر توندو قورس کراوەو هەندێ جاریش ئاسان و سەهل کراوە.

سەرەتا مۆڵەتی زانستی لەنێوان قوتابی و مامۆستاکەیدا بە گوێگرتن و گوتنەوە بووە مامۆستاکە فەرموودەیەکی خوێندووەتەوە بۆ قوتابیەکەی ئەویش بەداویدا گوتوویەتی یاخود نوسیویەتییەوە دواتر خوێندوویەتییەوە یان لە بەری کردووە، ئەمە بەرزترین وێنەی مۆڵەتدانبووە بە قوتابی چونکە لەم پەیوەندییەدا توندوتۆڵ ترین پەیوەندی بینراوە لەنێوان قوتابی و مامۆستادا، یاخود مۆڵەتدانی مامۆستا بە قوتابییەکەی کە پێگوتراوە مۆڵەتی قورئان خوێندنەوە.

سوپاس بۆ خوا لەو کاتەوە کە ڕۆشنایی ئاینی ئیسلامی پیرۆز کوردستانیشی ڕۆشنکردووەتەوە تا ئەمڕۆ دەس بەدەس و جیل بەجیل کەڵەپیاوی گەورە لە زانست ڕۆچوو بەناو زانستە شەرعییەکاندا سەرهەڵدەدەن و ئەرکی پێشینان تەواودەکەن و ڕۆڵی دوایی خۆشیان ون ناکەن ودرێژە دەدەن بە مۆڵەتدان و قوتابی بەوەفا وخوێنەوار وبەرچاو روون پێدەگەێنن بۆ ئەو ڕێگایەو درێژەی پێدەدەن،وەك سەنەدێکی مێژووی ئەو کاتەی کە عبداللەی کوڕی عومەر((ڕەزای خوایان لەسەر) بونیادی مزگەوتی گەورەی خورماڵ دەنێت تا ئەمڕۆ ئەو مزگەوتە ڕۆڵی ڕاستەقینەی مزگەوتی بینیوەو لەپاڵیشیدا حوجرەی پێگەیاندنی زانایان بوونی هەبووە و سید ئیبراهیم سید وەسیم کە باپیری بنەماڵەی مەلا جلال ی خورماڵ دەکات و ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر زانای گەورە(ئیسماعیل موحەدیس) ئەو زاناو عەلامە گەورەیە نۆسەد ساڵ لەمەو پێش لە مزگەوتی ناوبراو لەلایەن میری بەدرەوە کراوەتە موفتی و مودەرس لە مزگەوتی گەورەی خورماڵ هەرچی زانای وەرگری نازناوی شارەزووریە لەو مزگەوتە لە حوجرەی ئەو مزگەوتەوە پێگەیشتوون.

حوکمی مۆڵەت وەرگرتن:

مۆڵەت دان و مۆڵت وەرگرتن ڕاستە واجب نییە بەڵام متمانەیەکی زانستییەو گەواییەکی گەورەیە کە مامۆستایانی ناسراو و خاوەن زانست دەیبەخشنە کەسی مۆڵەت وەرگر، ئەم گەواهیدانە ئیعتیبارێکی مەعنەوی گەورەیە بۆ کەسەکە.

# ویژەو ئەدەب لای زانایانی کورد

## مامۆستا قانیع، شاعیر و وڵاتپەروەرێکی کەم وێنە

د. عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد - ئەحمەدئاوا
shexnami@yahoo.com



**تێکهەڵکێشی شیعرێکی (کەڵەیم)ـی، شاعیـر، لەسەر شیعرێکی (قانیع)**

**ناو و بنەماڵەی:** شێخ محەمـــەدی دۆڵاشی، ناسراو بە (قانیع) هۆنەرێکی ناسراوی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی کوردستانە، ئەو پەنجاوسێ ساڵ لەمەو بەر و لەبەرواری (١٩٦٥/٥/٧) لەگوندی (لەنگەدێ)ـــی، ناوچەی (شلێر) لەباشوری کوردستان ژیانئاوایی کردووە، مامۆستا قانیع – شاعیـــری چەوساوەکانی کوردستان، ناوی تەواوی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ سەعیدی دۆڵاشیە و لە نەوەی (کابلەسوورە)ـــی، مەریوانە، لە ١٥ئەیلولی ١٨٩٨ لەگوندی (ریشێن)ـــی، بناری شارەزوور لەدایکبووە.

**سەرەتای منداڵی و خوێندنی:** مامۆستا قانیع لە تەمەنی (٤٠) ڕۆژیدا بووە کە باوکی ژیانئاوایی لەدنیا کردووە و لە تەمەنی دوو ساڵیدا دایکیشی ژیانئاوایی کردووە، ژیانی قانع لە دەربەدەری و دۆخێکی پڕ لە کوێرەوەرییەوە دەستپێکردووە و بەهەتیوی لەلای خزمێکیان بەناوی (ئاغا سەید حوسێنی چۆڕی) لە گوندی (چۆڕ) لەناوچەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورە بووە و هەر ئەویش خستویەتییە بەر خوێندن، و پاشان بە فەقێیەتی چووە بۆ سلێمانی و چەند ساڵێك لەوێ ماوەتەوە، و هەر بەمەبەستی گەڕان بەدوای خوێندندا و بەشارەکانی کوردستاندا چووەتە (سنە، مەریوان، سابڵاخ، بۆکان، شنۆ، هەولێر، کۆیە، کەرکوك، سلێمانی و بیارە) و دوا قۆناغی خوێندنیشی لە مەریوان تەواوکردووە.

**قانیع و هەستی شیعری:** قانع بەر لەوەی بەتەواوی فێری خوێندنو نووسین ببێت، توانای شاعیرێتی تێدادەرکەوتووەو لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیی دا خووی داوەتەوە شیعری ئاییینی، و لەم بابەتەدا هۆنراوەیەکی زۆر نایابی لەکاتی هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەسەر شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی دا گوتووە، کە لەو کاتەدا لەپەنای پەیڕەوانی نەقشبەندیدا دژ بەداگیـــرکار وەستاوەتەوە و چەکدار بووە، و دواتر بەهۆی بارودۆخی کوردستانەوە خولیای شیعری نیشتمانیی بووە، خوێندنەوەی کتێبێکی دەستنووسی فارسی بەناوی (وقایع ئال ئاردەڵان) کە باسی ڕاپەرینەکانی تیرەی ئەردەڵانییەکان دەکات بەرامبەر داگیرکەران، هێندەی تر کار دەکاتە سەر دەروونی شاعیر و بەرهەمە شیعرییەکانیو ئیتر دەبێتە شاعیرێکی نەتەوەییو نیشتمانپەروەر.

**قانیع ناسان دەڵێن:** لایەنە لەیەك نەچووەکانی شیعرەکانی شاعیر ئەوە دەگەیەنێ کە زادەی هزری یەك سەردەمو پێویستی یەك قۆناغو بەرهەمی یەك ئێشو ئازار نین، بەردەوام باوەڕی بە یەکگرتنی جەماوەر و یەکسانی کۆمەڵایەتی هەبووە و لەسەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەتایبەتی لە ڕۆژگاری دووەمین جەنگی جیهانیدا لەسەنگەری شیعری شۆڕشگێڕانەدا دژی دەرەبەگی چەوسێنەرو ئیمپریالیزم بووەو هەمیشە دڵی لەگەڵ ئازارو ئاواتی مرۆڤی جوتیاری چەوساوەی کورددا بووە و وەك شاعیرێکی دڵسۆزو خەمخۆری کورد شیعری بۆ نەتەوەی کورد هۆنیتەوە و لەگەڵ بەسەرهاتو کارەساتو ڕاپەرینو شۆڕشو دەستکەوتەکانی کورددا ژیاوە، و قانع لە شیعرەکانیدا داوای مافەکانی ئافرەتی کوردی کردووەو لەبوارەکانی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئابووریدا.

**چاپکردنی بەرهەمەکانی:** قانیع لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بە هاوکاری مامۆستایان (عەلائەدین سەجادی) و (شوکر مستەفا) توانی پێنج بەش لە شیعرەکانی بەشێوەی دیوانی جیاجیاو قەوارەی تایبەتی چاپ بکات، کە بریتیبوون لە: ( گوڵاڵەی مەریوان – باخچەی کوردستان – چوارباخی پێنجوێن – شاخی هەورامان – دەشتی گەرمیان) و دواتریش (دیوانی قانیع) چاپکرا و تا ئێستایش دەیان جار چاپکراوەتەوە، و ئەو لەماوەی ژیانیدا گەلێ کارو پیشەی جۆراوجۆری کردووە، لەوانە مامۆستای قوتابخانەو کرێکاریو مامۆستای مزگەوتو جوتیاریو ئاشەوانیو فەرمانبەرێتی.

**قانیع لەبەندینخانەدا:** مامۆستا قانیع لەکۆتایی پەنجاکاندا چەند جارێك خراوەتە بەندیخانە، لەساڵی (١٩٦٠)دا، لەبەندیخانەی سلێمانی چۆنیەتی نووسینی زمانی کوردی فێری زیندانییەکان کردووە، و هەروەها مامۆستا قانیع لەساڵی (١٩٦٣) لەگەڵ وریای کوڕیدا، لەبەندیخانەی (قەجەر)ــی، تاران، لەسەر بیــری کوردایەتی زیندانی دەکرێت، و هەر لەو بەندینخانەیەدا هۆنراوە بەناوبانگەکەی (ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە)ــی، نووسیوە!

**کۆچی دوایی:** مامۆستا قانیعــی هزرڤانی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕ و شاعیــری چەوساوەکانی کوردستان، لەبەرواری (١٩٦٥/٥/٧) لەگوندی (لەنگەدێ)ــی، ناوچەی (شلێر) لەباشوری کوردستان ژیانئاوایی کردووە، و هەر لەوێش ئەسپەردە کراوە.

شیاوی باسە (مامۆستا قانیع) و (مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئەحمەدئاوا – کەڵەیم) دۆستایەتییەکی گەرم لەنێوانیاندا هەبووە، بەتایبەتی لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کە هەردووکیان نیشتەجێی شارۆچکەی (سەییدسادق) بوون، کە (مامۆستا قانیع) لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و (مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئەحمەدئاوا) لەبەڕێوەبەرایەتی پۆستەوگەیاندنی ئەو شارۆچکەیەدا کارمەند بوون، بەم هۆیەوە زیاتر (مامۆستا قانیع) هاتوچۆی ماڵی (مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئەحمەدئاوا)ــی، کردووە، و یادگاری زۆرخۆش لەو نێوەندەدا هەن، بۆیە بۆ یادی پەنجاوسێ ساڵەی ژیانئاوایی مامۆستا قانیع ئەم تێکهەڵکێشەی شیعری (کەڵەیم) لەسەر شیعری (قانیع) کەلێوانلێوە لەبیــری نەتەوەیی و کوردایەتی بڵاودەکەینەوە.

## تێکهەڵکێشی شیعری (کەڵەیم) لەسەر شیعری (قانع)

### (ئەی کوردی پەڕا گەندە)

ئەی کوردی پەڕا گەندە لەشامو، لــە بوخارا
ئەی کوردی سەراسیمە، چ لە ژوورو چ خوارا
وەی بێ دەرو بێ ژووری لەزوستان و بەهارا
وەی سەرکز و ئاشفتە لەدێهاتو لـــــە شارا
بۆ دەر بەدەریت ئاهو نەدامەت کـە مەلوولی
من چۆن نەگریم، هێندە کزو خوارو زەلیـلی

چـارەڕەشی بـــەرگت کـــە هـــەموو سپیاڵی دەوارا
سـەر تا قەدەم، غـــەرق لـــە ناو تۆز و غـــوبارا
ئـــەی کوردی شـــەرەفــدار و بـــە قیمەت و نایەب
ئـــەی کۆمەڵی کوردانی هـــونەروەر چ عـــەجایەب
بێ ڕەسمـو هـــەیـاکەل، وە بـــێ نوور و شعارا
بـــێ ڕەونەقن ئەمڕۆ لە هەموو سووچو کـــــەنارا
هـەڵ ئەقوڵێ لەسینەت قوڵ بە قوڵ ئاوی سەراوی
کـوێستانی وەتەن خوێنە برا ئەمڕۆ شـــــەتاوی
گوڵزارە وەتەن دەشـــتە دەرە پوشە بە جـــارا
پـــارە جگەری کوردە، گوڵاڵەی لـــە بـــەهارا
کوا جەوهەری کۆمـــەڵ کڵپە بسێنێ وەکـــو ئایر
کـــوا غیرەتی مەردانە لـــە بـــۆ کاکی عەشایەر
کـوا تێکۆشـــەری کاکو کە بتاشێ کـــەژ و سارا
کـــوا جـــورئـەتی شێرانە لـە ناو چێخ و دەوارا
گورج بڵێ جەوهەری دەم بێ، بە کوێریی‌و بەشەلی!
زۆر عەیبە لە بۆ لاوی وەتەن بـــــەرگی چوێلی
بیکا بە ســــەنەد لاچـــێ نیشانەی لـــە قەوارا
بێگانـە لەگەڵ (خوشکی) لەسەر خۆبێ لە حەسارا
گەر نەکا بیری (کەڵەیما) نایـەوێ زاری عەبـــەس
(قانع) بـەسە ئەم شینە بەتەنهاو و بەبێ کـــەس
سەری کوردە، بەری کوردە، بەناو کوردە، لە دیارا
خـــۆکوردە، خوا کردە، هەر لە کوردە، لـــە دیارا

**کورتە بیۆگرافیایەکی مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی ئەحمەدئاوا، - (کەڵەیم)ــی، شاعیـر -**

مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی ئەحمـــەدئاوا، کـــوڕی مـــەلا شـــێخ موحەممەدی بارام ئاوا، کوڕی شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی یە، لە هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناسراوە بە (مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا)، ئەم زانایە لە ساڵی (١٩٢٨)ــی، زایینی لە گوندی (دەمەیەو) لە هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بـــە دنیا هەڵهێناوە، و لە ساڵی (١٩٤٢ز) دەستی کردووە بە خوێندنی ئاینی و تێکۆشـــانی کـــردووە بـــۆ زانســـت و زانیـــاری لـــە کـــــوردستانی ( هەولێر ــ هەڵەبجە ــ کەرکوك ــ ڕەواندوز ــ سلێمانی ــ خۆشناو ــ پێنجوێن ــ دزەیی ــ مەریوان ــ قەراج ــ شارباژێڕ ــ ژاوەرۆ ــ شارەزوور ــ گاوەرۆ ــ هەورامان ــ کۆیە ــ سنە ــ مەنگوڕ ــ شامیان ــ پشدەر ــ برادۆســـت ــ مەرگە ــ قەرەداغ ) و شوێنەکانی تریش، تەمـــەنێکی زۆری لـــە خزمەتی زانست و زانیاری ئیسلامدا سەرف کردووە ، تا لە ساڵی (١٩٥٦ز) لە سلێمانی لە خزمەت (حاجی مامۆستا مەلا مەعروفی خاوپێی)دا، ئیجازەی عیلمیی – مەلایەتی وەرگرتووە، و ڕێگـــای فەتوای شەرعی پێدراوە .

شیاوی باسە مامۆستا بە بۆنەی خوێندن و مەلایەتییەوە پـــەڕیوەی دیوی باشوری کوردســـتان بـــووە، و ئیتـــر نەگەڕاوەتـــەوە ڕۆژهەڵات، بۆیە دوای ئیجازە وەرگرتنی بە فەرمانی مامۆســـتایانی ئایینی کراوە بە مودەڕیسی مزگەوتی (شێخ عەبدولکەریمی کوڕی

شێخ عەبدولقادر)ـــی، (شێخی تەریقەی قادری) لـــە گونـــدی (کرپچنە) لە ناوچەی (سەنگاو) لە پارێزگای کەرکوك، و پـــاش ئەمە بووەتە مەلای گوندی (گرێزە)ـــــی، ســـەر بـــە قـــەزای سەییدصادق، و دوای ئەمیش لەبەر دژواری باری ژیانی لە ساڵی (١٩٥٩) بووەتە مووچەخۆری فەرمی لە بەڕێوەبەرێتی (پۆستە و گەیاندن)ـــی، قەزای سەییدصادق، و بە هۆی نیشتەجێ بوونی لە گوندی (ئەحمەدئاوای بناری هەورامانی کوردستانی عێـــراق، بـــە (مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا) ناوی دەرکردووە، تـــا ساڵی (١٩٨٨) ئاوارەی ئێران بووەتـــەوە، و ســـاڵی (١٩٩١) گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق و بە بڕیاری بەرەی کوردســـتانیی ئەوکات، کراوەتە قازی شەرعی هەڵەبجەی شـــەهید تـــا ســـاڵی (١٩٩٤)، و دوای ڕاپەڕینیش ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یـــەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان بووە.

**مامۆستا و بیـری کوردایـەتی و نیشتیمانپەروەری**: مامۆســـتا زانایەکی پایەبەرز و شارەزای شەریعەتی ئیســـلام بـــووە، و لـــە تەریقەت و سۆفیگەریدا موخلیسی بێ ئەندازەی حەزرەتی شـــێخ محەمـــمەد عوسمان سیـــراجەددینی بیارە بـــووە، و لـــە بـــواری نەتەوەیی و کوردایەتیشدا تەنها متمانەی بە (مەلا مستەفای بارزانی) هەبووە، و بێ ئەندازە هەواداری خۆی و ڕێبازەکەی بووە، وەك لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێت، و مامۆستا لە لایەن ڕژێمە یەك لـــە دوای یەکەکانی عێراقەوە چەندین جار لە سەر بیـــری کوردایەتی گیراوە.

**بۆمێژوو**: شیاوی باسە لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا و لەدوای هەڵگیـــرسانی شۆڕشی ئەیلول و جیابوونـــەوەی ئـــەو باڵەی خۆی بە باڵی مەکتەبی سیاسی ناساندبوو، (مامۆستا مـــەلا ئەحمەدی ئەحمەدئاوا) بەهۆی هەژمارکرانی لەسەر داکۆکیکـــاران لەڕێبازی (مەلا مستەفای بـــارزانی) لەلایـــەن ئـــەو گروپـــەوە دەگیـــرێت و بۆ ماوەی چـــوار مـــانگ لەیـــەکێك لەزســـتانە سەختەکانی ئەو سەردەمەدا لە ناوچەی (مـــاوەت) کـــەبارەگای سەرکردایەتی ئەو گروپە لادەرە بووە، زیندانی دەکرێـــت و بـــە جۆرەها سزای سەختی دەروونی و جەستەیی ئەشکەنجە دەدرێـــت، تا دوای هێرشە مێژووییەکەی پێشمەرگە بەفەرماندەیی هـــەردوو کوڕانی (مەلا مستەفای بـــارزانی) واتـــە (لوقمـــان و سابیـــر) بۆسەریان و ڕاوەدونانیان بەرەو هەمەدانی ئێـــران، مامۆستایش لە زیندان ڕزگاری دەبێت!

**کۆچی دوایی مامۆستا**: مامۆستا لـــە ئێـــوارەی ڕۆژی (١٢/٩/ ١٩٩٦) لە (ئەحمەد ئاوا) کۆچی دوایی کردووە، و لە گۆڕســـتانی (عەبووشەمامان) هەر لە دامێنی ئەحمەدئاوادا ئەسپەردە کراوە.



**ژێدەرەکان:**


(١). «کەڵەیم نامە» سەرجەمی شیعر و نووسینەکانی «(کەڵەیم)ـی، شاعیـر»، مامۆستا مەلا ئەحـمەدی، ئەحـمەدئاوا، ل١٩٦ – ١٩٧، چاپخانەی گەنج – سلێمانی – ٢٠١١

(٢). مێـژووی زانایانـی کورد، نووسینی: مامۆستا مەلا تاهیـری بەحرکەیی، چاپی دووەم– ٢٠١٦، بەرگی سێهەم، لاپەڕە (١٨٢ – ١٨٣).

(٣). علماء و دانشمندان کردستان در ٢٠٠ سال أخیـر، نووسینی: سەیید عەبدولـحەمید حیـرەت سەجادی)، ل١٨٣، چاپی یەکەم، سـاڵی (١٣٩١)ـــی، هـەتاوی، بڵاوکردنـەوەی ئـاراس لـە شاری سنە.

(٤). کاروانی پێنووس، فاتێح مستەفایی – مەریوان، ل٧٤ – ٧٦، چاپی یەکەم، (١٣٩٠هەتاوی – ٢٠١٢ز)، بڵاوکردنەوەی ئاراس – سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(٥). مێژووی ناودارانی کورد، نووسینی: بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی، وەرگێـڕانی لە فارسییەوە: ماجید مەردۆخ ڕۆحانی، ب٢/ ل٨١٩ – ٨٢٢، چاپی یەکەم، ئەکادیـمیای کوردی، هەولێـر – ٢٠١١

(٦). زایەڵەی زرێبار، مامۆستا ئەحـمەد نەزیری، ل٢٥١، چاپی ٢٠١٧ – کتێبخانەی نیشتیمان – سنە.

## ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان






ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان
ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان لەهەرێمی کوردستان
پ.د. حسن شێخ خالد موفتی/ سەرۆک
ماموٚستا مەلا طاهر بەحرکەیی/ ئەندام
ماموٚستا مەلا عبدالله پەرخی/ ئەندام
ماموٚستا مەلا یاسین دەروێش/ ئەندام
د.عبدالله اسماعیل چوارتایی/ ئەندام
ماموٚستا مەلا ئیسماعیل دێرەیی/ ئەندام
د. احمد مصطفی شافعی/ ئەندام
ماموٚستا مەلا محمد ئێنەیی/ ئەندام
ماموٚستا مەلا عبدالله هەڵەبجەیی/ ئەندام
ماموٚستا مەلا عزیز خەزنەیی/ ئەندام
د.عومەر مەلا حسن مروٚ/ ئەندام
ماموٚستا مەلا عماد مەلا فائز/ ئەندام
د. محمد شوکری زاوێتی/ ئەندام
ماموٚستا مەلا أحمد شەرنەخی/ ئەندام
د. عرفان رشید شەریف/ ئەندام
د. لوقمان الجامعی/ ئەندام
د. حسن محمد پشدەری/ ئەندام
ئا: مەلا عبدالله شێرکاوەیی – بەرپرسی راگەیاندن
www.zanayan.org
2021-8-10
راگەیاندنی یەکێتی زانایانی

## بڵاوکراوەی نوێ



# رسالة العلماء

مجلة دينية ثقافية يصدرها اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان



كوردستان - هەولێر